# ئاستی بەرپرسیاریەتی  کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

(توێژینەوەیەکی ڕووپێوییە بۆ رۆژنامەنووسانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی کارگێری زانکۆی پۆلیتەکنیکی – هەولێر کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن


لەلایەن

**لانە دیار حسن**

بەکالۆریۆس لە میدیا – زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر- 2019


بەسەرپەرشتی

**پ. ی. د. سامان جەلال**

هەولێر – کوردستان

2023

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم نامەی ماستەرە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە(ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووسان لە خستنەرووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا). هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی بەئاشکرا ئاماژەم پێ کردوون. هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هی خودی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردوونەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەرجێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکەم.

واژوو

ناوی قوتابی: لانە دیار حسن

ڕێککەوت:  /  / 2023

## پشتگیری و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆریی ڕاگەیاندن، من پشتگیری دەکەم و ڕازیم، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو: ________________

ناو: پ.ی.د. سامان جەلال مەولوود　　　　ڕێککەوت: / /2023

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو: ________________

ناو: م. مەنسور نورالدين حسن

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن　　　　ڕێککەوت: / /2023

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراوە، بۆیە من ڕازیم ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو: ________________

ناو: م.ی. کۆسار نجم الدين محمد

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ　　　　ڕێککەوت: / /2023

**بڕیاری لیژنەی تاقیکرنەوە**

ئێمە وەک لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان بە ناونیشانی(ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا) خوێندەوە و قوتابییەکەمان، کە ناوی (لانە دیار حسن) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆریی ڕاگەیاندن تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.د. ابراهیم سعید فتح الله
سەرۆکی لیژنە
ڕێککەوت: / / 2023

واژوو:
ناو: پ.ی.د. کارزان محمد احمد
ئەندام
ڕێککەوت: / / 2023

واژوو:
ناو: پ.ی.د. سیروان انور مجید
ئەندام
ڕێککەوت: / / 2023

واژوو:
ناو: پ.ی.د. سامان جلال مولود
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێککەوت: / / 2023

واژوو:
ناو: پ.ی.د. ئازاد احمد محمود
ڕاگری کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر
ڕێککەوت: / / 2023

## پێشکەشە

بە شەونخوونی و ماندووبوونی دایک و باوکی خۆشەویستم کە لە هەموو قۆناغێکی ژیانم هەمیشە پاڵپشتم بوونە و پشتگیریان کردووم

بە هەردوو برا ئەزیزەکانم کە هاندەر و هاوکارم بوونە

**توێژەر**

**سوپاس و پێزانین**

- ❖ سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە تەمەن و تەندروستی پێ بەخشیم و هاوکارم بوو تا بتوانم ئەم توێژینەوەیە بنووسم و پێشکەشی ئێوەی بکەم.
- ❖ سوپاس بۆ(پ.ی.د. سامان جەلال مەولوود) ئەرکی سەرپەرشتی توێژینەوەکەی لە ئەستۆ گرت، بە درێژایی نووســـینی توێژینەوەکە ڕێزی لە ڕاو و بۆچوونەکانم گرت و لەڕێگەی تێبینی و سەرنجەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەندتر کرد.
- ❖ سوپاس بۆ سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن.
- ❖ سوپاس بۆ مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندن.
- ❖ ســـوپاس بۆ یارمەتی و هاندانی هەر یەک لە، پرۆفیســـۆر دکتۆر هێرش ڕەســـوڵ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عەبدول خالق ئیبراهیم، دکتۆر زاهیر حەمەدەمین.
- ❖ سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستا و دکتۆرانەی کە بە وشەیەک بوو بێت ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوکار و یارمەتیدەرم بوونە.
- ❖ سوپاس بۆ سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتووگۆی ئەم توێژینەوەیە.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی **(ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)**، ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە. بە مەبەستی بەدەستهێنانی داتا و زانیاری ورد و دروست، توێژەر پشتی بە میتۆدی تێکەڵ (Mix Method) بەستووە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (200) ڕۆژنامەنووسی نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کە بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون. توێژەر دوو ئامرازی گرنگی لەم توێژینەوە بەکارهێناوە کە بریتیین لە: (فۆرمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن). فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێک هاتووە کە بەسەر ڕۆژنامەنووسان دابەشکراوە، هەروەها وەرگرتنی چەند مامۆستایەکی بەشی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی چاوپێکەوتن وەک چاودێری میدیایی و دەستەبژێری ئەکادیمی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و ئاراستەکردنی چەند پرسیارێکی گرنگ سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان. بەکارهێنانی ئەم دوو ئامرازە لەم توێژینەوەیە بە مەبەستی گەیشتنی توێژەرە بە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ. کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان. ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی هۆکارەکانی پابەند نەبوونی هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و دەرخستنی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان. گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوانگەی کۆمەڵگەوە لەوەدایە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ڕێگەی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ڕاگەیاندنەکان دروست دەبێت. لە ڕوانگەی زانستییەوە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و گرنگی پێدانی زیاتر بە بنەمای

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەرزکردنەوەی کوالێتی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان و کەمکردنەوەی گرفتە میدیایەکان لە کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنەکان. ئەم توێژینەوەیە گەیشتووەتە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ کە بریتیین لە:

- ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە ڕێژەییە، واتە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی بنەمای بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن لەکاتی ئاراستەکردنی پەیامە میدیاییەکان بۆ جەماوەر، لەهەمانکاتدا بەشێکیان بەرپرسیاریەتییەکەیان لە ئاستێکی لاوازدایە واتە وەک پێویست ڕەچاوی ئەم بنەمایە ناکەن.
- لە کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی کەمی ئاستی هۆشیاری بەشێک لە تاکەکانی و حەزکردنیان بە گەورەکردنی کێشەکان و قوڵکردنەوەی لایەنی نەرێنی بابەتەکان، بوونەتە هۆی هاندان بۆ کەمتەرخەمی لە ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لای هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان.

## پێرستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | بەڵێننامە |
| II | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| III | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| IV | پێشکەشە |
| V | سوپاس و پێزانین |
| VI – VII | پوختە |
| VIII | پێرستی بابەتەکان |
| XII | پێرستی وێنەکان |
| XII | پێرستی خشتەکان |
| XIII | پێرستی شێوەکان |
| XIV | پێرستی پاشکۆکان |
| 1 | پێشەکی |
| 4 – 24 | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە** |
| 4 | **تەوەری یەکەم/ ڕێکارەکانی توێژینەوە** |
| 4 | ١-١-١ کێشەی توێژینەوە |
| 4 | ١-١-٢ پرسیارەکانی توێژینەوە |
| 5 | ١-١-٣ ئامانجی توێژینەوە |
| 5 | ١-١-٤ گرینگی توێژینەوە |
| 6 | ١-١-٥ گریمانەی توێژینەوە |
| 7 | ١-١-٦ ئاستەنگییەکانی توێژینەوە |
| 7 | ١-١-٧ چەمکەکانی توێژینەوە |

| | |
|---|---|
| 9 | **تەوەری دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو** |
| 9 | ١-٢-١ توێژینەوە کوردییەکان |
| 9 | ١-٢-٢ توێژینەوە عەرەبییەکان |
| 14 | ١-٢-٣ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 15 | **تەوەری سێیەم/ تیۆری تایبەت بە توێژینەوە** |
| 15 | ١-٣-١ سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی |
| 16 | ١-٣-٢ بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 18 | ١-٣-٣ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیدا |
| 19 | ١-٣-٤ گرینگی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا |
| 21 | ١-٣-٥ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 23 | ١-٣-٦ ئامانجی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 25 – 62 | **بەشی دووەم: بەرپرسیاریەتی  کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان** |
| 25 | **تەوەری یەکەم/ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی** |
| 25 | ٢-١-١ چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 27 | ٢-١-٢ پێناسەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 29 | ٢-١-٣ بەشەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 30 | ٢-١-٤ ڕەهەندەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 31 | ٢-١-٥ جۆرەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 33 | ٢-١-٦ توخمەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی |
| 35 | ٢-١-٧بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی زانستی ڕاگەیاندنەوە بۆ ڕۆژنامەنووس |
| 36 | ٢-١-٨ ئاستەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس |
| 41 | ٢-١-٩ ئاستەنگییەکانی بەردەم بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لای ڕۆژنامەنووس |

| | |
|---|---|
| 44 | **تەوەری دووەم/ ئەرک و بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسان** |
| 44 | ٢-٢-١ چەمک و پێناسەی ڕۆژنامەنووس |
| 45 | ٢-٢-٢ بنەماکانی ڕۆژنامەنووس |
| 48 | ٢-٢-٣ ئامانج و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە |
| 51 | ٢-٢-٤ تایبەتمەندیەکانی کەسی ڕۆژنامەنووس |
| 53 | ٢-٢-٥ پێوەر و بەها ڕەوشتییەکانی پیشەی ڕۆژنامەنووس |
| 56 | ٢-٢-٦ ئاستەکانی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس |
| 57 | ٢-٢-٧ گرینگی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە لە لایەن ڕۆژنامەنووس |
| 58 | ٢-٢-٨ پەیماننامەی شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەنووسی |
| 59 | ٢-٢-٩ گرینگی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی بۆ کۆمەڵگە |
| 60 | ٢-٢-١٠ بنەما سەرەکییەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی |
| 62 | ٢-٢-١١ ئامانجەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی |
| 85 - 63 | **بەشی سێیەم: پەیامی میدیایی و کەناڵە ئاسمانییەکان** |
| 63 | **تەوەری یەکەم/ گرینگی پەیامی میدیایی و کاریگەریەکانی لەسەر جەماوەر** |
| 63 | ٣-١-١ پەیامی میدیایی |
| 64 | ٣-١-٢ ئەرکەکانی پەیامی میدیا |
| 66 | ٣-١-٣ مەرجەکانی پەیامی میدیایی |
| 67 | ٣-١-٤ تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتنی پەیامی میدیایی |
| 68 | ٣-١-٥ بەش و توخمەکانی پەیامی میدیایی |
| 70 | ٣-١-٦ کاریگەری پەیامی میدیایی لەسەر وەرگر |
| 71 | ٣-١-٧ بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵگە لەکاتی گەیاندنی پەیام |
| 72 | **تەوەری دووەم/ بەرپرسیاریەتی و گاریگەری پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان لەسەر کۆمەڵگە** |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-١ كەناڵە ئاسمانییەکان | 72 |
| ٣-٢-٢ كەناڵە ئاسمانییە كوردییەکان | 73 |
| ٣-٢-٣ كاریگەری پەیامی كەناڵە ئاسمانییەکان (كاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکان) | 75 |
| ٣-٢-٤ بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی كەناڵە ئاسمانییەکان | 80 |
| ٣-٢-٥ پەیامی میدیایی و كاریگەری كەناڵە ئاسمانییەکان | 81 |
| ٣-٢-٦ ئازادی و بەرپرسیاریەتی لە كەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنە كوردییەکان | 82 |
| ٣-٢-٧ ڕەوشتی پیشەی ڕۆژنامەنووس لە كەناڵەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیامی میدیایی | 83 |
| **بەشی چوارەم: لایەنی پراكتیكی توێژینەوە** | 138 - 86 |
| **تەوەری یەكەم/ ڕێكارەكانی میتۆدی توێژینەوە** | 86 |
| ٤-١-١ جۆر و میتۆدی توێژینەوە | 86 |
| ٤-١-٢ كۆمەڵگای توێژینەوە | 86 |
| ٤-١-٣ نموونەی توێژینەوە | 86 |
| ٤-١-٤ بوارەكانی توێژینەوە | 87 |
| ٤-١-٥ كەرستەی توێژینەوە | 87 |
| ٤-١-٦ پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی | 87 |
| ٤-١-٧ ڕادەی جێگیری توێژینەوە | 88 |
| ٤-١-٨ شێواز و ئامرازە ئامارییە بەكارهێنراوەكان لە توێژینەوەكەدا | 89 |
| **تەوەری دووەم/ شیكردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و خستنەڕووی وەڵامی پرسیارەكانی چاوپێكەوتن** | 90 |
| ٤-٢-١ خستنەڕووی داتاكان و شیكردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی | 90 |
| ٤-٢-٢ پرسیارە گشتییەكان | 91 |
| ٤-٢-٣ پرسیارە تایبەتییەكان | 100 |
| ٤-٢-٤ تاقیكردنەوەی گریمانەكانی توێژینەوە | 111 |

| | |
|---|---|
| ٤-٢-٥ ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی | 115 |
| ٤-٢-٦ چاوپێکەوتنەکان | 117 |
| دەرئەنجامەکان | 133 |
| پێشنیازەکان | 136 |
| ڕاسپاردەکان | 137 |
| سەرچاوەکان | R139 |
| پاشکۆکان | A160 |
| پوختوی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | A-B |


## پێرستی وێنەکان


| وێنەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| وێنەی ژمارە (1) | 40 |


## پێرستی خشتەکان


| خشتەکانی بەشی چوارەم | لاپەڕە |
|---|---|
| خشتەی ژمارە (1): ڕادەی جێگیریی تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی بە بەکارهێنانی (الفا کرومباخ) alpha Cronbach | 88 |
| خشتەی ژمارە (2) گۆڕاوەکانی ڕاپرسیی ڕوون دەکاتەوە | 90 |
| خشتەی ژمارە (3) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی ڕەگەز | 91 |
| خشتەی ژمارە (4) دابەشبوونی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی قۆناخەکانی تەمەن | 92 |
| خشتەی ژمارە (5) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی ئاستی خوێندن | 94 |
| خشتەی ژمارە (6) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی ساڵانی ئەزموون و شارەزایی لە بواری میدیادا | 95 |
| خشتەی ژمارە (7) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژان، بە گوێرەی ناونیشانی پیشەیی | 97 |

| | |
|---|---|
| 99 | خشتەی ژمارە (8) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژان بە گوێرەی کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانە |
| 101 | خشتەی ژمارە (9) وەسفکردنی تەوەری ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا |
| 104 | خشتەی ژمارە (10) وەسفکردنی تەوەری لێکەوتەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا |
| 108 | خشتەی ژمارە (11): وەسفکردنی تەوەری هۆکارەکانی کەمی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا |
| 112 | خشتەی ژمارە (12) ئەنجامی تێستی (T) بۆ تێستکردنی گریمانەکانی توێژینەوەکە |


## پێرستی شێوەکان


| لاپەڕە | شێوەکان |
|---|---|
| 91 | شێوەی ژمارە (1) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی ڕەگەز |
| 92 | شێوەی ژمارە (2) دابەشبوونی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی قۆناخەکانی تەمەن |
| 94 | شێوەی ژمارە (3) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی ئاستی خوێندن |
| 96 | شێوەی ژمارە (4) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی ساڵانی ئەزموون و شارەزایی لە بواری میدیادا |
| 97 | شێوەی ژمارە (5) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژان، بە گوێرەی ناونیشانی پیشەیی |
| 99 | شێوەی ژمارە (6) دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژان بە گوێرەی کاتژمێرانی کارکردنی ڕۆژانە |
| 102 | شێوەی ژمارە (7) وەسفکردنی تەوەری ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا |
| 106 | شێوەی ژمارە (8) وەسفکردنی تەوەری لێکەوتەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا |
| 109 | شێوەی ژمارە (9) وەسفکردنی تەوەری هۆکارەکانی کەمی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا |

## پێرستی پاشکۆکان


| لاپەڕە | پاشکۆکان |
| --- | --- |
| A160 | پاشکۆی (1) فۆڕمی ڕاپرسی |
| A162 | پاشکۆی (2) پێوەری ڕاسی و ڕواڵەتی |

**پێشەکی**

ڕۆژنامەنووسان بەشێکی گرنگن لە گەشەی هەر کۆمەڵگەیەک و پێوەرێکن بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکانیان. پیشەی ڕۆژنامەنووسی سەرەڕای ئەوەی ئەرکێکی قورسە بەهەمان شێوە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە، چونکە ئاستی ڕۆشەنبیری و هۆشیاری و زانینی ڕۆژنامەنووس کاریگەری لەسەر جەماوەر و ئەو هەواڵ و زانیاریی و ڕووداو و پێشهاتە گرنگانە هەیە کە لە کۆمەڵگە ڕوودەدەن. پیشەی ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکی جوان و پیرۆزە، وەک هەر پیشەیەکی تر ئەرک و بەرپرسیاریەتی خۆی هەیە، چونکە ئەرکی ڕۆژنامەنووس گەیاندنی پەیام و ڕاستیەکانە بە کۆمەڵگەکەی، ئەمە پێویستی بە بەرپرسیاریەتی و کۆمەڵێک بنەمای ئیتیکی هەیە. ڕاستە هەموو ڕۆژنامەنووسێک بۆ بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەی کە پیشەی ڕۆژنامەنووسییە پێویستی بە ئازادی کارکردن و ئازادی ڕادەربڕین هەیە، بەڵام ئەم ئازادیە پێویستە لە چوارچێوەی بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتیدا بێت، ڕۆژنامەنووسان مامەڵەیەکی درووست لەگەڵ ئەو ئازادییە بکەن و نەبێتە هۆکاری کاریگەری خراپ لەسەر کۆمەڵگە.

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی بنەڕەتی و بنەمایەکی گرنگە، ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان پێیەوە پابەند دەبن، بۆ ئەوەی متمانە و ڕاستگۆیی لە نێوان خۆیان و جەماوەرەکانیان دروست بکەن. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پەیامی میدیایی بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە، لە پلەی یەکەمدا دەکەوێتە سەرشانی ڕۆژنامەنووس لە ڕێگەی هۆشیاری و ویژدانی پیشەیی و ڕۆڵی ئەرێنی بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری لەناو کۆمەڵگەکەیدا و کارکردن بۆ پەرەپێدانی بەها ئیتیکییەکان تیایدا. بۆیە لەسەر کەسی ڕۆژنامەنووس پێویستە بە ئەمانەتەوە پەیام و زانیارییەکان بە جەماوەر بگەیەنێت.

چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ئێستادا لە هەموو بوارەکان گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن، وەک بنەمایەکی گرینگی ئیتیکی بۆ پیشەی

ڕۆژنامەنووسی لەپێناو پاراستن و بەرژەوەندی کۆمەڵگە دادەندرێت، بۆ ئەوەی لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژنامەنووسان کارەکانیان ئەنجام بدەن. بەڵام لە ڕاگەیاندنی کوردی نەتوانراوە وەک پێویست گرینگی بەم چەمکە بدرێت و بە هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانە ئاشنا بکرێت کە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان کاردەکەن. بۆیە هەندێکجار بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی کورد پێشێلی ئەو بنەما ئیتیک و بەرپرسیاریەتییە دەکەن کە لەئەستۆیان دایە، ڕەچاوی لایەنی بابەتیبوون و بێلایەنی لەکاتی ئەنجامدانی پیشەکەیان و گەیاندنی پەیامەکان ناکەن، لە کاتی دیاریکراودا بۆ مەرامەکانیان و بەناوی ئازادی ڕادەربڕین ئامادەن ئاسایشی کۆمەڵایەتی بشێوێنن، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕینی ڕاستی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکە و لەدەستدانی متمانەی جەماوەر.

ئەو کێشانەی کە ئێستا لە ناو ڕاگەیاندنی کوردی دەبینرێت هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ هاندانی توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئەم بابەتە. ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا). گرینگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی گرنگی و لێکەوتەکانی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییەکان.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێک دێت. بەشی یەکەم پێک دێت لە سێ تەوەر، تەوەری یەکەم لە چوارچێوەی توێژینەوە پێک دێت کە (کێشەی توێژینەوە، پرسیارەکانی توێژینەوە، ئامانج، گرینگی، گریمانە، چەمکەکان)ی توێژینەوە دەخاتە ڕوو. تەوەری دووەم توێژینەوەکانی پێشوو و گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو لەخۆ دەگرێت. تەوەری سێیەم تایبەتە بە تیۆری بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە، دەرباری سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و گرینگی و کارپێکردنی لە بواری ڕاگەیاندنە، هەروەها بنەما و ئامانجەکانی.

بەشـــی دووەمی توێژینەوەکە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە، لە دوو تەوەر پێک دێت، لە هەریەک لەم تەوەرانە کۆمەڵێک بابەتی گرینگ خراوەتە ڕوو. تەوەری یەکەم بە ناونیشـــانی (بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان) کۆمەڵێک بابەتە سەبارەت بە چەمکی بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی و گرینگی ئەم چەمکە بۆ ڕۆژنامەنووســـان. تەوەری دووەم بەناونیشانی (ئەرک و بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس) بەهەمان شێوە کۆمەڵێک بابەت لەخۆ دەگرێت.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێک دێت. باس لە پەیامی میدیایی دەکات و دەی بەســتێتەوە بە بەرپرســیاریەتی ڕۆژنامەنووســان و کەناڵە ئاســمانییەکان. تەوەری یەکەم کۆمەڵێک بابەت لەخۆ دەگرێت دەربارەی گرینگی پەیامی میدیایی و کاریگەریەکانی لەســـەر جەماوەر. تەوەری دووەم پێک دێت لە چەند بابەتێکی گرینگ دەربارەی بەرپرســـیاریەتی و گاریگەری پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان لەسەر کۆمەڵگە.

بە شی چوارەمی ئەم توێژینەوە، لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، بە شێکی گرینگە لە توێژینەوەی زانســـتی بە هۆی خســـتنەڕووی داتا و زانیاریەکان ســـەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە و گەیشتنی توێژەر بە دەرئەنجامی گرنگ. ئەم بەشــە لە سێ تەوەر پێک دێت. تەوەری یەکەم ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە دەگرێتەوە، وەک جۆر و میتۆدی توێژینەوە، نموونە و کۆمەڵگا و بوارەکانی توێژینەوە، کەرستە و ئامرازەکانی توێژینەوە. تەوەری دووەم شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و سەلماندنی گریمانەکان و خستنەڕووی وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن لەخۆ دەگرێت. لە تەوەری ســـێیەمدا گرینگترین دەرئەنجام و پێشـــنیار و ڕاسپاردەکان دەخرێنە ڕوو.

لە کۆتایی توێژینەوەکە لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیە، لەگەڵ پاشکۆکان و پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم/ ڕێکارەکانی توێژینەوە

١-١-١ کێشەی توێژینەوە

١-١-٢ پرسیارەکانی توێژینەوە

١-١-٣ ئامانجی توێژینەوە

١-١-٤ گرینگی توێژینەوە

١-١-٥ گریمانەی توێژینەوە

١-١-٦ ئاستەنگییەکانی توێژینەوە

١-١-٧ چەمکەکانی توێژینەوە

### تەوەری دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

١-٢-١ توێژینەوە کوردییەکان

١-٢-٢ توێژینەوە عەرەبییەکان

١-٢-٣ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

### تەوەری سێیەم/ تیۆری تایبەت بە توێژینەوە

١-٣-١ سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی

١-٣-٢ ڕۆژنامەنووسان و تیۆری بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی

١-٣-٣ بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

١-٣-٤ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیدا

١-٣-٥ گرینگی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا

١-٣-٦ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

١-٣-٧ ئامانجی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

## تەوەری یەکەم/ ڕێکارەکانی توێژینەوە

### ١-١-١ کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان. گرینگی ئەم بابەتە بووە هۆکارێک بۆ هاندانی توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی دەرخستنی (ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووسان لە خستنەرووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا).

### ١-١-٢ پرسیارەکانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە چەند پرسیارێکی لەخۆگرتووە کە بریتین لە:

١- ئایا تا چەند ڕۆژنامەنووسان لە ڕووی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان بە بەرپرس دەزانن؟

٢- ئایا ئاکاری پیشەی ڕۆژنامەنووس کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو پەیامانە هەیە کە ئاراستەی کومەڵگەی دەکات؟

٣- ئایا ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە کاریگەرییان لە ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە هەیە؟

٤- هۆکارەکانی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لای هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

٥- لایەنە ئەرێنییەکانی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە چین؟

٦- ئەو ڕێ و شوێنانە چین کە پێویستە بگیرێنەبەر تاوەکو ڕۆژنامەنووسان لەکاتی ناردنی پەیامە میدیاییەکاندا، پابەندی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بن؟

### ١-١-٣ ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١- زانینی ئاستەنگییەکانی بەردەم پابەند نەبوونی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی.

٢- دەرخستنی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان.

٣- زانینی پێگەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

٤- دەرخستنی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە و کاریگەرییان لە ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لای ڕۆژنامەنووسان.

٥- دەرخستنی چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ ئەو هەواڵ و زانیاریانەی کە ئاراستەی کۆمەڵگەی دەکەن.

### ١-١-٤ گرینگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گرینگە بۆ رۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن لەبەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگە و بەناوی ئازادی ڕادەربڕین نەبنە هۆی کێشە، بەڵکو بە بەرپرسیاریەتی و زۆر بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ زانیاری و داتاکان و گواستنەوەی هەواڵ و دیمەنەکان بکەن.

- گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوانگەی کۆمەڵگەوە لەوەدایە دەبێتە هۆی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ڕێگەی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ڕاگەیاندنەکان دروست دەبێت.

- گرینگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی زانستییەوە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و گرنگی پێدانی زیاتر بە بنەمای بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەرزکردنەوەی کوالێتی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان و کەمکردنەوەی گرفتە میدیایەکان لە کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنەکان.

**١-١-٥ گریمانەی توێژینەوە**

گریمـــانە گوزارشـــتە لە کۆمەڵێــک ئەنجــامی پێشــوەختە کە تــوێژەر لەبەرچاویـــان دەگرێـت، تــاوەکو لەڕێــگەی هەنگاوەکــانی تــوێژینەوە، بەشــێوەیەکی لــۆژیکی بگــات بەو گریمانانە.

١- ڕۆژنامەنووســـانی کوردســـتان پابەنـــد نـــین بە ڕەچـــاوکردنی بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی.

٢- ڕۆژنامەنووســان لە گەیانــدنی پەیــامە میــدیاییەکان ڕەچــاوی بەرژەوەنــدی گشــتی ناکەن.

٣- ئاکــاری پیشــەی ڕۆژنامەنووســان کــاریگەری و ڕەنگــدانەوەی لەســەر ئەو پەیامــانە هەیە کە ئاراستەی کومەڵگەی دەکەن.

٤- ڕۆژنامەنووســـانی کوردســـتان لەڕێـــگەی بڵاوکـــردنەوەی پەیـــامە میـــدیایەکان بوونەتە هۆی شێواندنی کۆمەڵگە و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٥- ڕۆژنامەنووسان کاریگەریان لەسەر گۆڕینی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان و بەلاڕێبردنی جەماوەر هەیە.

### ١-١-٦ ئاستەنگییەکانی توێژینەوە

- نەبوونی توێژینەوە و سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی سەبارەت بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە.

- ڕاستگۆیانە وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی لای هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان.

- هەندێک لە دامودەزگا ڕاگەیاندنەکان و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئامادە نەبوون بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردن لە پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی لەلایەن ڕۆژنامەنووسەکانیانەوە.

### ١-١-٧ چەمکەکانی توێژینەوە

چەمکەکانی توێژینەوە یەکێکن لە بەشە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی، چونکە وەکو بەرچاوڕونیەک وایە بۆ خوێنەر تا بزانێت مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم چەمکانە چین لەم توێژینەوەیەدا، دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو بابەتی توێژینەوەکە، گرینگترین چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە برتیین لە:

**بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی**: پرسێکی ئاکاری و ئینسانی و مرۆیی و سایکۆلۆژیە. هەستکردنی تاک یان دەزگا یاخود هەر لایەنێکی دیکەی کۆمەڵگەیە بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە خۆیان و دەوروبەریان.

**ڕۆژنامەنووس** ئەرکی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر ڕووداوە گرینگەکان و ئەو کێشانەی کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگە ڕوو دەدات، دواتر لەشێوەی ڕاپۆرت یاخود هەواڵ لەرێگەی ئامرازەکانی

ڕاگەیاندنی وەک (تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان) ئاراستەی وەرگری دەکات.

- **پەیام:** پەیام بریتییە لە کۆمەڵێک مانا کە نێرەر بۆ وەرگری ڕەوانە دەکات، بەمەبەستی دروستکردنی گاریگەری لەسەر وەرگر یاخود کارتێکردن یان ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری وەرگر، پێویستە ئەو پەیامە ناوەڕۆک و شێوەیەکی هەبێت و کە بە هۆی ئامرازێکەوە ئاراستە دەکرێت.

- **میدیا:** ئەو پرۆسەیەیە کە بەدەستکەوتنی زانیارییەکی گرینگ لەلایەن نێرەرەوە دەست پێدەکات، کە شایەنی گواستنەوە و بڵاوکردنەوەیە بۆ جەماوەر.

- **پەیامی میدیایی:** پەیامی میدیایی ئەو زانیاریەیە کە لە سەرچاوەیەکەوە دەنێردرێت بۆ وەرگرێک. کە مانای گەیاندنی زانیاریەکی دیاریکراوە بە شێوەیەکی دیاریکراو. پەیامە میدیایەکان لەلایەن کەسێکەوە لەرێگای کەناڵێک یان ئامرازێکی دیاریکراوەوە دەگوازرێتەوە بۆ تاک و کۆمەڵگە. بەواتایەکی تر گەیاندنی بیرۆکەیەکی دیاریکراوە لە کەسانێکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا.

- **کەناڵە ئاسمانییەکان:** جۆرێکن لە پلاتفۆرمی ڕاگەیاندن لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوودا سەریان هەڵدا، بەمەبەستی دابینکردنی ناوەڕۆکی میدیایی لە بوارە جیاجیاکاندا، کە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە ئاراستەی  جەماوەرێکی نادیار دەکرێت.

**تەوەری دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو**

**١-٢-١ توێژینەوە کوردییەکان**

- توێژینەوەی (ئاریان فەرەج عەبوڵڵا - 2011) بە ناونیشانی **"بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس لە دیدی ڕابەڕانی "ڕا"وە"** (نامەی ماستەر). زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب، ڕاگەیاندن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسانە بەو بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتیەی کە لە ئەستۆیان دایە، هەروەها ڕۆژنامەنووسانی کام جۆری ڕاگەیاندن لەوانی دیکە بەرپرسیارانەتر مامەڵە دەکان. لەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی بەکارهەتووە و توێژەر پشتی بە ئامرازی ڕاپرسی بەستووە. توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەسەر ڕابەرانی "ڕا" دابەشکردووە بۆ گەیشتن بە ئەنجام. ئەم توێژینەوە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە مامەڵەی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەرپرسیارانە نییە و وەک کە یاسا بەرکارەکان و دامەزراوە پەیوەندارەکان نەیانتوانیووە ببنە مایەی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە.

**١-٢-٢ توێژینەوە عەرەبییەکان**

- توێژینەوەی (حسن خليفة – 2020) بە ناونیشانی **"المسؤولية الاجتماعية للبرامج الحوارية في التلفزيون البحريني في تناول أداء السلطة التشريعية"**. مجلة البحوث الإعلامية (مصر، كلية الإعلام جامعة الأزهر). ئەم توێژینەوەیە ئامانجی چاودێری و شـــیکردنەوەی ڕەهەندەکانی بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی بەرنامە گفتوگۆییەکانە، لە تەلەفزیۆنی بەحرەین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەدای دەسەڵاتی یاسادانان. هەروەها دەستنیشانکردنی گرنگترین تێزەکان کە لەلایەن گوتاری میدیاییەوە لە بەرنامە گفتوگۆیەکاندا سـەبارەت بە دەسـەڵاتی یاسـادانان پێشـکەش دەکرێن. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، کە پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە. توێژەر شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ گەیشـــتن بە دەرئەنجامەکان بەکارهێناوە، لە ڕێگەی وەرگرتنی چەند زنجیرەیەکی بەرنامە گفتوگۆیەکان. توێژینەوەکە گەیشـــتە ئەو دەرئەنجامەی

که بەرنامە گفتوگۆییەکان پابەندبوونێکی گەورەیان بە بەرپرسیاریەتیە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە هەبووە لەکاتی چارەسەرکردنی ئەدای یاسادانان لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەنجامەکان ئاماژەیان بەو یاسایانە کرد کە شانشینی بەحرەین لەڕێگەی زنجیرەیەک یاساوە ئەزموونی کردووە کە بووەتە هۆی پێشکەوتن لە هەموو بوارەکاندا.

- توێژینەوەی ( میادة عبدالعال – 2018) بە ناونیشانی **"البرامج الحوارية في التليفزيون المصري وعلاقتها بالحرية والمسئولية الاجتماعية"**. مجلة البحث العلمي في الآداب (مصر، جامعة عين شمس - كلية البنات للآداب والعلوم والتربية). ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتی بوو لەوەی تا چەند بەرنامە گفتوگۆییەکانی کەناڵە مسرییەکان پابەندن بە بنەماکانی ئازادی و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها دیاریکردنی جۆری بابەت و کێشە و پرسە گرینگەکان لە بەرنامانە گفتوگۆییەکان و ئەو لایەنە پیشەیی و ئەخلاقیانەی کە لەم بەرنامانە ڕەنگدانەوەیان هەیە. ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە توێژینەوە وەسفییەکان کە پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە، شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گەیشتن بە دەرئەنجام. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی ڕێژەی بەرنامە گفتوگۆییە ڕاستەوخۆیەکان لەو کەناڵانەی کە توێژەر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ کردوون زیادی کردووە و گەیشتووەتە 100%. هەروەها لایەنە ئەرێنییەکانی ئەدای پەیوەندیکەری بەرنامە بەڕێژەی 95.8% بریتی بوو لە "ڕێزگرتن لە بینەر لە پێشکەشکردنی بابەتە میدیاییە جدییەکان". لایەنە نەرێنییەکانی ئەدای پەیوەندیکەری بەرنامە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە هەیە و جێهێشتنی بەڕێوەبردنی گفتوگۆی بەرنامەکە بۆ میوان بە ڕێژەی 36.7% .

- توێژینەوەی (فاتن عبدالرحمن الطنباري – 2017) بە ناونیشانی **"المسئولية الاجتماعية لمقدمي البرامج الحوارية في الفضائيات المصرية"**. مجلة دراسات الطفولة، (مصر، جامعة عين

شــمس  كلية الدراســات العليا للطفولة). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشــنابوون بە بەرنامە گفتوگۆیەکانی کەناڵە ئاسمانییە مسرییەکان و ڕۆڵیان لە بەهێزکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی پەیوەندی نێوان پێشــکەشــکارانی بەرنامەی گفتوگۆ لە کەناڵە ئاســمانییە مســرییەکان و بەرپرســیاریەتی کۆمەڵایەتی. هەروەها دەســتنیشــانکردنی جۆری بابەت و کێشــە و پرســە گرینگەکان لە بەرنامە گفتوگۆییەکانی کەناڵە ئاســمانییە مســرییە دیاریکراوەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە و دەستنیشانکردنی ئەو لایەنە پیشەیی و ئەخلاقیانەی کە ڕەنگدانەوەیان لە بەرنامە گفتوگۆییەکانی کەناڵە ئاسـمانییە مسـرییەکاندا هەیە. ئەم توێژینەوە یەکێکە لە توێژینەوە وەسفییەکان، کە پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ چوار بەرنامەی گفتوگۆی مەبەستدار لە کەناڵە ئاسمانییە میسریەکان کردووە. توێژەر گەیشــتۆتە ئەو دەرئەنجامانەی کەوا ئەو ناوەڕۆکانەی کە پێشــکەشــکاران تیایدا پابەندبوون بە بەرپرســیاریێتی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوە بە پلەی یەکەم بابەتی (کۆمەڵایەتی)ە بە ڕێژەی 73.8%، لە پلەی دووەمـدا (ڕووداو و تـاوان) بە ڕێژەی 60%، پاشــان لە پلەی ســێیەم (ســیاســی) بە ڕێژەی 44.4%. هەروەها ئەو ناوەڕۆکانەی کە پێشکەشکاران تیایدا پابەند نەبوون بە بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوە بە پلەی یەکەم بابەتی (ســیاســی)ە بە ڕێژەی 27.2%، پاشــان لە پلەی دووەم بابەتی (کۆمەڵایەتی) بە ڕێژەی19.1%، پاشان لە پلەی سێیەم (ئابووری) بە ڕێژەی 11.7%.

- توێژینەوەی (محمد عبود مهدي – 2012) بە ناونیشانی **"المسؤولية الاجتماعية للصحفيين العراقيين".** العراق، مجلة أهل البيت. ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی سنووری ئەو بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتیەیە کە ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراقی بەرامبەر بە خۆیان و کۆمەڵگەکەیان پراکتیزەی دەکەن. توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشتی بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە و تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە. هەروەها ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی وەک ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا بەکارهێناوە، فۆڕمەکە بەسەر

ئەو کەسانەی کە ئەزموونیان لە کاری ڕاگەیاندن هەیە، هەروەها بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی فۆرمەکەیان بەسەر دابەشکراوە، هەروەها پسپۆڕان و مامۆستایانی کۆلێژی ڕاگەیاندن دابەشکراوە. ئەم توێژینەوەیە گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامانەی کەوا ئەو گەشەکردن و گۆڕانکاریانەی کە لە بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەگەری لە عێراق ڕوویداوە، دوای هەشت ساڵ واتە لەساڵی 2003 تاوەکو 2011 گۆڕانکارییەکان سنووردار بوون، واتە هێشتا نەگەیشتووە بە ئاستێکی بەرز لە بەرپرسیاریەتی لەبەر چەند هۆکارێکی گرنگ لەوانە:

- نەبوونی هۆکارەکانی ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی و جێبەجێ نەکردنی ئەو مادده دەستووریانەی کە ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری دیاری دەکەن.
- بەکارهێنانی ڕاستگۆیی و بێلایەنی لە ڕۆژنامەگەری ناوخۆیدا بە شێوەیەکی مامناوەند بووە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان کە وێنە و بابەتی نابەجێ بڵاو دەکەنەوە کە پێچەوانەی ئادابی گشتییە، بوونەتە هۆکارێکی سەرەکیی بۆ نزمی ئاستی بەرپرسیاریەتی لە ڕاگەیاندنی عێراقدا.
- بەرپرسیاریەتی لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردن، کۆنترۆڵکردن و پێدانی زانیاری دروست بە خەڵک لە ڕۆژنامەگەری عێراقدا بەشێوەیەکی مامناوەندە، بەهۆی کارکردنی بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان لەسەر ووروژاندن و گەیاندنی هەواڵی خێرا بە خەڵک بە ئامانجی کۆکردنەوەی جەماوەرێکی زۆرتر.

– توێژینەوەی (أمال حسن محمد الغزاوي – 2009) بە ناونیشانی **"المسئولية الاجتماعية للبرامج الحوارية التليفزيونية اليومية في تناول الأداء الحكومي"**. المجلة المصرية لبحوث الرأي العام (جامعة القاهرة – كلية الإعلام ). ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە دەستنیشانکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بەرنامەکانی گفتوگۆی ڕۆژانەی تەلەفزیۆنی، لە مامەڵەکردن

لەگەڵ ئەدای حکومەتـدا. ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی وەســـفییە، میتۆدی ڕووپێوی بۆ وەرگرتنی سێ بەرنامەی گفتوگۆی "البیت بیتک، العاشرة مساء، القاهرة الیوم" بەکارهاتووە و پشتی بە تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بەستووە. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەڕووی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان کەناڵە تایبەتەکانی حکومەت لە ئاستی ئەدای حکومەتدا، بە نیشاندانی لاوازی ئەدای حکومەت و گرنگیدان بە نەرێنییەکان و پشـتگوێخسـتنی ئەرێنییەکان. هەروەها ئەنجامەکان دەریانخسـتووە کە 68.3%ی بڕگەکانی بەرنامەی گفتوگۆی نموونەی توێژینەوەکە ڕەخنەیان لە ئەدای حکومەت گرتووە، لە کاتێکدا 31.7%ی ئەو بڕگانە هیچ ڕەخنەیەکیان نەبووە.

– توێژینەوەی (نرمین زکریا الخضـر – 2008) بە ناونیشـانی **"اتجاهات القائمین بالاتصـال نحو مفهومي الحریة والمسئولیة الاجتماعیة في الصحافة المصریة فی الألفیة الثالثة"**. (جامعة القـاهرة – کلیـة الإعلام). ئـامـانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئـاراســتەکـانی پەیوەندیکردن بەرامبەر چەمکەکانی ئازادی و بەرپرســیاریەتی کۆمەڵایەتی لە چاپەمەنی میســردا لە هەزارەی ســێیەمدا. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسـفییە، لەسـەر بنەمای کۆمەڵێک تیۆر و ڕێبازی زانســتی وەک تیۆری بەرپرســیاریەتی کۆمەڵایەتی و تیۆری پاسەوانی دەرگا دانراوە. هەروەها توێژەر ئامرازی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە. لەم توێژینەوەیە فۆڕمی ڕاپرسی بەسەر 100 ڕۆژنامەنووس کە لە ڕۆژنامەکانی (الأهرام والوفد والمصـــري الیوم) کاردەکەن دابەشـــکرا. توێژینەوەکە گەیشـــتە چەند دەرئەنجامێک لەوانە: خاوەندارێتی بە شێوەیەکی سەرەکی کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەوانی لە ڕووی دیاریکردنی فۆرم و کوالیتی و شـێوازی ناوەڕۆکی پێشـکەشکراو هەیە. شـێوازی خاوەندارێتی ڕۆژنامەی (الأهرام)ی نەتەوەیی، (الوفد)ی حزبی، (المصـري الیوم)ی تایبەتی، بە فاکتەرێکی ناکاریگەر و ناکارا لەســـەر ئاراســـتەی پەیوەندیکەران بەرامبەر بە چەمکەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. هەروەها گۆڕاوە دیمۆگرافی

و کەسـی و تایبەتمەندییە پیشـەییەکانی پەیوەندیکەرانی نموونەی توێژینەوەکە بە هۆکارێکی ناکاریگەر لە ئاراستەکانیان بەرامبەر بە چەمکەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

### ١-٢-٣ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

سەرجەم ئەو توێژینەوانەی وەک توێژینەوەی پێشوو لێرەدا هەڵبژێردراون و خراونەتە ڕوو، هەموویان ڕێبازی وەسـفیان بەکار هێناوە. هەندێک لەو توێژینەوانە بۆ گەیشـتن بە ئەنجام پشـتیان بە ئامرازی ڕاپرسـی بەسـتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا، بەشـێکی تر لەو توێژینەوانە پشـتیان بە شـیکردنەوەی ناوەڕۆک بەسـتووە، هەروەها هەندێکیان ئامرازی چاوپێکەوتنیان بەکارهێناوە. هەریەک لەو توێژینەوانە لەشـوێنی جیاواز ئەنجام دراون و هەریەکەیان کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەی جیاوازیان وەرگرتووە.

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لێرە وەک توێژینەوەی پێشـوو بەکارهاتوون تیشـک دەخەنە سـەر بنەمای بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی، هەروەها تیشکیان خستۆتە سـەر ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پابەندبوون بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە بەرنامە گفتووگۆیەکانی تەلەڤزیۆن.

بەشێک لەو توێژینەوانە ئاماژەیان بە بایەخ و پێویستی هەبوونی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و گرنگیەکەی کردووە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان، بەشـێکیان وەک بنەمایەکی گرنگ بۆ پێشـکەوتن لە بواری ڕاگەیاندن ئاماژەیان پێکردووە. هەندێک لەو توێژینەوانە بەشـێک لەو لێکەوت و دەرهاوێشـتانەیان وەک دەرئەنجام خسـتۆتەڕوو کە لە ئەنجامی پابەندنەبوون بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە.

خـاڵی لێکچوونی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ کۆی ئەو توێژینەوانەی کە لێرە وەک توێژینەوەی پێشـوو بەکارهـاتوون، ئەوەیە کە هەموویـان ڕێبـازی وەسـفییـان لە توێژینەوەکـانیـان بەکارهێناوە، هەروەها باس لە چەمکی بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن وەک بنەمایەکی

گرنگ بۆ کارکردن لە بواری ڕاگەیاندن. خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی تر بریتییە لەوەی ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسانە بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان، جیاواز لە توێژینەوەکانی تر کە تەنها تیشکیان خستۆتە سەر چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە بەرنامە و کەناڵەکان تەلەڤزیۆنییەکان. هەروەها ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی دەرئەنجام و شوێن و کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە جیاوازە لە توێژینەوەکانی تر.

## تەوەری سێیەم/ تیۆری تایبەت بە توێژینەوە

### ١-٣-١ سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی

تیۆری بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە تیۆرە گرینگەکانی ڕاگەیاندن. ئەم تیۆرە بیرو باوەڕێکی نوێ بوو بۆ ڕاگەیاندن کە لە ساڵی (١٩٤٧) لە دەرئەنجامی ئەو کەموکوری و ئازادییە ڕەهایەی تیۆری لیبرالیزم هاتە ئاراوە. تاوەکو میدیا بخاتە سەر ڕێگایەکی ڕاست و دروست، لەو کێماسییانەی کە هەیە دووری بخاتەوە. لە هەمان کاتدا بەرپرسیاریەتی بەرامبەر کۆمەڵگە بگرێتە بەر. لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ "ئازادی ڕۆژنامەگەری" لیژنەیەک لە دوازدە پرۆفیسۆری ئەکادیمی پێکهات، بۆ پێداچوونەوە بە تیۆری لیبڕالیزم (MCQUAIL. 2010, 147).

کاتێک توێژینەوەیەکی ئەمریکی لە گۆڤاری تایم و دەزگای زانیاری بەریتانیا بڵاوکرایەوە، توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ڕۆژنامەگەری ئازاد و بەرپرس)، دواتر توێژینەوەیەکی تر بەناوی (ڕۆژنامەگەری ئازاد) بڵاوکرایەوە. لیژنەکە دانی بەوە دانا ناکرێت ئازادی ڕۆژنامەگەری لەسەر ڕۆژنامەگەری (ڕوو زەرد) بە بەردەوامی بمێنێتەوە. ڕۆژنامەگەری (ڕوو زەرد) لەسەر بنەمای ورووژاندن دەژی و زیاتر بایەخ بە ڕەگەزەکانی ئەو بابەتانە دەدات کە هەستیار و ورووژێنەرن لە پیناو زیادکردنی جەماوەر. بۆیە پێویستە بەرپرسیاریەتی دیاری بکرێت

لەلایەن کۆمەڵگە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسێک بیرۆکە و بەها و ڕەوشتی هەیە و نابێ ئازادی ڕەهای خۆی لە خراپ بەکارهێنانی کۆمەڵگە بەکاربهێنێت. لیژنەکە داوای دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕۆژنامەوانی کرد، کە لە ڕۆژنامەنووسان پێکهاتبوو. هەروەها بیرۆکەکانی (جۆن میلتۆن) فەیلەسوفی ئەمەریکی و (جێفەرسۆن) نووسەری بەریتانی، بەشداریان کرد لە دەرکەوتنی چەمکی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی لە سەدەی بیستەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو بۆچوونانەی کە بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ئەمریکا دادەنرێت لە ساڵی (1948)، کە پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە کۆمەڵێک پێوەری پیشەیی دەگرێتەوە (خوالدە 2021، 11-12)

### ١-٣-٢ بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی

تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندن سەریهەڵدا بۆ بەرزکردنەوەی چەمکی بەرپرسیاریەتی لە ڕاگەیاندنەکان. ئەم تیۆرە بیرۆکەی ئازادی بەرپرسیاریەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، نەوەک ئازادی ڕەها. بۆیە بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە میدیاکاندا هەوڵیاندا سەرەتا ڕۆژنامەگەری ئازاد بکەن، دواتر بە تەواوی میدیا لە دەست دەسەڵاتخوازانی چەند توێژێکی کۆمەڵگە ئازاد بکەن، لە پەیامی میدیایدا کار لەسەر بابەتیبوون بکەن. لەگەڵ ئەوەدا ئەم تیۆرە بەهاکان لە کۆمەڵگەدا دەپارێزێت، ئەم بەهایانە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە، هەروەها میدیاکان لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت دەهێڵێتەوە. ئەو بنەمایانەی کە بۆ تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندنەکان دانراون بریتیین لە:

- حکومەت بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی بەسەر ڕۆژنامە و میدیاکاندا نییە، بەتایبەتی ئەوانەی کە تاک خاوەنداریەتی دەکات یان دەزگا ناحکومیەکان و تایبەتەکان، چونکە گوزارشت لەمەبەستی جۆراوجۆر و هەمەچەشن دەکات. دەزگا ڕاگەیاندنەکان لەلایەن

حکومەتەوە ســـانســـۆڕ ناکرێت بەڵکو بەســـتراوەتەوە بە ویژدانی ڕۆژنامەنووســـان و ئەو سیاسەتەی کە دەزگا میدیاکە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکەی پەیڕەوی دەکات.

- جەماوەر ئازادە لە هەڵبژاردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یان هەڵبژاردنی ئەو پەیامە میدیایەی کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕ و ئارەزووی خۆی دەگونجێت، هەروەها ئازادە لە دەربڕینی بیروڕای جیاوازی خۆی تەنانەت ئەگەر پێشێلی ڕای دەسەڵاتە باڵاکانیش بکات.

- بڵاوکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بەها و ئامانجەکانی کۆمەڵگە، چونکە میدیا ئامرازێکی پەروەردەیی و ئامرازێکی کۆمەڵایەتیبوونە، بە نمایشـــکردنی بابەتییەوە کە بە ســـاختەکاریی نەبەستراوە، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و ڕۆشەنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر.

- دەرفەتێکی تەواو بە جەماوەر بدرێت بۆ بینین و دەسکەوتنی هەموو زانیارییە پێویستەکان (الموسى 2014، 83).

دکتۆر هشـام نووسـەر و مامۆسـتای بواری ڕاگەیاندن لە وڵاتی میسـر، کۆمەڵێک بنەمای بۆ تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی خستۆتەڕوو:

- پێویســـتە ڕاگەیاندن زانیاری بە جەماوەر بدات بەڵام بە مەرجێک دەبێت پابەند بێت بە دروســـتی و ڕاســـتگۆیی ئەم زانیاریانە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانە گوزارشت لە تێڕوانینی جیاواز بکات.

- پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسـان بە کۆمەڵێک یاسـا و ڕێسـا، پەیماننامەی شـەرەف و پێوەرە پیشەییەکان بۆ ئەوەی بە دوور بن لە ئەنجامدانی تاوان و توندوتیژی و ئاژاوە.

- بەجێگەیاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووسـان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هەروەها ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاواز.

- پابەندبوون بە بەها پیشـەییەکانی کارکردن بۆ ئەوەی متمانەی جەماوەر بەدەسـت بێت (خیرالله 2020، 140-141).

## ١-٣-٣ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیدا

ئەم تیۆرە بەهۆی نووسینەکانی ولیەم کینگ و جۆن میڵتۆن و ئەندامانی تری لیژنەی ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆ نارەزایی دەربڕین دژی ئیستیغلالکردنی ڕۆژنامەگەری بۆ دەستدرێژی کردنە سەر مافی خەڵک لە ئەمەریکادا سەری هەڵدا. بە گوێرەی ئەم تیۆرە ڕۆژنامەنووس مافی ڕەخنەگرتنی لە حکومەت و حزبەکان هەیە، بەڵام پێویستە لەسەری بیر لە یەکڕیزی و نەشێواندنی خەڵک بکاتەوە، کە نووسینەکەی نەبێتە هۆی شێواندنی جەماوەر. نووسەرانی کتێبی چوار تیۆرەکەی ڕاگەیاندن، ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەر هەمان ئەوانەی تیۆری لیبرالن. کاتێکیش ئەم تیۆرە پەرەیسەند چەند ئەرکێک بۆ ڕاگەیاندن لەبرچاو گیرا:

- خزمەت کردن بە سیستەمی سیاسی لە ڕێگەی دابینکردنی زانیاری. گفتوگۆ و مشتومڕکردن لەسەر کاروبارە گشتییەکان.

- بەرچاو ڕۆشنکردنەوەی خەڵک بۆ ئەوەی وایان لێبکرێت توانای خۆ بەڕێوەبردنیان هەبێت.

- پارێزگاریکردن لە مافەکانی تاک بەهۆی کارکردنی ڕاگەیاندن وەک چاودێرک بەسەر حکومەتەوە.

- خزمەت گەیاندن بە سیستەمی ئابووری، بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی نزیککردنەوەی کڕیاران و فرۆشیارانی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لە ڕێگەی ڕێکلامەوە.

- پارێزگاریکردن لە سیفەتی پشت بەخۆبەستن لە ڕووی ئابووریەوە، تا نەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە تایبەتییەکانەوە (سەپان 2015، 63-64).

- ڕاگەیاندن وێنەیەک پێشکەش بکات، نوێنەرایەتی ئەو گرووپە جۆراو جۆرانە بکات، کە کۆمەڵگەیان پێک هێناوە (دوحان 2015، 56).

- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئامانج و بەهاکانی کۆمەڵگە بە ڕوونی بخەنە ڕوو (المشهداني 2014، 116).

- زانیاری تەواو سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕۆژانە بۆ جەماوەر دابین بکات (ساڵح 2016، 46).

### ١-٣-٤ گرینگی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا

تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا ئامانجی برەودان و چەسپاندن و باسکردنی بنەماکانی ڕەوشتی میدیایی بوو لەناو ڕاگەیاندنەکاندا و ڕێکخستنی ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرساریەتی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا، جەختکردنەوە لە پابەندی بەرامبەر بە کۆمەڵ، پاراستنی ژیانی تایبەتی و ڕێزگرتن لە ئاین و مەزهەب و نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگە، کە خۆی لە ئاستەکانی پیشەی ڕۆژنامەوانی لە ڕاستگۆیی و بابەتیبوون و هاوسەنگی لە ڕاگەیاندندا دەبینێتەوە، بە تایبەتی لە کاتی باسکردن و ڕوماڵکردنی بابەتەکانی تاوان، توندوتیژی و پشێوی کە لەناو کۆمەڵدا ڕوو دەدەنن. ئەمەش دوای ئەوە بوو کە تیۆری ئازادی ڕووبەڕووی ڕەخنەو تێبینییەکی زۆر بووەوە، بۆ ئەمەش پێویست بوو تیۆرێکی تر سەرهەڵبدات بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەو تیۆرەش بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بوو لەناو ڕاگەیاندندا، بۆ ئەوەی لەناو میدیادا ئازادی بە بەرپرسیاریەتی

کۆمەڵایەتییەوە بەردەوام و فەراهەم بێت. ئەمەش دەرکەوتنی کۆمەڵێک بنەما و یاسا و ڕێکاری جۆراوجۆری لێکەوتەوە لە چاودێریکردنی پیشەی ڕاگەیاندندا، لەتەنیشت ئەو ئازادییەی کە بەردەوام بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان باس دەکرێت، تا بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بتوانێت پیشە و ڕەوشتی میدیایی بەجۆرێک ڕێک بخات کە نەبێتە هۆی تێکدانی کۆمەڵ. هەڵگرانی باوەڕی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەناو ڕاگەیاندندا باوەڕی تەواویان بە ئازادی لە ڕاگەیاندندا هەیە، بەڵام بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە پێیان وایە ئازادی ماف و ئەرکە لەهەمان کاتدا بەرپرسیاریەتیشە. ئامانجی سەرەکی ئەم تیۆرە کە ئاست و پێگەی ڕاگەیاندن لە بەردەم ڕای گشتیی و کۆمەڵدا بەرز بکاتەوە لەساتی خستنەڕووی هەر بابەتێکدا بۆ ئەوەی وردی و هەستیاری و ڕاستگۆیی تێدا بەهەند وەربگیرێ (حسێن 2020، 40-41).

بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرە تیشک دەخاتە سەر ڕەوشت و ئاکاری ڕۆژنامەنووسان کە پێویستە لەسەر بنەمای خۆرێکخستن قبوڵکراو بێت لەلایەن کۆمەڵگاوە. بەڵام ئەگەر بێت و ڕۆژنامەنووسان خۆبەخشانە ئەو کارە نەکەن، ئەو کات دەبێت پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان پێکبهێنرێن، بۆ ئەوەی بەپێی ستاندارە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکان ڕۆژنامەنوسان هەڵسوکەوت بکەن. گریمانە بنچینەییەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن ئەو ڕاستییە لەخۆ دەگرن کە ڕاگەیاندن پێویستە پابەند بێت بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ڕێز لە بەها پیرۆزیەکانی کۆمەڵگە بگرێت (Ineji، Nkanu و Okoi 2019، 244-246).

خاوەندارێتی ڕاگەیاندن متمانەیەکی گشتییە، بۆیە دەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاستگۆ و ڕاست و دادپەروەرانە و بابەتی بن لە گواستنەوەی پەیامەکان بۆ کۆمەڵگە. ڕاگەیاندن دەبێت ئازادبێت بەڵام پێویستە ڕێز لەو ئازادییە بگرێت و بەخراپ بەکاری نەهێنێت، بەڵکو

ڕۆژنامەنووسـان چوارچێوەیەک بۆ خۆیان دابنێن و پەیڕەوی ئەخلاقی و ڕەفتاری پیشـەیی بکەن.

### ١-٣-٥ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

بوونی هەندێ کەموکوری لە تیۆری لیبرالیزم هۆکارێکی سـەرەکی بوو بۆ سـەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی. لەلایەکی تر بەهۆی پەیدابوونی چەندین کەناڵی ئەلکترۆنی جیاواز لە بواری ڕاگەیاندندا، ڕاگەیاندن پێویستی بەوە هەبوو کە بەرپرسیاریەتی کارەکانی هەڵبگرێت لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا و نەبێتە هۆی ئاژاوە و شـێواندنی کۆمەڵگە. هەندێ توێژەر پەیدابوون بۆیان دەرکەوت ئازادی ڕەها دەتوانێت لە هەندێ کاتدا ببێتە دڕندەیەک کە نێچیری ئازادییەکانی مرۆڤ و تەنانەت ئازادی کۆمەڵگەش بێت. بۆیە کۆمیتەی ئازادی میدیا دووپاتی کردەوە، هەموو ئازادییەک پێویستی بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییە. دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە ئازادی هەم ماف و هەم ئەرکە لەهەمان کاتیشـدا بەرپرسـیاریەتییە، بۆیە پێویسـتە میدیا قبوڵی بکات و پابەند بێت بە یاسـا و ڕێسـاکان لە بەرامبەر کۆمەڵگە. هەروەها ئامراز و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت پابەندبن بەو ماف و ئەرکانەی کە بۆیان دیاری کراوە، بەرپرسـیاریەتی کارەکانیان بەرامبەر بە کۆمەڵگە هەڵبگرن و قبوڵی بکەن. دەتوانن ئەم پابەندبوونانە بکەن بە دامەزراندنی ئاستی پیشـەیی یان بنەما و پێوەر بۆ پیشـەی ڕاگەیاندن وەک؛ ڕاستگۆیی، بابەتی، هاوسـەنگی و دروستی لە گەیاندنی پەیامەکانیان. ئەم پێوەرانە لە تیۆری لیبرالیزم کەمن، بەڵام لە تیۆری بەرپرسـیاریەتییدا تەرکیزی زۆریان دەخرێتە سـەر بۆیە پێویسـتە میدیا لە چوارچێوەی یاسـا و دامەزراوەکان خۆی ڕێکبخاتەوە و پابەند بێت بەم پێوەرانە (مراد 2014، 249-250).

هەروەها لایەنگرانی تیۆری بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی باوەڕیان وایە لە پیشـەی ڕاگەیاندندا پابەندبوون بە بنەماکانی ڕەوشت، یەکێکە لە بنەما گرینگەکانی ئەم تیۆرە، پێویستە سەرجەم

ڕۆژنامەنووســــان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پابەندبن پێوەی، چونکە پێش ســــەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، ڕۆژنامەنووس تەنیا خۆی بە بەند و بڕگە یاساییەکان دەبەستەوە، هیچ گرنگییەکی بە پاراســتنی ڕەفتار و ڕەوشــتی گشــتیی نەدەدا. بۆیە ســەرهەڵدانی ئەم تیۆرە ڕێگەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووســــان هەســـــت بە بەرپرســــیاریەتی بکەن بەرامبەر کۆمەڵگە و پابەندبن بە ئیتیک و پیشەی کارکردن و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە دەیخەنە ڕوو بۆ جەماوە (الدريملي 2015، 28-29).

سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا بۆ چەند هۆکارێکی گرنگ دەگەڕێتەوە کە وایکردووە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان زیاتر پابەندبن لەوانە:

یەکەم، هۆکاری پرۆفیشناڵی یاخود پیشەیی: تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەمیدیاکان، پەرەسەندن و مۆدێرنکردنی میتۆدەکانی ڕیکلامکردن وەک بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و داخوازی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دۆزە گەورەکانی ڕیکلامی میدیاکان

دووەم، هۆکارە هزرییەکان: بیری ڕۆژئاوا ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕاندا بوو، لە هەوڵی بەجێگەیاندنی ئەو بیرۆکانەبوو کە بۆ باشترکردنی کاری ڕاگەیاندن و نەشێواندنی کۆمەڵگەکان بوو لە پەیامە میدیاییە شێوێنراوەکان، بۆیە هەموو هەوڵێکیان نەهێشتنی بیری سەرەکی بوو کە مافی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دەدا، ڕاگەیاندن بە شێوەی ئازادی ڕەها بەکاربهێنن.

سێیەم، هۆکارە ئابوورییەکان: ئابووری ڕاگەیاندن هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، جونکە زۆرێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پێناو مانەوەیان و بەردەوامیان ڕیکلامیان بەکاردەهێنا وەکو ڕێگەیەکی بازرگانی و ئەمەش وای لە گەورە بازرگانەکان دەکرد ڕاگەیاندن کۆنترۆڵ بکەن و پەیامە میدیاییەکان بشێوێنن لە بەرژەوەندی خۆیان.

چوارەم، هۆکارە ئیتیکییەکان: هەوڵدان بۆ تێکدانی ئادابی گشتی و هەرەسهێنانی کۆمەڵگە لە ئاکارە جوانەکانی، هەروەها وروژاندنی هەواڵی توندوتیژی و تاوانەکان، ئەمەش ڕێژەی ئەو

کەسانەی زیاد کردبوو، کە بەو کارانە هەڵدەستان. ئەمە بووە هۆی سووکایەتیکردن بە ئازادی یان تێنەگەیشتن لە چەمکی ئازادی (کنعان، 2019: ل16).

پێنجەم، هۆکاری ڕێکخستنی دامەزراوەیی: دەرکەوتنی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندن و یەکێتییە پیشەگەرەکاندا بووە هۆی سەرهەڵدانی سەرەتای خۆڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری و پێشەکی و پێشبینیکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی، ئەو یەکێتییانە ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لەدابەزاندنی دەستوورەکانی شەرەفی میدیایی (اشراف، 2020).

### ١-٣-٦ ئامانجەکانی تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ئامانجی گرنگ لەخۆ دەگرێت بریتیین لە:

١- تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کار بۆ ئاراستەکردنی ڕۆژنامەنووسان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری دەکات، بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، وەکو (تاوتوێکردنی پرسە گشتییەکان کە لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەدایە، هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئامانجی گەشەکردنی کۆمەڵگە، خزمەتکردنی سیستەمی ئابووری وڵات، ئاراستەکردنی ڕەخنە بۆ هەر کەموکورییەک لە هەر چالاکییەک لەنێو کۆمەڵگەدا، پاراستنی ئازادیی تاکەکەسی و ڕۆشەنبیرکردنی جەماوەر (Poter 2006, 9).

٢- یارمەتیدان لە دیاریکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە ڕاگەیاندن دەنگی خۆی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەرز بکاتەوە، تاکەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بەو کێشانە هۆشیار بکاتەوە، لە پێناو باشترکردنی سێکتەری کۆمەڵایەتی (محمد 2022، 81).

٣- نابێت کارکردنی میدیایی یان پەیوەندییە گشتییەکان، یان کۆمپانیاکان تەنها ئامانجیان قازانج گەیاندن بێت بە خاوەنەکان و بەشداربووەکان، بەڵکوو پێویستە هەموو لایەنە ئیتیکییەکان لە پەیڕەوکردنی کارەکانیاندا بەکار بهێنن (یوسف و الحداد 2017، 45).

٤- پێویســـتە هەموو دەزگاكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووســـان خۆیان لە هەر بڵاوكراوەیەک كە هاندان بۆ تاوان و توندوتیژی و گرژی و ئاژاوەگێری كۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت بپارێزن (العمري 2014، 12).

٥- تیۆری بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی داوای پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بە چەندین بەها دەكات، گرینگترینیان ئەمانەن: ڕاستگۆیی، بابەتیبوون، وردبینی، هاوسەنگی، دادپەروەری، پاراستنی ڕۆشەنبیری كۆمەڵگە (Ravi 2012, 307)

# بەشی دووەم

# بەرپرسیاریەتی  کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان

## تەوەری یەکەم/ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

٢-١-١ چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

٢-١-٢ پێناسەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

٢-١-٣ بەشەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

٢-١-٤ ڕەهەندەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

٢-١-٥ جۆرەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

٢-١-٦ توخمەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

٢-١-٧ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی زانستی ڕاگەیاندنەوە بۆ ڕۆژنامەنووس

٢-١-٨ ئاستەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس

### ٢-١-١ چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە، تا ئەو کاتەی بوو بە سەرەکیترین شێواز لە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەردەوامدا، مەوداکەی فراوانتر بووە تاوەکو زیاتر چالاکی بەرهەمهێنان بگرێتەوە (الشمري، 2014, 99).

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەرووی زمانەوانییەوە بەکارهێنانی لەناو زمانە جیاوازەکاندا جۆراوجۆرە. لەزمانی فەرەنسیدا چەمکی (Responsabilité sociale ) بە پێی فەرهەنگی بەناوبانگی فەرەنسی (Robert Le) ئاماژەیە بۆ سێ ئاست: لەیەکەمدا: مانای ئەرک و پابەندی دەگەیەنێت. لە دووەمدا: مانای پۆست و پلەو ئەرکداری دەگەیەنێت. لە سێیەمدا: مانای هەڵە و لێکەوتەکانی دەگەیەنێت. لەزمانی ئینگلیزیدا بەرپرسیاریەتی بەواتای ئەرکی مامەڵەکردن لەگەڵ شتێک یان بایەخدان و ئاگاداریی جەستە و بونیادێکە، لەگەڵ ئەو سەرزەنشت و گازندانەی لێیدەکەوێتەوە، ئەگەر هەڵەیەک ڕوویدات. لەزمانی عەرەبی بە مانای ئەوە دێت، مرۆڤ بەرپرسیار و لێپرسراو دەبێت لەکاروبارێک یاخود کردەوەیەک کە بۆی هاتووە یاخود پێیدراوە. لەزمانی کوردیدا بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی وەک کردەیەکی کەسی دەبینرێت و بەمانای خەسڵەتێک دێت بۆ مرۆڤەکان و کردارەکانیان، کەسێکی بەرپرس کە ئاکامی هەڵسوکەوتەکانی خۆی دەگرێتە ئەستۆ (محمد و مختارية ،2019، 8-9).

چەمکی بەرپرسیاریەتی بەواتای پابەندبوونی تاک یان دەزگا و ڕێکخراو بە چالاکیەکانی دێت. بەبێ زیان گەیاندن بە کۆمەڵگە. لە ساڵی 1923 بۆ یەکەمجار ئەم چەمکە لە بواری کارگێڕی کار بەکارهاتووە، ئەمە دوای ئەوەی (شەڵدن) پرۆفیسۆری بەریتانی بواری بەڕێوەبردن و بازرگانی لە کتێبەکەی بەناوی (The Philosophy of Mangagement)، ئاماژە بەوە دەکات کە بەرپرسیاریەتی کارگێڕی لە پرۆژەکاندا، بە پلەی یەکەم بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییە، پابەندی بەکارگێڕی پرۆژەکان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە لەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکە

جیاوازەکان، بەشێکی گرینگی هونەری بەکارهێنانی زانستیانەی کارگێڕی کارە، سەرەڕای ئەم سەرەتایە چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی سەرنجێکی دیاری لەسەرەتاوە لەسەر نەبوو، بەڵکو تاوەکو کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم، تەنها ئاماژەی ناڕاستەوخۆ و کورتبوون، لەم قۆناغەوە زیاتر تیشک خرایە سەری، لێرەوە سەرەتای تێزێکی نوێ لە فەلسەفەی کارگێڕی لە دایکبوو، ئەم بەر پرسیاریەتی کۆمەڵایەتییە بوو (العیاشي و کریمة ،2017، 132).

لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتیەکان چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ماف و ئەرک دەگرێتەوە (أحمد ،1999، 250-251).

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی پرسێکی ئاکاری و مرۆییە. دۆزینەوەی جۆرێک لە هاوسەنگییە، لەنێوان کۆی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە و تاک و دەزگا و رێکخراوەکان، لەمیانەی ئاراستەکردنی کارو چالاکیەکانی دەزگایەک یاخود رێکخراوێک، نەبێتە هۆی زیان و کێشە و شێواندنی کۆمەڵگە، هاوکات کارکردنە لە پێناو خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردنی (سەعید 2021, 29).

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بیردۆزێکی ئەخلاقییە کە هەر قەوارەیەک چ ڕێکخراو بێت یان تاک بەرپرسیاریەتی ئەوەی لەسەرە بە تەواوی لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا کار بکات. بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی تەنها دەربارەی ڕێکخراوە بازرگانییەکان نیە، بەڵکو دەربارەی هەموو کەسێکە کە کردارەکانیان کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە. ئەم بەرپرسیاریەتە دەتوانێت نەرێنی بێت، بە دەست خستنی کرداری زیانبەخش، یان ئەرێنی بە گرتنەبەری ئەو کارانەی کە ڕاستەوخۆ ئامانجەکانی کۆمەڵگە بەدەست دەهێنن (سلیمان ،2015).

### ٢-١-٢ پێناسەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو و یەکانگیر بۆ چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی نییە، هەریەک لە شارەزایان و پسپۆرانی بوارە جیاجیاکان و توێژەران پێناسەی جیاوازیان بۆ ئەم چەمکە کردووە، هەروەها لە ڕوانگەی زانستەکانی وەک (کارگێڕی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ڕاگەیاندن، یاسا... هتد) پێناسە و لێکدانەوی جیاواز بۆ چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کراوە لەوانە:

- بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پەیبردنی تاک و هۆشیاربوونی ویژدانی و ڕەفتاری تاک لە ئاست ئەرکە کەسی و کۆمەڵایەتییەکاندا یاخود پابەندبوونی تاکە بە بەها و پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان، بە پابەند بوونێکی خودی و کردارەکی و دوورکەوتنەوە و ئەنجام نەدانی هەر هەڵوێستێک ببێتە مایەی تێکشکاندن و لادان لێی، جا لەهەر بوارێک لە بوارەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بێت (بشيرالتك ،2004, 16).

- بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ئەرکی تاکە کەسە بەرامبەر بە خۆی، بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە بنەماڵەکەی و هاوڕێکانی و ئاینەکەی و وڵاتەکەی لە ڕێگەی تێگەیشتنی لە ڕۆڵی خۆی لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی، هەروەها بەرژەوەندی خۆی بۆ کەسانی تر لەڕێگەی پەیوەندییە ئەرێنییەکانی و بەشداریکردنی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکاندا (قاسم ،2008, 8).

- (دراکەر) نووسەری نەمساوی-ئەمەریکی لەساڵی 1977 لەباسی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دا دەڵێت: پابەندبوونی تاکە یان دەزگا و ڕێکخراوە بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی کاری تیادا دەکات، ئەم پابەندبوونە لەگەڵ فراوانبوونی بەشە پەیوەندیدارەکان لە کۆمەڵگە و ئاراستە جیاوازەکانیان بەرفراوانتر دەبێت (الخفاجي و الغالبي ،2008, 289).

– بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بریتییە لەوەی کە بە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەنگارییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان هاوسەنگییەک لەنێوان ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان و ئامانجە ئابوورییەکان بەدەست بهێنرێت (الصيرفي ،2007، 22-23).

– سنوردارکردنی تاکە یان دەزگا و ڕێخراوە بۆ جێبەجێکردنی هەموو کاروبارەکان، بەو جۆرەی کە هیچ زیانێک بە کۆمەڵگە بە گشتی نەگەیەنێت. هەروەها پابەندکردنی بەشێک لە سەرچاوەکانی بۆ هاندان و بەهێزکردنی هەوڵە نەتەوەییەکان بۆ پەرەپێدان (سرطاوي ،2021).

– هەستکردنی تاکە بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی ئینتیمای بۆی هەیە. هەروەها بەشداریکردن و تێگەیشتن لە بەها و دابونەریتی کۆمەڵگەکەی، بەشداریکردنە لە تێگەیشتنیان، واتە بەرپرسیاریەتی خودی ناوەکییە و خودی تاک خۆی بەسەر خۆیەوە چاودێرە (ا. عثمان ،1996، 43).

– جۆزێف تورۆ پرۆفیسۆر لە سیستەمی میدیایی و پەیوەندییەکان پێی وایە پێناسەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە کەلتوورێک بۆ کەلتوورێکی تر جیاوازە، لەناو خودی کۆمەڵگەکانیش دەگۆڕێت. بیرۆکەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان پێویستی و مافی تاکەکان، دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە بەگشتی (Turow 2011, 74).

بەپێی بۆچوونی توێژەر بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و ژیانە، بیردۆزێکە پێویستە هەموو دەزگایەک یان تاکێک پابەند بێت پێی. پێشنیاری ئەوە دەکات هەر قەوارەیەک چ ڕێکخراو بێت یان دەزگا یاخود تاک پێویستە لەبەرامبەر خۆیان و ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین بەرپرسیاریەتی لەبەرچاو بگرن، هەروەها لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا کار بکەن.

## ٢-١-٣ بەشەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دابەش کراوە بۆ سێ بەش کە بریتیین لە:

1. بەرپرسیاریەتی سزایی: ئەو بەرپرسیاریەتییەیە دەکەوێتە ئەستۆی کەسێک کە سەرپێچی یان تاوانێک ئەنجام دەدات. ئەم بەرپرسیاریەتییە پەیوەندیەکی نزیکی هەیە لەگەڵ بەرپرسیاریەتی ئاکاری، چونکە ناکرێ کەسێک سزا بدرێت بۆ تاوانێک کە ئەنجامی داوە، مەگەر بە ئاگاداری و بەمەبەست یاخود بە ئارەزووی خۆی ئەنجامی دابێت (العباد 2016، 29).
2. بەرپرسیاریەتی ئاکاری: ئەو بەرپرسیاریەتییەیە کە لە پابەندبوون بە یاسای ئاکارییەوە سەرهەڵدەدات، لەو ڕاستییەی کەسێک ئیرادەی ئازادی هەیە، بەو مانایەی ئەو کەسە کردەوەکانی پێویستن، هەر شتێک لە هۆکاری سروشتییەوە سەرهەڵبدات یاخود بە ئیرادە و ئارەزووی کەسانی دیکەوە بووبێت، لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە بەرپرسیار نازانرێت. ئەو بەرپرسیاریەتییە پلەی جیاوازی هەیە، باڵاترینیان بەرپرسیاریەتی بکەرێکی هۆشیارە کە بە ئارەزوو و ئیرادەی خۆی کردارەکانی بە تەواوی ئازادیەوە ئەنجام دەدات، نزمترینیان بەرپرسیاریەتی ئەو بکەرەیە سۆز زاڵە بەسەر دڵی، تێگەیشتنی کوێر دەکات و بەدووری دەگرێت لە بینینی ڕاستیەکان (جرادات و الحمام 2019، 31).
3. بەرپرسیاریەتی مەدەنی: ئەو جۆرەیە تاوانبار ناچار دەکات بە قەرەبوو کردنەوە، بۆ ئەو کەسەی زیانی پێگەیاندووە، ئەگەر زیان گەیاندنەکە بە ئارەزووی خۆی یان کەمتەرخەمی یان سەرشێتی بووبێت (العجله 2012، 14).

### ٢-١-٤ ڕەهەندەکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە چەند ڕەهەندێک پێکدێن کە بریتیین لە:

– ڕەهەندی ئابووری: ئاماژە بە دەستکەوتی مادی ناکات، وەک لایەنێکی بازرگانی، بەڵکو ئاماژە بە پابەندبوون بە پراکتیزەی ئاکاری لەناو دامەزراوەکاندا دەکات وەک: حکومەتی دامەزراوەیی و نەهێشتنی بەرتیل و گەندەڵی و پاراستنی مافی بەکاربەر و وەبەرهێنانی ئەخلاقی (شقوارة 2012، 50).

– ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: ئەو ڕەهەندەیە دامەزراوەی ڕاگەیاندن ناچار دەکات بەشداری بکات لە بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاست و گرنگیدان و پشتیوانیکردن لە کاروباری فەرمانبەرانی خۆی کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر زیادکردنی بەرهەم چاودێری تەندروستی و کۆمەڵگە دەبێت (ناصر و الخضر 2016، 18).

– ڕەهەندی یاسایی: پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانە، بەو یاسا و ڕێسایانەی لەلایەن حکومەتەوە دیاری کراوە (لغويل و زمالي 2016، 304).

– ڕەهەندی خێرخوازی: هەموو ئەو خەرجی و بەخشینانە دەگرێتەوە کە لەلایەن دامەزراوەیەک یان دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە خۆبەخشانە، بەبێ ویستنی قازانج، بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە یان دۆزی خێرخوازی بەخشراون (مكي و بوطيبة 2017، 107).

– ڕەهەندی ژینگەیی: ئەرکی ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانە، هۆشیاریی و کاریگەرییەکانی ژینگەیی بەرزبکەنەوە، زۆرترین کارایی و بەرهەمهێنان لەسامانی بەردەست بەدەست بهێنێت و ئەو کردارانە کەمبکەنەوە کە ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەم سەرچاوانە هەبێت لەلایەن وڵات و نەوەکانی داهاتوو، وەک: پیسکردنی ژینگە و دەردانی گازی ژەهراوی و پاشەڕۆ لەلایەن کارگەکانەوە. گرینگیدان بە پیشەسازییە پاکەکانی ژینگە و چالاکییە جۆراو جۆرەکانی پەیوەست بە پاکو خاوێنی ژینگە (المعايطه 2019, 11).

## ٢-١-٥ جۆرەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس بۆ سێ جۆر دابەش دەبێت کە بریتیین لە (حسام الدین، 2003، 60-62).:

**بەرپرســـیارێتی ئەرکگەرایی:** لە ڕۆژنامەوانیدا، ئەو دەمە دێتە پێشـــەوە، کاتێک حکوومەت بەرپرسـیاریەتی ڕۆژنامەنووسـان دیاری دەکات، ئەمە بۆ چاودێرانی دەرەوەی سـیسـتەمی میدیایی بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕۆژنامەوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەرپرسیاریەتییەکی کەم لەم جۆرە دەبینرێت، حکوومەت چەندین ئەرکگەرایی نەرێنیی دیاری کردووە، واتە دوورکەوتنەوەی ڕۆژنامەنووســـان لە ڕەفتاری دیاریکراوی وەکوو تۆمەت خســـتنە پاڵی نادروســـت و ناوزڕاندن، بەڵام بە هیچ جۆرێک ئەرکگەرایی ئەرێنیی "واتە ڕەفتارەکان" وەک بڵاوکردنەوەی گوتاری ســـەرۆک یاخود ســـەرۆکی حکوومەت، یاخود فەرمانداریی ویلایەتەکان دەســـتنیشـــان نەکردووە، هەر بۆیە ڕۆژنامەنووســـان لە ڕێگەی ڕێکخستنێکی پتەوەوە کاردەکەن، ڕۆژنامەنووس دەستنیشاکراوە بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵەکان و ڕووداوگەلیی دیاریکراو.

**بەرپرســـیارێتی گرێبەندایەتیی:** ڕۆژنامەنووس بەپێی پەیمانێک یاخود گرێبەندییەکی ئاکاری لەگەڵ کۆمەڵگەدا بەرپرســـیاریەتییەکانی خۆی بە ئەنجام دەگەێنێت، نەوەک لە ڕێگەی گرێبەندێکی نووسـراوی فەرمییەوە، بەڵام ئەمە وا لە ڕۆژنامەنووسـان ناکا، کە کەمتر واقیعی بێت و ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی خۆی لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا جێبەجێ نەکات، ئەمە وای کردووە کۆمەڵگە ئازادی کارکردن بە ڕۆژنامەنووســـان ببەخشـــێت، هەر بۆیە هەموو پێداویســـتییەکانی لە زانیاریی و بیروبۆچوون بۆ دابین دەکات، هەڵبەتە ئەرکە تایبەتەکان بە وردی دەســتنیشــان نەکراون، هەروەها دامەزراوە میدیاییەکان بایەخ بەو لایەنانە دەدەن، کە جێی بایەخی جەماوەر و پێداویســـتییەکانییەتی، جەماوەر ئازادە لە هەڵبژاردنی بەرهەم و بابەتەکانی هەر دامەزراوەیەک، لێرەدا ڕەخنەیەک لە ئارادیە، کە دەکرێت ئاڕاستەی ئەم خاڵە

بکرێت، ئەمە ئەوەیە - زۆرینەی جار – ئەگەر دامەزراوە میدیاییەکان ئەرک و بەرپرسیاریەتییان بەرامبەر جەماوەر جێبەجێ کرد، ئەوا دابونەریتی خوێندنەوە و گوێگرتن و تەماشاکردن، وەکوو گوشارێک لەسەر جەماوەر خۆی دەنوێنێت، واتە تاوەکوو بەریەککەوتن و بەدواداچوون لەگەڵ ئامرازێکی میدیادا هەبێت و پێوەی پەیوەست بێت، بەم پێیە هەر لەنگییەک یاخود کەموکورتییەک لە لایەن دامەزراوەی میدیاییەوە هەبیت، لەو بەرپرسیاریەتییە ڕۆشنبیریی و فێرکارییانەی لە ئەستۆیدایە، ئەوا جەماوەر چاوپۆشی ناکات، بە تایبەت ئەگەر لەسەر ئاستی ئامرازی ڕاگەیاندنەکە و ئاستی بیربۆچوون و ئاڕاستەکاندا فرەیی هەبێت، هەندێ لە توێژەران پێیان وایە ئەم دۆخە ڕۆژنامەنووسان وەکوو تاک لێی بەرپرسیارن، بەشدارن لەم دوو گرێبەند و پەیمانەدا، یەکەم: لەگەڵ دامەزراوە میدیاییەکەدا، بەو پێیەی بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەریدا ڕوون و ڕەسمییە، پەیمانی دووەم: لەگەڵ جەماوەردایە، کە ئەم ئەرک و بەرپرسیاریەتییانە نافەرمی و ناڕوونە (الدریملي 2015، 84).

**بەرپرسیارێتی خودێتی:** ڕۆژنامەنووسان لە بیر و هۆشیاندا هەڵگری هەستێکن، کە پراوەی پیشەیەکی بەرز و باڵا دەکەن، هەر بۆیە بە ویستی خۆیان، خودی خۆیان پابەند دەکەن، بۆ گەڕان بە دوای بیروباوەڕ و خزمەتکردنی ئەوانی دیکە. بە واتایەکی دیکە ڕۆژنامەنووسان بەو چاوە سەرنجی کار و پیشەی ڕۆژنامەنووسان دەدەن، کە وا پەیامێکی زیاتر پیرۆزە، لەوەی کارکردنێک بێت، بەمە حەز و ئارەزوویەکی ناوەکیی، لە ناخ و دەروونیاندا دەهێننەدی، کە وایان لێ بکات جیاواز بن و خودان ئەرک و بەرپرسیاریەتی جیاواز بن، هەر بۆیە ئەوان بەرپرسیاریەتی ڕەوشتییان لەسەرە، لەبارەی ڕەفتارەکانیان و ڕەخنە لە خودی خۆیان دەگرن، لە پێناو پیشاندانی کار و پیشەیەکی باڵا و جیاوازدا (الحمید ،2022).

**٢-١-٦ توخمەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی**

تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی چەندین توخمی بەیەک بەستراوی هەیە، هەریەکەیان تەواوکەری یەکترین، بریتیین لە:

**- گرینگی پێدان و سەرنج**

واتە پەیوەندی سۆزداری تاک یان ڕۆژنامەنووس لەگەڵ ئەو گروپەی تیایدا بەشدارە و لەخۆیان دەگرێت، پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی هاوسۆزی و هاوخەمییە لەپێناو یەکگرتوویی و یارمەتیدانی یەکتری و بەردەوامبوونی پێشکەوتن و پێکەوە سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی گروپەگە (مشرف 2009، 114) .

**- تێگەیشتن**

تێگەیشتن واتە ئاگاداری تاک لە بارودۆخی دەوروبەری گروپەکە لە بەها و ڕەوتەکانی و ڕۆڵی جۆراوجۆری تێدا. هەروەها پێویستی بە بەرز نرخاندنی بەرژەوەندی گشتی و بەرگریکردن لە نیشتمان و کارکردن لەسەر پێشکەوتن و ئاوەدانی ئەو وڵاتە. دوو بەش لەخۆ دەگرێت:

یەکەم/ تێگەیشتنی گروپەکە لە دۆخی ئێستایدا و تێگەیشتن لە بەها و سیستەم و نەریت و مێژووی خۆی، وە تێگەیشتن لە فاکتەرەکانی دەوروبەری، تێگەیشتن لە مێژووی خۆی بۆ ئەوەی لە ئێستا و پاشەڕۆژەکەی تێبگات.

دووەم/ تێگەیشتنی گروپەکە لە مانا و بایەخی کردار و ڕەفتارەکانی تاک کە ئەنجامی دەدات، هەروەها تێگەیشتن لە ئاکام و دەرئەنجامەکانی (السليحات 2018، 4).

**- بەشداریکردن**

بەشداریکردن بەرپرسیاریەتی و زەمینەی بنەڕەتییە بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی گەش و سەقامگیر. بەشداریکردن توانای تاک نیشان دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و هەڵگرتنی

بەرپرسیاریەتییەکانی بە ویژدانێکی زیندوو و ڕۆحانیەتێکی پاک و ئیرادەیەکی پتەو، واتە تاکەکان ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیانە قبوڵ دەکەن کە لە نێو کۆمەڵگەکانیاندا دەیگێڕن دوور لە ناکۆکی، هەروەها ئەو ڕەفتار و پێشبینی و دەرئەنجامانەی کە پەیوەندییان پێوەی هەیە. بەشداریکردن سێ لایەنی هەیە: یەکەمیان؛ قبوڵکردن، واتە قبوڵکردنی تاک بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی لە چوارچێوەی پراکتیکی دروستدا ئەنجامی داوە و لەگەڵیدا دەگونجێت. دووەمیان؛ جێبەجێکردنە، تاک کارەکەکان بە وردبینی و کۆششەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت بۆ ئەوەی ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنێت کە کەسانی دیکە ڕازی بکات و خزمەت بە ئامانج بکات. سێیەمیان؛ هەڵسەنگاندنە، هەر تاکێک بە پێی پێوەرەکانی بەرژەوەندی گشتی و ئاکاری کارەکانی هەڵدەسەنگێنێت (حلیمة 2016، 135).

**- هاوکاری**

کاتێک ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن سروشتی هاوکاری لەلایان دروست دەبێت، ئەمە هۆکارێکە بۆ زیاتر گەشەسەندن و بەرەو پێشبردنی دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ئەو ئامانجەی کە هەیە بپێکێت. ئەمەش بەهۆی گیانی هاوکاری نێوان تاکەکان دێتە دی، هەروەها ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێو دەزگاکە دێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن (المومني و المعاني 2017، 84).

**- پابەندبوون**

پابەندبوونی ڕۆژنامەنووس بەو سیستەمەی دەزگا ڕاگەیاندنەکە دای دەنێت، بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرک و کارەی پێی سپێردراوە. هەروەها لێپێچینەوەی لەکاتی کەمتەرخەمیکردن لە کارەکانیدا، ئەمە هانی دەدات بۆ ئەداکردنی کارەکەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و دروست بەبێ بوونی هیچ چاودێرێک بەسەریەوە (العجلە 2012، 22).

## ٢-١-٧ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی زانستی ڕاگەیاندنەوە بۆ ڕۆژنامەنووس

ڕاو بۆچوونەکان جیاوازن دەربارەی چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان، هەر توێژەرەو بەپێی بۆچوونی خۆی ئاماژەی بەم چەمکە بۆ ڕۆژنامەنووسان کردووە:

ژمارەیەک لە توێژەران پێیانوایە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووس مانای بایەخدان بە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە دەگەیەنێت. هەندێکی تر بە گرنگیدان بە پێویستیەکانی کۆمەڵگە و لەبەرچاوگرتنی بەها و داب و نەریت و نەریتەکانی کارکردن لەسەر بەختەوەریی خۆی دیاری دەکەن (عزیز ،1981، 24-25).

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس:"بایەخدانە بە بەرژەوەندی گشتی یان گرنگیدانە بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگە و کارکردن لەپێناو دڵخۆشکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی خەسڵەتەکانی ڕاگەیاندن بە ڕێزگرتن لە بیرو ڕاو بۆچوون و ڕاستی و دروستی و دادپەروەری، لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنە ئاکارییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان (حجاب ،2010، 46).

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ئەرک و بنەمای ئاکارییە، پێویستە ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری پابەندبن بەو بنەمایانە لە بەرامبەر کۆمەڵگە لە کاتی گواستنەوەی پەیامە میدیایەکان و خستنەڕووی ڕاستییەکان بەبێ شێواندن (جبار 2019، 449).

هەندێکی تر وەک ئەو ئەرکانە دیاری دەکەن، پێویستە ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا لەبەردەم کۆمەڵگەدا ئەنجامی بدەن. پابەندبوونێکە لەلایەن رۆژنامەنووسان و میدیاکانەوە بە کۆمەڵێک پەیمانی ئەخلاقی کە ئامانج لێی چەسپاندنی هاوسەنگییە لە نێوان ئازادی تاک و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە (الثوابتة ،2013، 4).

دکتۆر (سەید عوسمان) لەبواری دەروونناسی، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرسیاریەتی تاکەکەسی بۆ کۆمەڵگە پێناسە دەکات: بەرپرسیاریەتی تاکەکەسی ئەرکی تاکە پێش خۆی بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە هییەتی یان ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی، واتە بەرپرسیاریەتییەکی خودیی و بەرپرسیاریەتییەکی ئاکارییە، بەرپرسیاریەتییەکە چاودێری و لێپرسینەوەی خودی تێدایە، هەروەها ئاکارێکە پێویستە تاک لە نێو خودی خۆیدا پابەندبێت پێوەی، هەرچۆنێک بێت پابەندی خودی کرداری سروشتێکی کۆمەڵایەتی، یان لە ژێر کاریگەری کۆمەڵایەتیدا زاڵە (أ. عثمان ،2010، 43) .

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس واتە دڵسۆزی لە گەیاندنی هەواڵ و بێلایەنی، چونکە بنەمای مافی زانینی خوێنەرە (حسام الدين ،2003، 78-79).

هەندێ جار زاراوەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاق بە هەمان شێوە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕۆژنامەنووس، چونکە باوەڕێک هەیە کە ڕۆژنامەنووسان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا پابەندییەکی دیاریکراویان هەیە بۆ کۆمەڵگە کە دەبێت ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە کارەکانیان جێبەجێ بکەن. ئەخلاق لە بنچینەدا دەرخەری هۆشیاری کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەخلاق ئاماژە بە هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەنووس دەکات و مانای ئەو نەریتە دەگەیەنێت کە ڕۆژنامەنووسان پێی ڕازی بوون (Black, Bryant and Thompson ,1998, 388).

## ٢-١-٨ ئاستەکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس

زانایان سێ ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییان بۆ ڕۆژنامەنووسان دیاریکردووە:

- ئەنجامدانی کرداری گونجاو یان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ بەجێگەیاندنی ئەرکی پەروەردەیی و فێرکردن، سیاسی، خزمەتگوزاری و کارەکانی تر.

- زانینی ئەو پێوەرانەی ڕێنوێنی ڕۆژنامەنووس دەکەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەرێنی و گونجاو ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن.

- زانینی ئەو بەهایانەی کەدەبێ لەلایەن ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانەوە چاودێری بکرێن (مکاوي ،2018, 167).

**ئاستی یەکەم: ئەرکەکان**

نووسەری ئەمریکی (فۆرگسن) لە کتێبەکەی بەناوی (Journalism Today) چەند ئەرکێکی بۆ ڕۆژنامەنووسان دیاری کردووە:

**ئەرکی ئابووری:** بریتییە لە ئاشناکردنی خەڵک بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنە ئابوورییەکان و لێکدانەوەیان، ڕوونکردنەوەی هۆکار و دەرئەنجامەکانیان (Ferguson ,2004, 19-20).

**ئەرکی سیاسی:** ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەو کارو کردەوانەی حکومەت و هێزە سیاسییەکانی تر ئەنجامی دەدەن. ئەم ئەرکە پێی دەڵێن ئەرکی چاودێریکردن، هاوڵاتیان لە هەموو ئەو ڕووداوانە ئاگادار دەکرێنەوە کە لە کۆمەڵگەکەیاندا دەگوزەرێت، لە هەمان کاتدا بەشدارن لە ڕوونکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کێشەکان و ڕوونکردنەوەی بۆچوونی لایەنگران و ڕکابەرەکان، ئەمەش لەپێناو یارمەتیدانی خەڵک بۆ تێگەیشتن لەوەی لە دەوروبەریان ڕوو دەدات (البشيبشي 2005، 88).

**ئەرکی فێرکردن:** ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ خستنەڕووی بیروڕاو و بۆچوونەکان و گفتوگۆکردن لەسەریان، وەکو کێشەی پەروەردە و فێرکردن، هەروەها تیشک خستنەسەر سیستمی پەروەردەیی و دۆزینەوەی کێشەکانی ئەم سیستەمە و لایەنە نەرێنییەکانی، دابینکردنی زانیاری پەیوەندیدار بەم کێشەیە بەشێوەیەکی ڕوون، بۆ ڕوونکردنەوەی

ئامانجەکانی کۆمەڵگە دوور لە دەستکاریکردنی ڕاستییەکان، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ڕاست لەسەر ڕووداو و کێشەکان (العمري 2014، 15).

**ئەرکی ڕۆشەنبیری:** ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووس وەکو ئاوێنەی کۆمەڵگەن، نوێنەرایەتی بەهاکانی کۆمەڵگە دەکەن، چونکە ڕاگەیاندن یەکێکە لەدەزگا کاریگەر و گرینگەکانی بواری پەرەپێدان و گەشەپیدان و پەروەردە لەنێو کۆمەڵگەکەیدا، بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خەمی بەها کۆمەڵایەتی و کولتووری و داب و نەریت و کەلەپووری ڕەسەندا بن. بەرەنگاری گەندەڵی و بێ ڕەوشتی و نەریتی نامۆیی ببنەوە لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژین، وە کاربکەن لە پێناو ڕۆشەنبیرکردنی گەنجانی وڵاتەکەیان (عبدالرحمن 2006، 114).

(کلیفۆرد) پرۆفیسۆری بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، پێنج ئەرکی ئەخلاقی بۆ ڕۆژنامەنووس دیاری کردووە بریتین لە:

1- ئەرکی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر خۆی واتە قسە و کردەوەکانی پێچەوانەی یەکتر نەبن.

2- ئەرکی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە جەماوەر بە تێگەیشتن لە کێشەکانیان و هەوڵدان بۆ ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندار و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

3- پشتگوێ نەخستنی مافەکانی جەماوەر.

4- ئەرکی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بەو دەزگایەی کاری تیادا دەکات. هەروەها ڕێز گرتن لە هاوپیشەکانی.

5- پابەندبوون بە ئەرکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە. (Christians and Routledge ,2020, 31)

**ئاستی دووەم: پێوەرەکان**

شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن بۆ ئەخلاقی پیشەیی پێنج بازنەیان داناوە کە ڕۆژنامەنوسان لەناویاندا کاردەکەن. پێیان دەگوترێت بازنەی پێنج گۆڕاوە ئەخلاقییەکان. ئەم گۆڕاوانە بە پێنج بازنەی سەریەککەوتوو و یەک لە دوای یەک نیشان دەدرێن، بە بازنەیەکی بچووک لە ناوەڕاستەوە دەست پێدەکەن و بازنەکانی دیکەی دەوروبەری بە مەودای یەکسان بەدوایدا دێن:

- بازنەی یەکەم لە ناوەڕاستدا نوێنەرایەتی ئەو ئەخلاقە تایبەتە دەکات کە هەر ڕۆژنامەنووسێک پابەندە پێیەوە، هەروەها پێوەرەکانی پیشەیی و کردارە ئەخلاقییەکانی تاکەکان دەگرێتەوە، ئەوە دیاری دەکەن تاکەکان چی دەخوێننەوە، چی دەبیستن و دەبینن.

- بازنەی دووەم دەوری بازنەی یەکەمی داوە، نوێنەرایەتی ئەو بنەما ئەخلاقییانە دەکات کە هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن بۆ کارمەندەکانی دادەنێت وەک؛ چوارچێوەیەکی سیاسی و ئەخلاقی کە بۆ خۆی پێناسەی دەکات. هەروەها تاکەکانی بازنەی یەکەم دەبێت پابەندبن بە پێوەرەکانی دەزگاکە لە بازنەی دووەمدا.

- سەبارەت بە بازنەی سێیەم کە دەوری دووەمی داوە، گوزارشت لە ئەخلاقی پیشەیی دەکات بە گشتی، ئەو پێوەرە پیشەییانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانی ڕاگەیاندنەوە دانراوە وەکو پەیماننامەی شەڕەف، بۆ ڕێکخستنی کاری دەزگا میدیاییە جۆراوجۆرەکان، سەندیکای ڕۆژنامەوانی و کۆمەڵەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەمریکی و کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی پیشەگەر.

- بازنەی چوارەم کە دەوری بازنەی سێیەمی داوە بریتییە لە فەلسەفە میدیاییە بنەڕەتییەکان و یاساکانی حکومەتەکان لە تیۆرە جیاوازەکانی وەک: تیۆری دەسەڵات، تیۆری سۆڤیەت، تیۆری لیبراڵ، تیۆری بەرپرسیاری کۆمەلایەتی، لەژێر چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتیدا

ئەرکی خاوەنداریەتی و بەڕێوەبەر هەیە. پێوانەکانیش دەگرێتەوە کە لەلایەن یاسا و ڕێساکانی حکومەتەوە سەپێندراوە (مهدي 2006، 198).

– لە کۆتاییدا بازنەی پێنجەم دێت، دەوری هەر چوار بازنەکانی تر دەدات. ئەو سنوورانە لەخۆدەگرێت کە مرۆڤ لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بۆ هەموو جۆرە چالاکیەکی مرۆڤ دایدەنێت و کەس ناتوانێت لێیان تێپەڕێت، وەک بەها و داب و نەریتەکان (حجاب ،2010، 240).




**وێنەی 1-1 بازنەی گۆڕاوە ئەخلاقییەکان (هەڵێنجراوی توێژەر)**

زۆرێک لە توێژەرانی دەرەوەی ئەکادیمیا کە لە بواری ڕاگەیاندندا پسپۆڕن، بە دوو هۆکار گرنگیان بە دیاردەی ئەخلاقی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری داوە، یەکەم: بایەخدانی زیاتر بە ئەخلاقیاتی پیشەکانی تر وەک پزیشکی و یاسا. دووەم: زۆرێک لە پراکتیکەکانی میدیا لەڕووی بنەمایەکی ئەخلاقییەوە وەسف و شیکارییان بۆ دەکرێت، وەک ئازادی و بابەتیبوون و تایبەتمەندی، بۆیە گرنگیدان پێویستی بە هەوڵی خوێندکارانی فەلسەفە و ئەخلاق هەیە هەروەک چۆن پێویستی بە خوێندکاریکی میدیا هەیە (Belsey and Chadwick 1992, 4).

**ئاستی سێیەم: بەهای پیشە**

بەها و پێوەرەکانی پیشەی ڕۆژنامەگەری بریتییە لە کۆکردنەوەی بابەتی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕاستییەکان، وەک: ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی، خۆلادان لە بردنی سەرچاوەکان، هەروەها بنەماکانی نووسینی هەواڵ وەک: وردبینی، بابەتیبوون، گشتگیری و هاوسەنگی. (حسام الدين ،2003، 68)

بەهای پیشەیی کۆمەڵێک بنەمان ڕۆژنامەنووس تیایدا کاردەکات و ڕەچاوی ئەو بنەمایانە دەکات کە دانراوە، لەکاتی بە جێگەیاندنی ئەرکەکەی کە پیشەی ڕۆژنامەگەرییە، گرینگترین ئەو بنەمایانەی ڕۆژنامەنووس دەبێت پابەند بێت پێیان بریتیین: لە ڕاستی و دروستی، متمانە، ڕاستگۆیی و ڕوونی و بێلایەنی (العزيز 2006، 53).

**٢-١-٩ ئاستەنگییەکانی بەردەم بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی لای ڕۆژنامەنووسان**

دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان و لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەنووسان لە ماوەی ئەرکەکانیاندا لەلایەن چەندین لایەنی جیاوازەوە لەژێر فشاری جۆراوجۆردان کە ئامانجی سەرەکیان بەکارهێنانی دەزگای ڕاگەیاندنە بۆ بەرژەوەندی تەسکی و کەسی لەسەر حسابی میدیای بەرپرسیار و بابەتی و ڕاستگۆ.

لێرەدا کۆمەڵێک ئاستەنگی هەن بونەتە هۆکاری ئەوەی ڕۆژنامەنووسان پابەندی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی نەبن ئەوانیش:

1. پەینەبردن و ڕەچاونەکردنی بنەما زانستیەکانی ڕاگەیاندن و بنەماکانی ئیتیک و یاسا. پابەند نەبوون بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و زاڵکردنی لایەنی بازرگانی بەسەر لایەنی پیشەیی بوونەوە لەلای دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەنووسانەوە.
2. بوونی کەموکوڕی لە ژینگەیی کاری میدیاییدا، وایکردووە پابەندنەبن ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

**یەکەم:** نەبونی یاسا گەلێ کە ئازادیی کاری میدیایی زامن بکات.

**دووەم:** نەبوونی سەلامەتی گیانی ڕۆژنامەنووسان لە ماوەی ئەرکی میدیایی.

3. ساز و ئامادەنەبوونی خودی ڕۆژنامەنووسان لە ڕێزگرتن و پابەندبونیان بە بنەماو پرەنسیپەکانی پیشەیی بوونەوە.
4. هۆشیاری یاسایی ڕۆژنامەنووس یەکێکی ترە لەو ئاستەنگییانەی بەردەم کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان بووەتە هۆی پابەندنەبوونیان بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسا لە هەرێمی کوردستان (قانع، 2016: ل46).
5. ناسەربەخۆیی دارایی: یەکێکە لە ئاستەنگیەکانی بەردەم پابەندبوون بە بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندن، بەمەش ڕاگەیاندن لە پیشەیی بوون خاڵی ئەبێتەوە، یان بە بوونی ڕاگەیاندن لە دەستی حزبێک یان سەرمایەدارێک کە ئەجێندای سیاسی یان ئابووری دیاریکراوی هەیە، یان نەبوونی یاسای ڕێکلام، هەندێجار ڕاگەیاندن ناچار دەکات سازش بکات بۆ هەندێ لەو کۆمپانیایانەی بەردەوام ڕێکلامەکانیان بڵاودەکەنەوە، ئەمە لە ترسی لە دەستنەدانی داهاتی ڕیکلام. لایەکی تری ئەم ئاستەنگییە بەرژەوەندی دارایی ڕۆژنامەنووسانی ناو دامەزراوە میدیایەکان، وا لە ڕۆژنامەنووسان دەکات بۆ لەدەستنەدانی پیشەکەیان "موجامەلە"ی خاوەن کەناڵەکەیان بکەن و ئەو کارە نامیدیاییانە بکەن کە زیانیان بۆ سەر بابەتیبوون و پیشەییبوونی میدیایی هەیە (زهار، 2015).

پابەندنەبوونی ڕۆژنامەنووسان بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی سیاسی و بەرژەوەندی حزبی و نەبوونی یاسایەکی گشتی بۆ میدیا. هەرچەندە ئەگەر یاسایەکی گشتگیر هەبێت بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان، بەڵام ئیرادەی جێبەجێکردنی نەبوو، ئەوا نەبوونی باشترە، بۆیە پێویستە ئیرادەیەک هەبێت تاکو لێپێچینەوە لەو کارە نایاساییانە بکات کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دەیکەن. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی پابەندنەبوونی ڕۆژنامەنووسان بۆ پارەی سیاسی، دەستوەردانی حزبی، بەرژەوەندی سیاسی تاکەکانی ناو حزب، ململانیی سیاسی نێوان حزبەکان ڕاگەیاندنیشی تێوە

گلاوە. بۆیە ئەوکات ناچارن پەیامە میدیاییەکان لە سەر بنەمای پێشێلی بەرپرسیاریەتی و ئیتیکی و یاسایی بەرهەم بهێنرێت (مەجید 2022، 119).

ئاستەنگییەکانی بەردەم بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانە: کارکردنی بەشـــێک لە کەناڵە کوردییەکان لەســـەر وروژاندن و سەرنج ڕاکێشـان، لە پێناو بەدەسـتهێنانی زۆرترین ژمارەی بینەر و پشـتگوێ خسـتنی بنەما گرنگەکـانی ئیتیکی ڕاگەیـانـدن. لاوازی ئـاســـتی زانین و هۆشـــیـاری و بیرکردنەوەی ڕۆژنامەنووســـان و هەســـت نەکردنیان بە بەرپرســـیاریەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە. نەبوونی دەزگایەکی تایبەت بە چاودێریکردنی ڕۆژنامەنووسان. نەبوونی یاسایەکی باش و گونجاو کە لەگەڵ پیشـــەی ڕۆژنامەنووســـی بگونجێت. ســـیاســـەتی کارکردنی کەناڵە ئاســـمانییەکان هەندێکجار ڕۆژنامەنووس ناچار دەکات نەتوانێت ڕەچاوی ئیتیک و بنەمای بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی بکات.

## تەوەری دووەم/ ئەرک و بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسان

٢-٢-١ چەمک و پێناسەی ڕۆژنامەنووس

٢-٢-٢ بنەماکانی ڕۆژنامەنووس

٢-٢-٣ ئامانج و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە

٢-٢-٤ تایبەتمەندیەکانی کەسی ڕۆژنامەنووس

٢-٢-٥ پێوەر و بەها ڕەوشتییەکانی پیشەی ڕۆژنامەنووس

٢-٢-٦ ئاستەکانی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس

٢-٢-٧ گرینگی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە لە لایەن ڕۆژنامەنووس

٢-٢-٨ پەیماننامەی شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەنووسی

٢-٢-٩ گرینگی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی بۆ کۆمەڵگە

٢-٢-١٠ بنەما سەرەکییەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی

٢-٢-١١ ئامانجەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی

### ٢-٢-١ چەمک و پێناسەی ڕۆژنامەنووس

ڕۆژنامەنووس، ژورنالیست journaliste وشەیەکی فەرەنسییە و مەبەست لێی کەسێکە، پێشەی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی بابەتە بۆ ڕاگەیاندن و ئەو دەزگا میدیاییەی کاری تیادا دەکات (سەپان 2015، 83).

ڕۆژنامەنووس بریتییە لەو کەسەی کاری رۆژنامەگەری دەکات، کارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕووداوەکان و ئاراستەکان و کێشەکانی خەڵکە، چونکە پیشەی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە ڕاپۆرت ئامادە بکات و لە میدیا جۆراوجۆرەکانی وەک: ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و بوارەکانی تر بڵاویان بکاتەوە. کاتێک ڕۆژنامەنووسێک ئیشی خۆی دەکات چەندین وێنەی ڕووداو و کەسایەتییەکانی پەیوەندیدار بەو هەواڵانەی ئاراستەی ڕای گشتی دەکات دەگیرێت و بڵاو دەکاتەوە (خصاونة ،2015، 172).

ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ ئەو کەسایە خۆشەویستی و پەرۆشییەکی زۆری هەیە بۆ ناسینەوە و لێکۆڵینەوە و پرسیارکردن لەپێناو دابینکردنی کۆمەڵێک زانیاری کە خەڵک دەتوانێت لەو زانیاریانە تێبگات (جراوند ،2014، 17).

هەر کەسێک لەبواری ڕۆژنامەگەریدا لە هەر کەناڵێک یاخود دەزگایەکی ڕاگەیاندن کار بکات، پێی دەوترێت ڕۆژنامەنووس (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان 2009, 5).

ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە هەواڵ و زانیاری بە شێوەیەکی و ڕێک و پێک و لەسەر ئاستی پیشەیی کۆدەکاتەوە و ئامادەی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە بۆ جەماوەر (إدريس 2019, 17)

ڕۆژنامەنووس کەسی بەرپرسە لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵ و ڕاستییەکان، بە شێوەیەکی هونەری و زانستی کە کاریگەری هەبێت لەسەر جەماوەر (فەرحی 2009، 21).

ڕۆژنامەنووس ئەو چاودێرە بزێوەیە بێ لایەنانە و بابەتییانە، بەبێ ترس و ئازایانە، کەم کورتییەکان دەدۆزێتەوە و دەیانخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی میللەت ڕاستەوخۆ ئاگای لە

بەڕێوەچوونی کارو بارو بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت، کە داویەتە دەست کەسانێک لەناو دەزگاکانی دەوڵەت و حکوومەتدا نوێنەرایەتی بکەن (قەرەداخی 2016، 214).

ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە زانیاری و هەواڵ لە ئاستێکی پرۆفیشناڵ بۆ جەماوەرێکی گشتی کۆدەکاتەوە و ئامادەی دەکات دواتر بڵاوی دەکاتەوە (خلیل ،2014، 295).

ڕۆژنامەنووس ئەو کەســـــەیە هەڵدەســـــتێت بە ئەنجامدانی چالاکی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و شـیکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان، بەشـێوەیەک ڕاسـتگۆیی پەیڕەو دەکات و بە ئەمانەتەوە هەواڵ و زانیاریەکان دەگەیەنێت بە جەماوەر (جەلال ،2018، 226).

بەپێی ئەو پێناســـانەی ســـەرەوە کە خرانەڕوو ڕۆژنامەنووس ئەو کەســـەیە لە دەزگایەکی میدیایی یاخود بەشـــێوەیەکی ســـەربەخۆ کاردەکات، ڕۆڵێکی گرینگ و ســـەرەکی هەیە لە خستنەڕووی ڕاستی و زانیارییەکان بۆ جەماوەر، بە تیشک خستنە سەر کێشەکانی کۆمەڵگە و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندار و هەوڵدان بۆ چارەسەرکرنی کێشەکان.

### ٢-٢-٢ بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی

پیشەی ڕۆژنامەنوو سی لە سەر کۆمەڵێک بنەمای گرینگ دامەزراوە وەک هەر پیشەیەکی تر، پێویســـتە ڕۆژنامەنووس پابەند بێت بەم بنەمایانە و لە کاتی ڕاپەراندنی کارەکانیدا ڕەچاویان بکات، بۆ سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکەی و باشتر گەیاندنی پەیامەکەی بە جەماوەر وەک:

- پابەندبوون بە وردبوونەوە و لێزانین: وردبینی گوزارشتە لە تاوتوێ و شەنوکەوکردنی بابەتەکان، لێهاتوویی لە پرۆسەی ناسینەوەی هەڵەکان، پاراستنی ڕەسەنایەتی لە ڕێگەی پرس وڕاوێژەوە، دانپێدانان بە هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیان ، ناسینی ڕاستییە بنەڕەتییەکان بەر لە بڵاوکردنەوەیان (محمد، 2019: ل171)
- یەکسانی: ڕۆژنامەنووس دەبێ زۆر زانا و تێگەیشتوو بێت. دەبێ تێگەیشتوو بێت لە یەکسانی لەنێوان ئەرک و ماف ، تێگەیشتوو بێت لەوەی هەموو هاووڵاتییەک بەرامبەر

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەکسانە. بە هیچ شێوەیەک نابێ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ، ببن بە ئامرازی چەند کەسێک، یان توێژێکی دیاریکراو بەرامبەر کەسانی دیکە، یان توێژەکانی دیکە (جاف، 2016).

- ڕاستگۆیی و بابەتی و بێلایەنی: ئەو بنەمایەیە، لە کاتی نووسین و مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ و ڕووداوەکاندا بتوانێت بەیەک دووریی بوەستێت، هەروەها دورکەوتنەوە لە شێواندن و تێکدان، یاخود ئارایشتکردن یان خراپ بەکارهێنانی زانیارییەک، دوور لە حوکمدانی پێشوەخت بۆ ڕووداوەکە. دوورکەوتنەوە لە بڕیی وێنە و هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە بۆ ڕووداوێک، یاخود دەستکاریکردن و شێواندنی دەق و هەواڵێک و دوورخستنەوەی لە میانەی ڕووداوەکە (حیجاب، 2018: ل10).
- ئازادی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری: ئازادی ڕاگەیاندن زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووس پەیامی خۆیان بگەیەننە ڕای گشتی، ئازادیش مانای لادان یان دەرچوون نییە لە بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان بەڵکو ئازادی ئامرازێکە بۆ دەربڕینی دید و ڕەوتەکان کە خزمەت بە پێشکەوتن و بەرژەوەندی گشتی دەکات (شهاب، 2018).
- پاراستنی مافی کەسانی تر: واتە پاراستنی مافی کەسانی تر و پێشێل نەکردنی ئازادیەکانییان، ئاشکرانەکردنی نهێنی ماڵەکانیان مەگەر پرسێک بێت کە خەمی کۆمەڵگە بێت وەک تاوان. (جاف، 2016)
- هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی: واتە ڕۆژنامەنووس دەبێت بەرپرسیاریەتی ڕاستی هەواڵەکەی بگرێتە ئەستۆ بەو مانایەی ڕێگەپێنەدراوە و ناکرێت هیچ هەواڵێک بگوازرێتەوە بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە نەکرابێ و پابەندنەبوبێ بە ڕاستی زانیارییەکان و سەرچاوەکانیان. (یوسف، 2009)
- ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ: دەبێ ڕۆژنامەنووس وریا بێ، بەوەی هەواڵێک بڵاو نەکاتەوە کەرامەتی کەسێک، یان گرووپێکی پێ بشکێنێت ، نابێ دەست لە ژیانی تایبەتیی تاکەکان و تایبەتییەکانیان وەربدات، چونکە ئەمە شێوازێکی نائەخلاقییە. نابێ بە هیچ شێوەیەک وێنای

نەهامەتییەکانی مرۆڤەکان بکات و ئیستغلالی ڕووداوەکانیان بکات، بۆ ئەوەی بیکات بە هەواڵ. (بلمولاي، 2021 : ل 102)

- پابەندبوون بە گشت ئیتیک و ڕێسا و یاسا گرینگەکانی ڕاگەیاندن کە لە لایەن پەرلەمان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی بەها گرینگەکانی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی گشتی دەرکراوە.

- پابەندبوون بە دەستپاکی و نیازپاکی و هەستیارانە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکاندا، چونکە گوزارشت لە ڕاستگۆیی ڕۆژنامەنووس دەکەن، بۆیە پێویستە وەک خۆی هەواڵەکان بگوازێتەوە بەبێ شێواندنی ڕاستیەکان و گۆڕینیان بە ئارەزووی خۆی.

- بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی ونیشتمانی بخاتە پێش بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆی لە پێناو باشترکردنی وڵاتەکەی.

- هەبوونی شارەزایی و پسپۆری و کارامەیی کارکردن لە بواری ڕاگەیاندندا بەشێوەیەکی ڕێک و پێک.

- زانینی زمانی تر جگە لە زمانی دایک و هەبوونی زمانێکی دەوڵەمەند لە ڕووی وشە و ڕستە و دەربڕینەوە.

- دووركەوتنەوە لە بەکارهێنانی زمانی زبر و ناشرین، بە پێچەوانەوە گرنگیدان بە ڕوانبێژی و زمان پاراوی، چونکە کارەکانی ڕۆژنامەنووس پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت بە زمانێکی سادە و ساکار و پاراو پەیامەکانی ئاراستە بکات بۆ ئەوەی هەموو خەڵک لێی تێبگات (پێندرۆیی 2011، 34-35).

ئەم بنەما ڕەوشتیانە لە دڵی پیشەی ڕۆژنامەنووسیدان و نەبوونیان مەترسی لەسەر ئەم پیشەیە دروست دەکات، لەگەڵ گۆڕانی ڕۆڵ و ئامانجەکەی. پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە بنەڕەتدا یارمەتیدانی خەڵکە بۆ ناسینی جیهان و کۆمەڵگە و تاکەکان، گەیاندنی ئەوەی کە لە

کۆمەڵگەکـان دەگوزەرێت و ڕوونکردنەوە لەســـەر ئەو بـابەت و ڕووداوانەی ڕوودەدەن، بەمەبەســـتی تێگەیشـــتنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بابەت و ڕووداوەکان و ئازادانە بڕیاردانیان لەسەر بابەتەکان. هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن بۆچوونێکی دروست بنیات بنێن لەسەر بنەمای ئەو واقیعەی کە لە پلەی یەکەمدا لە ڕێگەی میدیاوە دەیبینن. واتە ئەم ئامرازانە لە ئامانجی ڕاستەوخۆی خۆیاندا خزمەتێکی گشتین (صدقة 2008، 15-16).

ئەم بنەمایانە بە یاسا دیاری ناکرێن، زۆربەیان دەکەونە دەرەوەی بازنەی یاسا و یاسادانان. کۆمەڵێک بنەمای ڕەوشـــتین لەڕێگەی پەیماننامەی شـــەرەف و بنەمای ئیتیکی بۆ پیشـــەی ڕۆژنـامەنووســـی دیـاری دەکرێن، یـاخود بەهۆی ویژدان و بـاوەڕ و ئەو چەمکـانەی ڕۆژنامەنووس باوەڕی پێی هەیە.

**٣-٢-٢ ئامانج و ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵگە**

ئەو کـاتەی ڕۆژنـامەنووس پیشـــە و کـاری ڕۆژنـامەنووســـی هەڵدەبژێرێت و لە کەنـاڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن کار دەکات، لە پاڵ پیشـــەکەی کۆمەڵێک ئامانج و مەبەســـت دیاری دەکات کە دەبنە هەوێنی کارەکەی و گشت هەوڵ و کۆشـشـەکانی دەخاتە گەر بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە وەکو:

- هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەو پێشهات و ڕووداوە گرینگانەی کە ڕوودەدەن. خزمەتکردنی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردن و ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە.

- ڕۆژنامەنووســـی ئەکادیمی و پرۆفیشـــناڵ دەبێتە هۆی دروســـتکردنی پردێکی پەیوەندی پتەوی باش لەنێوان دەسەلات و خەڵک و پشتگیری میللەت و گەل لە بەدەست هێنانی ئامانجە گرینگەکانی (سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، پەروەردەیی، زانستی....) دەکات.

- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ستەم و زۆرداری و چەواشەکاری، دیاردە دزێو و قێزەون و ناشرینەکانی نێو کۆمەڵگە و ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و پێشێلکاری بەهەموو جۆرەکانیەوە لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتوو.

- بەرجەستەکردنی گیانی لێبووردەیی و مرۆڤدۆستی و ئازادی ڕادەربڕین و گەیاندنی پەیامی ئاشتی و ڕاستی و دادپەروەری بە جەماوەر لە پێناو سوود و قازانجی کۆمەڵگەکەی.
- پێویستە ڕۆژنامەنووس ئامانجی یارمەتیدانی هەژار و نەدارەکان بێت و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدات لە ڕێگەی ئاگەدارکردنەوی دەسەڵاتداران و لایەنی پەیوەندیدار لەو کێشە و گرفتانەی کەسانی کەم دەرامەت بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانیان چونکە ئەوانیش بەشێکن لە کۆمەڵگە.

- چاندنی بنەما گرینگەکانی مرۆڤایەتی لە ژیاندا کە خۆی لە یەکسانی، دادپەروەری، ئازادی، ڕابەری، ڕەوشتبەرزی وڕاستی دەبینێتەوە. هەروەها کارکردن بۆ پێشخستنی ماددی و مەعنەوی ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژێت و کۆششکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هزری و زانستی تاکەکان، چونکە ڕۆژنامەنووس سەرچاوەیەکی گرینگە بۆ ڕۆشەنبیرکردنی مرۆڤ (پێندرۆیی 2010، 23).

هەروەها ڕۆژنامەنووس کۆمەڵێک ئەرکی گرینگی لە ئەستۆدایە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێویستە ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکات. جەلال فەرحی نووسەری مەغریبی لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە کتێبەکەی بەناوی (چۆن لە بواری ڕاگەیاندندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت؟) چەند ئەرکێکی گرینگی بۆ ڕۆژنامەنووسان دیاری کردووە کە بریتین لەمانە:

- گەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکان بە جەماوەر وەک خۆی و بەبێ دەسکاری و شێواندنی ڕاستییەکان.

- پێویستە ڕۆژنامەنووس ئەو ڕاستییە بزانێت پەیامەکانی ئاراستەی سێ توێژ لە جەماوەر دەکات "جەماوەرێکی ڕۆشنبیر و جەماوەرێکی مامناوەند و جەماوەرێکی تایبەتمەند"، بۆیە پێویستە پەیامەکانی بە جۆرێک بێت هەر سێ توێژەکە بە جوانی لێی تێبگەن.

- پێویستە جیاوازی لە نێوان هۆشیاری و پەروەردە و ڕۆشەنبیرکردندا بکات.

- دەبێ ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەکی بابەتی و واقعی پێداویستییەکانی جەماوەرەکەی جێبەجێ بکات.

- پێویستە هەمیشە پەیوەندی بە ناوەندەکانی زانیاریەوە هەبێت و بەو پەڕی وردەکارییەوە زانیاری و هەواڵەکان بۆ جەماوەر بگوازێتەوە.

- دەرفەت ڕەخساندن بۆ جەماوەر بۆ ئاگاداربوونیان لە سەرجەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوە گرینگەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ.

- ڕۆژنامەنووس پێویستە سەربەخۆ بێت و بە ئاگا بێت لە کەوتنە ناو ململانێی سیاسی و ئەو ناکۆکییە بچووکانەی کە کاریگەری خراپی لەسەری هەیە و زیانی پێدەگەیەنێت.

- پێویستە ڕۆژنامەنووس لەگەڵ پێشکەوتنی بواری زانستدا ڕێ بکات و بە ئاگا بێت لە دۆزینەوە نوێیەکانی زانست و تەکنەلۆژیای نوێ لە بوارە جیاجیاکاندا (فەرحی 2009، 35-52).

- ڕێزگرتن لە ئازادی و سەربەخۆیی و ئارامی و ئاسایشی گشتی و هەوڵدان بۆپاراستنیان و پێکەوەژیان و ئاشتی، ڕێزگرتن لە بنەما ئاینی و مەزهەبییەکان، بیروباوەڕکان، داب و نەریتە نەتەوەییەکان، هەروەها ڕێزگرتن لە ئابڕووی تایبەتی کەسەکان و خۆپاراستن لە ناوزراندن و تۆمەتبارکردن و بوختان هەڵبەستن بۆیان.

## ٢-٢-٤ تایبەتمەندیەکانی کەسی ڕۆژنامەنووس

بەرپرســـیاریەتی ڕۆژنامەنووس یەکێکە لە بنەما جێبایەخەکانی ئێتیکی پیشـــەی ڕاگەیاندن، پێویستە ڕۆژنامەنووس لە میانی پیادەکردنی پیشـەکەی و لە پێناو پێشکەشکردنی ئەدایەکی باش، ڕەچاوی بکات. گرنگی بەرپرســـیاریەتی ڕۆژنامەنووســـان لە تایبەتمەندی و کرۆکی مانای (بەرپرسیاریەتی و ئیتیکی و ویژدانی) خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت. پرۆفیسۆر (د.هێرش ڕەسول) مامۆستای زانکۆ لە سلێمانی دیارترین تایبەتمەندیی و سیماکانی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووس لە چەند خاڵێکدا چڕدەکاتەوە:

- ڕەچاوکردنی ڕاستی و دروستی لە خستنەڕووی هەواڵ و زانیارییەکاندا.

- وردی لە پێشکەشکردنی داتا و زانیارییەکاندا.

- بێلایەنی و سەربەخۆیی پیشەیی لە نمایشکردنی بۆچوون و تێڕوانینەکاندا.

- ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان گۆشەنیگا جیاوازەکان و ڕەخساندنی هەلی یەکسان لەبەردەم ئاراستە جیا جیاکاندا.

- خۆبەدورگرتن لە بڕیاردانی پێشـــوەخت و لەبەرچاوگرتنی بابەتیبون لە خســـتنەڕووی زانیاری و بۆچونەکاندا.

- بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێرکاریی بابەتییانە، هەنگاونان بەرەو (دەســـەڵاتی چوارەم)، ئەوەش لە ڕێگای چاودێریکردنی سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە.

- هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی پتەوی هاوبەرپرسیاریەتی (بەرپرسیاریەتی هاوبەش) لە نێوان تاک و گروپەکانی کۆمەڵدا.

- کارکردن لەسەر بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردنی هاونیشتمانییان و دۆزە جێبایەخەکانی تاک و کۆمەڵ.

- دورخستنەوەی هەر زیان و مەترسییەک لەسەر ژیان و پانتایی و سیستمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاشتیکۆمەڵایەتی.

- قوڵکردنەوەی گیانی هاونیشتمانیبوون.

- ڕەچاوکردنی لایەنی مرۆیی، و دوورکەوتنەوە لە تۆمەت و ناوزڕاندن، پشێوی و ئاژاوە، هاندان بۆ تاوان، توندڕەوی، توندوتیژی، دەمارگیری، ڕەگەزپەرستی، جیاکاریی (توخم، زمان، ڕەچەڵەک، نەتەوە، ئاینی، ئاینزا، بیروباوەڕی ئایدۆلۆژی و سیاسی) (موراد 2015، 2-3).

هەروەها چوار تایبەتمەندیی تر بۆ ڕۆژنامەنووس دیاری کراوە بریتیین لەمانەی خوارەوە:

**تایبەتمەندی ڕۆشنبیری:** ڕۆژنامەنووس دەبێت هەموو لایەنەکانی ڕۆشنبیری لە خۆیدا کۆبکاتەوە، وا خۆی نەبینێتەوە کە زانین و ڕۆشنبیریی کەمە، واتا درککردنەکانی فراوان بێت و بیرۆکەی ئامادەبێت، گفتوگۆی پاراو بێت، ئەمە وای لێ دەکات لە ڕۆشنبیری ئەوانی دیکەش تێ بگات، پێش ئەوەی بیگوازێتەوەو لەگەڵیدا کارلێک بکات.

**تایبەتمەندی ئاکاری:** ڕۆژنامەنووس لە گواستنەوەی پرس وبیرۆکەکان دەبێت دەست و داوێن و زمان پاک بیت، خاکیی بێت و لە خۆبایی نەبێت لەوەی پۆستە میدیاییەکەی دەرفەتی چاوپێکەوتنی گەورە کەسایەتییەکانی پێ دەدات، هەروەها جێی متمانە بێت و پابەندبێت بە نموونەی باڵا کە خەباتی بۆ دەکات، دەبێت کۆمەڵایەتی بێت و بەشداری لە خۆشی و ناڕەحەتیەکانی خەڵک بکات.

**تایبەتمەندی کەسێتی:** توانای تێگەیشتنی ئەوەی هەبێت کە دەیخوێنێتەوە یان دەیبیستێ یاخود دەیبینێ، توانای شیکردنەوەی هەبێت، بەشێوەیەکی ئاگامەندانە پەی بەو پرسانە دەبات و تێڕوانینێکی کاریگەر و بڕێکی زۆر هاوسەنگی پێوە دیار بێت، هەروەها دەبێت لای ئەوانی دیکە پەسەندکراوبێت، نابێت قسە زۆر بکات، بەڵکو دەبێت خۆی لە خۆپەرستی دوور

بخاتەوە، لەگەڵ وتووێژکەران دادپەروەر و بە ویژدان بێت، لە مەسـەلەکان زیادەڕۆیی نەکات و گەورەیان نەکاتەوە.

**تایبەتمەندی کرداری:** پێویســـتە ڕۆژنامەنووس هەســـت بە کێشــەکانی کۆمەڵگەکەی بکات و لەگەڵیدا کارلێک بکات، ئەم کارلێکە لەگەڵ توانای ڕۆژنامەنووس پەیوەستە، بۆ دروسـتکردنی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەوانەی ســــەرچاوەیەکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیارین (فاروق و کەلاری، 2013، 229-230).

**٢-٢-٥ پێوەر و بەها ڕەوشتییەکانی پیشەی ڕۆژنامەنووس**

پێوەرە ڕەوشـتییەکانی پیشـەی ڕۆژنامەنووس بریتیین لە کۆمەڵێک پێوەری گرنگ، ڕێنمایی و ئاراســتەی ڕۆژنامەنووس دەکەن لەکاتی بەجێگەیاندنی پیشــەکەی، ئەم پێوەرانە ئەوە دیاری دەکەن کە دەتوانرێت لە دۆخێکی دیاریکراودا چی بکرێت. هەروەها ئەم پێوەرانە لەســـەر بنەمای بەها کەسی و پیشـەیی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشـتییەکان دامەزراون. گرنگییەکی زۆری هەیە بەو پێیەی دەتوانێت بەشـداری بکات لە باشـترکردنی ئەدای کاری ڕۆژنامەنووســان و بەشداری بکات لە زیادکردنی چانسی سەرکەوتنی ئەو دەزگا میدیایانەی کە ڕۆژنامەنووسان تێیدا کاردەکەن (غالتونغ و لینش 2010، 64).

توێژەری بەریتانی (ماکویل) هەندێک پێوەری ڕەوشــتی بۆ ڕۆژنامەنووســان دەســتنیشــان کردووە. پێویستە پابەندبن پێیانەوە لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ و ڕووداو و زانیارییەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە وەک:

- پابەندبوون بە بەها پیشەییەکان لە کاتی ڕوومالّکردنی ڕووداوەکان

- پشـتڕاسـتکردنەوەی زانیارییەکان لە ڕێگەی ( وردبینی، ڕاسـتی، بابەتیبوون و هاوسـەنگی).

- دوورکەوتنەوە لە ئەنجامدانی تاوان، توندوتیژی، ئاژاوەی کۆمەڵایەتی، یان سووکایەتیکردن بە کەمینەکان.

- گرینگیدان بە پیشـــەی ڕۆژنامەنووســـی و کارکردن لە پێناو ڕێگریکردن لە شـــێواندن و تێکدانی داب و نەریتی کۆمەڵگە و پـابەنـدبوونی زیـاتر بە بـابەتیبوون و دادپەروەری لە ڕووماڵکردنی ململانێ نەتەوەییەکان (معیوف 2014، 182-183).

لەلایەکی تر دەتوانین بڵێین ڕەوشـتی پیشـەی ڕۆژنامەنووس ئەو پێوەر و بەها ڕەفتارییانەن کە پیشـــەی ڕۆژنامەنووس لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێکدەخەن و چوارچێوەیان بۆ دادەنێن، پـابەنـدبوون بەو پێوەر و بەهـایـانە یەکێکە لە گرنگترین مەرجەکـان بۆ ســـەرکەوتنی ڕۆژنامەنووس لە پیشەکەیدا، وەک:

**ڕاســـتگۆیی:** کۆڵەکە و پایەی گرنگی کاری ڕاگەیاندنە کە مامەڵە لەگەڵ ماددەی میدیایی دەکات. ڕاستگۆیی بنەمای کاری میدیاییە و پەیامی میدیایی هەوڵ دەدات پێی بگات. گەیشتن بە ڕاسـتی پێویسـتی بە هەوڵ و سـەختی لە لایەن ڕۆژنامەنووس هەیە، بۆ ئەوەی بگات بەو سـەرچاوانەی دەیەوێت، بەڵام بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ڕێگەی چەقبەسـتوو ببات، بەڵکو پێویسـتە پابەندبێت بەو شـێوازە ئاسـاییانەی کە یاسـا ڕێگەی پێداوە. چونکە بەبێ ڕاسـتگۆیی هیچ کات ڕاستی و دروستی دەرناکەوێن.

**ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ:** ڕۆژنـامەنووس پێویســـتە خۆی لە بڵاوکردنەوەی هەر زانیـارییەک بەدوور بگرێـت کە کەرامەتی مرۆڤ دابەزێنێـت، یـان ڕێز و حورمەتی کەم دەکاتەوە، یان ناوبانگی لەکەدار دەکات. پێویستە ڕۆژنامەنووسان ئامراز و شێوازی یاسایی بەکاربهێنن بۆ بەدەســـتهێنانی زانیاری، دوور لە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و دەســـتکاریکردنی ڕاســـتیەکان و ناو زڕاندنی کەســـەکان، چونکە پیشـــەی ڕۆژنامەنووس بۆ بەرزنرخاندنی کەرامەتی مرۆڤە و نابێت ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت.

**دەستپاکی و سـەربەخۆیی:** سـەربەخۆیی پێوەرێکی ڕەوشـتی پیشـەیی پەیوەسـتە بە ڕەفتاری تاکەوە. ســـەربەخۆیی و دەســـتپاکی ڕۆژنامەنووس گرنگ و پێویســـتە لەکاتی کۆکردنەوەی بابەت و داتا و بۆچوون. هەروەها گواســـتنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان لە ســـەرچاوە

جۆراوجۆرەکانەوە، بەبێ جیاکاریکردن و هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی ســــاختەکردن. هەروەها دەســـتپاکی تەنیا ڕۆژنامەنووســـان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو کارمەندانەی لە دەرەوە و ناوەوەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان کار دەکەن دەگرێتەوە (بلمولاي 2021، 101).

**دادپەروەری:** پێویستی بە وریایی هەیە لە پێشکەشکردنی بابەتی میدیایی و دوورکەوتنەوە لە لایەنگری بۆ لایەنێک لە لایەنەکانی بابەتێک، یاخود لایەنگری بەرامبەر بە کولتوور یان گرووپێکی دیاریکراو، بەڵکو گواســـتنەوەی هەواڵ و زانیاریەکان وەک خۆی. هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ هەمووان بەپێی ئەو بنەمایانەی کە هاوڵاتیان لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسانن لەبەردەم یاسا و لەبەردەم میدیادا (الشمايلة و اللحام 2015، 32) .

**بەرپرســـیاریەتی:** مافی گشـــتی بۆ زانینی ڕووداوە گرنگەکان. بەرژەوەندی گشـــتی پەیامی سەرەکی میدیایە. مەبەست لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بۆچوونی ڕۆشنگەرانە و خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتییە. هەروەها بەرپرسیاریەتی وردبینی و ڕاستی و دروستی ئەو پەیامانەی بڵاویدەکاتەوە بەسەر ڕۆژنامەنووس دەسەپێنێت. واتە دەبێت ڕۆژنامەنووس بەرپرسیاریەتی ڕاستی هەواڵەکە لە ئەستۆ بگرێت، بەو مانایەی دروست نییە هیچ هەواڵێک بگوازێتەوە بەبێ پشتڕاستکردنەوە و بەدواداچوون. پابەندبوون بە وردبینی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵەکە و وریا بوون لە بڵاوکردنەوە. (الشمايلة و اللحام 2015، 32)

پێویســـتە ڕۆژنامەنووس زۆر زانا و تێگەیشـــتوو بێت لە یەکســـانی لەنێوان ئەرک و ماف. پابەندبێت بە بەها ئەخلاقییەکان لە کاتی پێشـــکەشـــکردنی هەواڵ. لە نێوان بەرژەوەندیی تاکەکان و بەرژەوەندیی گشـــتیدا هاوســـەنگی ڕابگرێت و نابێ ببێتە هۆی گەیاندنی زیان بە بەرژەوەندیی گشـــتی و کەســـانی دیکە. هەروەها پێویســـتە ڕۆژنامەنووس لە هەموو جۆرە داوێنپیســـییەک بەدوور بێت، ڕاســـتگۆیی و پابەندبوونی ئەخلاقی لە کاری ڕاگەیاندندا زۆر گرنگە. بۆ ئەوەی نەبن بە نموونە لەناو خەڵک و ڕەفتار و ئاکاری خەڵکی ئاسایی تێک نەدات، دەبێ خودی ڕۆژنامەنووس لە پابەندبوون بە داوێنپاکی پێشەنگ بێت (جاف ،2016).

## ٢-٢-٦ ئاستەکانی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس

هەندێک لە زانا و توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن بەرپرســـیاریەتی ڕۆژنامەنووس لەوە چڕ دەکەنەوە کە بریتییە لە پـابەنـدبوونی ڕۆژنـامەنووس بە بەهـا و بنەمـا پیشـــەییەکـان. ســــەرەکیترینیان ڕاســـتبێژی، بابەتیبوون و هاوســـەنگییە، هەروەها ئاســـتی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووس بەو بەهایانەوە دەکەنە پێوەر بۆ پێوانەکردنی ڕادەی پابەندی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە ( gross،1996، 232).

(جۆن مێریل) زانای بواری ڕاگەیاندنی جەماوەری، بەرپرسـیاریەتی ڕۆژنامەنووسـی بۆ سـێ ئاست دابەش کردووە بریتیین لە:

**ئاستی یەکەم:** بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسە بەرامبەر بڵاو نەکردنەوەی بابەتی قەدەغەکراو بە یاسـا و ڕێسـا نێودەوڵەتییەکان یان یاسـا خۆجێییەکان کە لەلایەن دەسـەڵاتی حکومەتەوە جێ بەجێ دەکرێت.

**ئاســتی دووەم:** ئەو پابەندییە پیشــەییانەن لە شــەرەفنامە و بەڵێننامە ئیتیکییەکانی ڕاگەیاندن دانراوە و باس کراوە، لە لایەن دامەزراوە ڕۆژنامەگەرییەکان جێبەجێدەکرێن.

**ئاســتی ســێیەم:** ئەو بەها و ئەرکانەیە کە کۆ دەنگییان لەســەرە، کۆمەڵگە بەگشــتی لە ڕێی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەیخاتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسان و چاوەڕوانی لێیان هەیە کە پابەندبن پێوەی (فەرەج ،2013، 73).

(دەنی ئیلیەت) نووســەر و شــارەزای بواری ئیتیکی ڕاگەیاندن ئاســتەکانی بەرپرســیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەم شێوەیە دابەش کردووە:

- بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵگە، لەڕێگای بەخشینی زانیاری بە جەماوەر و پاراستنی تاک لە سوکایەتی و ناوزڕاندن و زیانپێگەیاندن.

- بەرپرســـیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە ویژدانی خۆی. ڕۆژنامەنووســـان لەڕووی ئەخلاقییەوە بەرپرســـن لەکردەوە و لێدوانەکانیان، دەســـتەواژەکانی وەک "ســـەرنووســـەر فەرمانی پێدام" یان "هەموو ڕۆژنامەنووســـان ئەو کارە دەکەن"، ناکرێت ڕۆژنامەنووس ئەم دەســـتەواژانە وەک پاســـاو بەکار بهێنێت بۆ شـــاردنەوەی کارە هەڵەکانی، بەڵکو هەمووکات ڕەخنە لەخۆگرتن پێویستە بۆ هەر کارێکی هەڵە کە ئەنجامی دەدات.

- بەرپرســـیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵگەی ناوەخۆیی، لەڕێی پەیڕەوکردنی ســـیاســـەتێکی هاوســـەنگ لەنێوان خواســـتی خاوەن دەزگاو تاکەکانی کۆمەڵگە (حســـام الدین، 2003، 64).

## ٢-٢-٧ گرینگی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە لە لایەن ڕۆژنامەنووس

هەر رۆژنـــامەنووس و نـــاوەنـــدێکی رۆژنـــامەگەری لەبەرانبەر پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانیدا بەرپرســـیارە، جا ئەو پەیامانە، چ بەشـــێوکی هەواڵ بن یاخود لەڕێی ئەو وێنەو کاریکاتێرو کۆمێنت و ڕاپۆرتانەی لە بارەی ڕووداو و گۆڕانکاری و پێشـــهاتەکانەوە و بەشـێوازی جیاجیا لەســەر ژیانی گشـتی وئاسـایی و پیشـەیی کەسـایەتییەکان دەیانخاتەڕوو. ڕۆژنامەنووس خاوەن بەرپرسیاریەتییەکی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی مەزنە بەو پێیەی بەرپرســـیاریەتی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و ڕووداوەکانی دەکەوێتە ئەســـتۆ بەشێوەیەکی بێلایەنە و بێ دەستکاریکردن. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن بەڵام پیشـــەکەیان بۆ بەرژەوەندی تایبەت و خۆپەرســـتی دەقۆزنەوە و بەکاریدەهێنن، ئەوا متمانەی جەماوەر لەدەســـــت دەدەن، ئەوکات ئەو کارەیان ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەســـــەر دیدگای جەماوەر بۆ هەڵســـــەنگاندنی ڕووداوەکان. بەرپرســـــیاریەتی کۆمەڵایەتی هەســـــتکردنی ڕۆژنـــامەنووســـــە بەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەی جەمـــاوەر پێی بەخشـــــیووە، کۆمەڵایەتیبوونی ڕۆژنامەنووسیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ببێتە وەرگر و گەیەنەرێکی

ڕاستگۆ بە ویژدانی داخوازییەکانی کۆمەڵگە بە حکومەت و لایەنی پەیوەندار (عومەر ،2012، 97-98).

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس جەخت لەسەر ئەو ئەرکانە دەکاتەوە پێویستە ڕۆژنامەنووس پابەندبێت لە بەردەم کۆمەڵگە بۆ پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگە، لەبوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و کەلتووری، هەروەها خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە وەک:

- خزمەتکردنی سیستمی سیاسی بەدابینکردنی زانیاری و گفتوگۆکردن لەسەر پرسە گشتییەکان و ڕێنماییکردنی ڕای گشتی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی و پارێزگاریکردن لەمافی تاکەکان.

- خزمەتکردنی سیستەمی ئابووری لە ڕێگەی دابینکردنی پلەو پایە و داهاتێکی باش، ئەمە دەکەوتە سەر ئەو دەزگایەی ڕۆژنامەنووس کاری تێدا دەکات. هەروەها پاراستنی ئەو پلە و پایە و خۆبەهێزکردن بۆ ئەوەی لە گوشاری بەرژەوەندییە تایبەتەکان ڕزگاری بێت.

- ئەرکی ڕۆشنبیریی بە واتای ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەربڕین و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بۆ هەمووان.

- ئەرکی ڕیکلام و بازاڕگەری و ناساندنی خەڵک بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. (الموسى ،2014، 86-87)

### ٢-٢-٨ پەیماننامەی شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەنووسی

پەیماننامەی شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەنووسی کۆمەڵێک بنەمای ئیتیکییە، وەکو دەستوڕێک بۆ جوڵانەوە و کاری پیشەیی ڕۆژنامەنووسی، ڕۆژنامەنووسان لەنێوان خۆیاندا لەسەری ڕێک دەکەون، یان لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای ڕۆژنامەنووسییەوە لەو وڵاتەدا دادەڕێژرێت (سەعدی 2004، 17).

پەیماننامەی شـــەرەفی ڕۆژنامەنووســـی بریتییە لە کۆمەڵێک ســـیســـتەمی ڕێکخەر، بۆ پەیوەستکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە وەک ڕۆژنامەنووس لە بواری ڕاگەیاندن کار دەکەن، لە ڕووی ڕەفتاری و ئیتیکی لە میانەی پراکتیزەکردنی کاریان (طه 2013، 137).

کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان لەساڵی 1939 بنەمایەکی ئیتیکی بۆ ڕۆژنامەنووسان دانا، دوای ئەوە ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسـان لە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوو بنەما نێونەتەوەییەکانی ئیتیکی پیشـە لە ڕۆژنامەنووسـیدا سـەر لەنوێ داڕشـتەوە (سـەپان 2005، 120-121).

## ٢-٢-٩ گرینگی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی بۆ کۆمەڵگە

هەموو کۆمەڵگەیەک بەها و داب و نەریت و ئیتیکی خۆی هەیە، ئەمانە بەو کۆڵەکە گرینگانەی هەر کۆمەڵگایەک دادەنرێت کە لەسـەری دەوەسـتێت، بە پێشـێلکردنیان دۆخی کۆمەڵگە بەرەو تێکچوون دەچێت. بۆیە ڕێگە بەهیچ بڵاوکراوەیەک نادرێت ببێتە مایەی ســوکایەتی یان تێکدانی کۆمەڵگە وەک؛ لادان و بانگەشـە بۆ کاری خراپ، ناوزڕاندن، دروسـتکردنی ناکۆکی لەنێوان تاکەکان، دەست بردن بۆ ژیانی تایبەتی کەسەکان و لەکەدارکردنیان و ئاشکراکردنی نهێنیەکانیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن (حلو 2006، 112).

پابەندبوون بە بنەما گرینگەکانی کۆمەڵگە و پاراســتنی بەها و کۆڵەکەکانی، بە یەکێک لە گرینگترین بەرپرسیاریەتییەکان دادەنرێت. پێویستە ڕۆژنامەنووس وەکو گوێڕایەڵییەک قبوڵی بکات بەبێ ناچار کردن، پابەندبوون پێی لە هەســتکردنیەتی بە بەرپرســاریەتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژیت. ڕۆژنامەنووس و پرۆفیســۆر بیل کۆڤاریک پێیوایە: "ڕۆژنامەنووس بەرپرسـیاریەتییەکی ئیتیکی لەســەر شـانە بۆ وتنی ڕاسـتییەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بەشــێوەیەکی ســەربەخۆ، بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشــتی کۆمەڵگەکەی". گرنگی پەیماننامەی شــەرەفی ڕۆژنامەنووســی لەوەوە دەردەکەوێت کە وەک ســانســۆرێکی خودییە بۆ ڕۆژنامەنووس، بۆ ئەوەی پیشــەکەیان لەکەدار نەکەن و هەمیشــە

بەرژەوەندی گشـــتی و ئەو پەیامە ڕەچاو بکەن کە دەبێ لەمیانی پیشـــەکەیاندا بیگەیەنن (ڕەسوڵ 2009، 157).

## ٢-٢-١٠ بنەما سەرەکییەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی

ڕۆژنامەنووسان پێویستە پابەندی کۆمەڵێک بنەمای بەرپرسیاریەتی بن کە یاسا بەسەریان دا دەسـەپێنێت، لەکاتی سـەرپێچیکردن و ئەنجامدانی تاوانکاری سـزایان دەدات، ئەویش بریتیین لە کۆمەڵێک بنەما بۆ ڕۆژنامەنووســـان، جەخت لە کۆمەڵێک خاڵی گرینگ دەکاتەوە. زۆربەی پەیماننامەکانی شـــەرەفی ڕۆژنامەنووســـی لەســـەری ڕێککەوتوون. ئەو بنەمایانە لە لایەن ئەنجوومەنەکـانی ڕۆژنـامەنووســـی و ســـەنـدیکـا و یەکێتی و کۆمەڵە و هـاوبەنـدییە ڕۆژنامەنووسیەکان لەجیهان، پسپۆرو مامۆستایانی ڕۆژنامەنووسی دانراوە، لە گرینگترین ئەو بنەمایانە بریتین لە

- ڕەچاوکردنی مافی تایبەتمەندێتی.
- پابەندبوون بە وردبینی و بابەتیبوون.
- پابەندبوون بە چەواشەنەکردنی هەواڵ.
- کاریگەرینەکردن لەسەر ڕێڕەوی دادپەروەری و لێکۆڵینەوە.
- پابەندبوون بە مافی وەڵامدانەوە و ڕاستکردنەوە و رونکردنەوە.
- پابەندبوون بە دوورکەوتنەوە لە لایەنی جنێودان و پەلار هاوێشتن و ناوزڕاندن.
- پابەندبوون بە بڵاوکردنەوەی تاوان لە سنووری بەهاکانی کۆمەڵگە و ئادابی گشتی: (عامر 2006، 43 - 44).

له هەرێمی کوردستاندا بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسان دەرچووە، کە هەر بەڵێننامەی شەرەفی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانە و کراوە بە پاشکۆی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە 35ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان و پێکهاتووە لە نۆ خاڵی سەرەکی:

1. ئەرکی ڕۆژنامەنووسان، بریتییە لە ڕێزگرتن لە ڕاستی و مافی جەماوەر بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان.
2. جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی" ڕۆژنامەنووسان لە میانەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا، هەموو کات داکۆکیی لە ئازادی دەکەن، ئەویش بە گواستنەوەی ڕاستیی و دروستی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەیان، هەروەها مافی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتنیان هەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.
3. ڕێگری دەکات لە ڕۆژنامەنووس ئەو هەواڵانە تەنیا بە پێی دڵنیابوونی لە سەرچاوەکان بڵاودەکاتەوە و بۆی نییە زانیاری گرنگ بشارێتەوە، یاخود بەڵگەنامەکان بشێوێنێ.
4. پێویستە ڕۆژنامەنووس بۆ بەدەستخستنی هەواڵ و وێنە و بەڵگەنامەکان، ڕێگەی دروست و ڕەوا بگرێتەبەر.
5. پیویستە ڕۆژنامەنووس ئەوپەڕی تواناو وزەی خۆی بەکاربهێنێت لە پێناو ڕاستکردنەوە و هەموارکردنی ئەو زانیاریانەی بەشێوەیەکی ناڕاست و نادروست بڵاوکراونەتەوە و خراپ و زیانبەخشن.
6. پێویستە ڕۆژنامەنووس ڕەچاوی پاراستنی نهێنییەکانی پیشەکەی بکات و سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بپارێزێت کە داوای لێکراوە نەیدرکێنێ.
7. دەبێ ڕۆژنامەنووس هۆشداربێت لەو مەترسییانەی ڕەنگە لە ئاکامی ئەو جیاکاریی و ناکۆکییانەی بێتە ئاراوە، لەوانەیە بەهۆی ڕاگەیاندنەوە ڕوویدات. هەروەها هەموو تواناکانی بخاتەگەڕ بۆ ڕێگرتن لەو بانگەشانەی، کە لەوانەیە بنەماکانی ڕەگەزپەرستی، یان نەژادی، زمان، ئاین، یاخود بیروڕای سیاسی و هەر بیروباوەڕێکی دیکە، یان جیاوازی ناسنامە و بنەچەی کۆمەڵایەتی هەبێت.

8. دەبێت ڕۆژنامەنووس ئەوە باش بزانێت هەندێ کار و ڕەفتار، سنوربەزاندنی ترسناکی پیشەکەیەتی، لەوانە: ساختەکاری(انتحال) لێکدانەوە بە نیازی خراپ، تانەوتەشەر، تۆمەتی بێ بنەما و بەرتیل وەرگرتن بۆ بڵاوکردنەوەی، یان شاردنەوەی زانیارییەکان.
9. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی شایستەی ئەو پیشەیەن، پێویستە بڕوایان هەبێت، ئەرکی ئەوانە ڕەچاوی پاراستنی ئەو پرەنسیپانە بکەن کە باسکراون، ئەوەش لە چوارچێوەی یاسای گشتی هەر وڵاتێک باسکراوە (کوردستان، 2007: ل ل 22-23).

**٢-٢-١١ ئامانجەکانی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی**

پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی چەند ئامانجێکی گرینگی هەیە کە بریتین لە:

یەکەم/ پاراستنی جەماوەر لە بەکارهێنانی نابەرپرسیارانەی ڕۆژنامەنووسی، بۆ مەبەستی پڕوپاگەندە و چەواشەکردن و خەڵەتاندنی میدیایی دەگرێتەوە.

دووەم/ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە ناچارکردنیان لەسەر کارکردن بەشێوازە نابەرپرسیارەکان، یان بەڕێگەیەک ناکۆک بێت لەگەڵ ئەوەی ویژدانیان پێیان دەڵێت.

سێیەم/ پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسی لە گەیشتن بە هەموو جۆرەکانی زانیاری لە سەرچاوەکانیانەوە و بڵاوکردنەوەیان، جگە لەو زانیارییانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کارو باری بەرگری و ئاسایشی نەتەوەییەوە پەیوەستن، تاوەکو جەماوەر بزانێت کۆمەڵگە چۆن بەڕێوەدەبردرێت و بتوانێت ڕۆژنامەنووسی بۆ خستنەڕووی ڕا جیاوازەکانی بەکاربهێنێت (ڕەسوڵ 2013، 116).

# بەشی سێیەم

## پەیامی میدیایی و کەناڵە ئاسمانییەکان

### تەوەری یەکەم/ گرینگی پەیامی میدیایی و کاریگەریەکانی لەسەر جەماوەر

٣-١-١ پەیامی میدیایی

٣-١-٢ ئەرکەکانی پەیامی میدیا

٣-١-٣ مەرجەکانی پەیامی میدیایی

٣-١-٤ تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتنی پەیامی میدیایی

٣-١-٥ بەش و توخمەکانی پەیامی میدیایی

٣-١-٦ کاریگەری پەیامی میدیایی لەسەر وەرگر

٣-١-٧ بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵگە لەکاتی گەیاندنی پەیام

### ٣-١-١ پەیامی میدیایی

پەیام یەکێکە لەگرنگترین و بەربڵاوترین ئەرکی ڕۆژنامەنووس لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی میدیایی. هەروەها بەشـێکە لە پرۆسـەی پەیوەندیکردن، پێک دێت لە نێرەر، پەیام، کەناڵ یاخود ئامراز، جەماوەر یان وەرگر. بۆیە پێویسـتە سـەرەتا لە میدیا و پەیوەندیەکان تێبگەین و دواتر باس لە پەیامی میدیایی بکەین. (جابر 2017، 15)

پەیام بەشـێکە لە پەیوەندیکردن، ئەو پرۆسـەیەیە بەدەسـتکەوتنی زانیارییەکی گرنگ لەلایەن نێرەرەوە دەست پێ دەکات و دەگوازرێتەوە بۆ جەماوەر (الموسوي 2006، 3).

پەیام ئەو زانیاری و بیرو بۆچوونانەیە، لەلایەن نێرەر لەڕێگەی ئامرازێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر. واتە ئەو ناوەڕۆک و واتایەیە کە نێرەر دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ جەماوەر لە ڕێگەی کەناڵێکی گەیاندنەو. (دلیو 2013، 13).

پەیامی میدیایی کۆڵەکەیەکی سـەرەکی پرۆسـەی پەیوەندی و ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی نێوان میدیا و جەماوەرە هەمەجۆرەکەیەتی (عثمان 2019، 56).

پەیامی میدیایی یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن، لە دەقی نوسراو بینراو بیستراو لەرێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر. پەیامی میدیایی بنچینەی پرۆسەی ڕاگەیاندنە و ئەڵقەی گیاندنی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگرە و بە هیچ شێوەیەکیش پرۆسەی ڕاگەیاندن بەبێ بوونی پەیامێک ئەنجام نادرێت (کەرکوکی 2008، 24).

پەیامی میدیایی ئەو بابەتە پێشـکەش کراوەیە لە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندییەوە دابین کراوە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کار دەکاتە سەر وەرگر وەک؛ وێنە و وشەی خوێندراو و بیستراو، هەندێکجار ڕەنگە پەیامەکە لە شێوەی ئەو وشانە بێت کە بە دەنگ یان وێنە تۆمار کراون و مەبەسـتی خوازراو دەردەبڕن، یاخود دەسـتەواژە

نووســـراوەکان و هێماکان کە دەتوانرێ لە کاتی گەیشـــتنیان بە وەرگر بە هەر شـــێوەیەک گوزارشت لە مەبەستەکانی نێرەر بکەن(عوض 2009، 34).

پەیامی میدیایی کۆڵەکەیەکی ســـەرەکی پرۆســـەی پەیوەندی و ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی نێوان میدیا و جەماوەرە هەمەجۆرەکەیەتی. ڕاســـتییەکان بە واقیعی تاک و بەرژەوەندییە ڕاســـتەوخۆکانییەوە دەبەســـتێتەوە، گوزارشـــت لەو ئامانجانە دەکات کە میدیا دەیهەوێت بە شێوەیەکی ئاسان بەدەستی بهێنێت و بە ئاسانی و ڕوونی بگاتە بینەری ئامانج و کاریگەری لەسەر وێنەی خوازراو هەبێت (عثمان 2019، 56).

**٣-١-٢ ئەرکەکانی پەیامی میدیا**

پەیامی میدیایی کۆمەڵێک ئەرکی جۆراو جۆر و جیاوازی هەیە:

ئەرکی گواســتنەوەی هەواڵ: یەکێکە لە ئەرکەکانی پەیامی میدیایی، جا هەواڵەکە چ ناوەخۆیی یان هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی بێت، لە هەر بوارێک بێت، ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی یان وەرزشی.

ئەرکی ڕاگەیاندن و پەروەردە: دابینکردنی زانیاری لەبوارە جیاوازەکانی ژیان کە دەبێتە هۆی زیادکردنی زانیاری تاک و ڕۆشـــەنبیرکردنی کۆمەڵگە. هەروەها پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و هاندانیان بۆ دۆزینەوەی و بەدەست هێنانی بەهرەی نوێ.

ئەرکی پێکەوە بەســـتنی نەوەکـان و گواســـتنەوەی کەلەپور: بەســـتنەوەی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نەوەی داهاتوو. گواسـتنەوەی کەلەپوور و بەها و داب و نەریت و زمانی کۆمەڵگە بۆ نەوەی داهاتوو. پاراسـتنی پێکەوەیی و یەکڕیزیی و پاراسـتنی و بیروباوەڕەکان. هەروەها هاندان بۆ ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە یەکبگرن بۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە.

ئەرکی کات بەسەربردن: پێشکەشکردنی بەرنامەی تەرفیهی و دراما و فلم و گۆرانی و میوزیک بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و دڵخۆشکردنی خەڵک. هەروەها ڕزگارکردنی خەڵک لە خەم و پەژارە و ناخۆشییەکان کە لەژیانی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

ئەرکی چاودێری: ئەرکی پاراستن و چاودێریکردن و خستنەڕووی کارە خراپەکان و نایاساییەکان. پاراستنی کۆمەڵگە لە گەندەڵی.

ئەرکی ڕیکلام: ڕێکلام و بازاڕگەرمکردن بۆ کاڵا و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان. جوڵاندنی ئابووری و هاندان و چالاک کردنی بازرگانەکان بۆ بەرهەمهێنانی کالا و بەرهەمی باشتر (جابر 2017، 32).

لەلایەکی ترەوە (هێرش ڕەسوڵ) ئەرکەکانی پەیامی میدیایی بۆ سێ بەش دابەش کردووە ئەوانیش:

یەکەم/ ئەرکی سەرەکی:

- هەواڵ و پێشکەشکردنی زانیاریی جۆراو جۆر.
- دروستکردنی ئاراستە و ڕای گشتی.
- پەیوەندیکردنی مرۆیی.
- گەشەپێدان.

دووەم/ ئەرکی لاوەکی:

- پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشەنبیرکردن.
- گەشەپێدانی کۆمەلایەتی
- ناساندنی ڕووداوە نیشتمانی و نەتەوەییەکان.
- گواستنەوی کولتورو ڕۆشەنبیری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

سێیەم/ ئەركی ئاسایی:

- ڕیكلام و بەبازاركردن.
- خۆشبازیی و كاتبەسەربردن.
- بەڵگاندنی ڕووداوەكان.
- پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری گشتی (مراد 2011، 27).

**٣-١-٣ مەرجەكانی پەیامی میدیایی**

كۆمەڵێك مەرج هەیە پێویستە لە هەر پەیامێكی میدیایی هەبێت:

- ڕوونی بابەتی پەیام و گونجاوی بۆ نێرەر و وەرگر، لەگەڵ پێویستی بەكارهێنانی ئامرازەكان بۆ ڕاكێشانی سەرنجی جاماوەر. گەیاندنی زانیاری بە ئاسانی و ئاسوودەیی.

- بەكارهێنانی ئامرازی گونجاو و بەسوود بۆ گواستنەوەی پەیام و بابەتەكان. ئاشنابوون بە جۆری جەماوەر و كات و شوێن و ناوەڕۆكی بابەت و بەرنامەكەكان.

- بەكارهێنانی وشە و دەستەواژەی جیاواز و شێوەزارە جیاوازەكان بەپێی شوێن و ناوچەكان، بۆ وروژاندن و سەرنجڕاكێشانی وەرگر و زیاتر تێگەیشتن لە پەیامەكان.

- سوود وەرگرتن لەئەزموونەكانی پێشوو بە پشتیوانیكردن لە بیرۆكە ئەرێنییەكان و خۆلادان لە بیرۆكە نەرێنییەكان.

- بەستنەوەی بابەتی پەیامەكە بە پێویستیەكانی وەرگر و هەوڵدان بۆ تێركردنی حەز و ئارەزووەكانێ وەرگر. چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵگە لەڕێگەی خستنەڕووی پێشنیاری دروست.

- ناكۆك نەبوونی پەیامی میدیایی لەگەڵ پێوەرە كۆمەڵایەتیەكان و داب و نەریت.

- نەرمی پەیامەکە و خۆگونجاندنی لەگەڵ بارودۆخ و هەڵویست و هەلومەرجەکان بۆ گەیاندنی ئامانجەکانی (سلیم 2010، 19).

ئاشکرایە پەیامی میدیایی بەپێی جۆری ئەو ئامرازانەی پەیامەکە لە ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە جیاوازە، پەیامەکە لە ناو هەمان ئامرازدا جیاوازە بەپێی بابەت و جۆری پەیامەکە بۆ نموونە، لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆدا چەندین بەرنامەی جیاواز هەیە، هەر وشەیەک و وێنەیەکی بینراو دەبێت لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنەکانی پەیوەست بە هەزاران یان تەنانەت ملیۆنەها کەس یان گوێگر یان بینەر دارێژرابێت. کاتێک پەیام بۆ میدیاکان دەنووسیت، پەیامەکە بۆ بینەرێکی زۆر و بینەرە گەورەکانە بۆیە دەبێت بەردەوام سروشتی ئەم بینەرە لە پێشەوەی ئەو شتە بێت کە نووسەر یان دروستکەری بەرنامەکان بیری لێ دەکاتەوە و ببێتە ڕێنوێنی بۆ هەر کارکردنێکی (هیلیارد 2014، 19).

### ٣-١-٤ تایبەتمەندییەکانی سەرکەوتنی پەیامی میدیایی

زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و بەمەبەستی کۆکردنەوەی وەرگری زیاتر لەدەوری خۆیان کۆمەڵێک پلان و بەرنامە دادەڕێژن. زۆرجار ڕۆژنامەنووس لەکاتی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام کاتێک دەیەوێت بابەتەکان ڕێکبخات و بیگەیەنێت بە جەماوەر تووشی هەڵە و کەموکورتی دەبێت، چ لە شێوازی داڕشتنی پەیامەکان بێت یاخود لە شێوازی ئاراستەکردنیان بێت. (دەروێش 2008، 35)

بۆ ئەوەی پەیامی میدیایی سەرکەوتوو بێت و مەبەستەکانی خۆی لای جەماوەر بپێکێت، گرنگە چەند مەرج و تایبەتمەندیەکی تێدابێت پەیامەکە وەک:

- پەیامی میدیایی دەبێت ڕاشکاوانە و بێ لایەن بێت و ڕاستی و دروستی لەخۆگرتبێت بۆ ئەوەی بگات بە جەماوەر.

- دوور بێت لە هەڵەی زمانەوانی، هەروەها وشـەکانی سـادە و ڕوون و ئاسـان بێت و بەد حاڵیبوونی تێدا نەبێت. بەجۆرێک هەموو خەڵکی لێی تێبگات، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێویست بهێنێتەدی.

- بەزمانێکی سـادە و شـیرین و شـیاوەوە ئاخاوتن لەگەڵ جەماوەردا بکات و پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵدا دروست بکات. پەیامەکە بەزمانی جەماوەری جێی مەبەست (پەتی، ناوچەیی، بیانی) داڕێژرابێت بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو شوێنە لێی تێبگەن (حسێن 2005، 111).

- پەیامی میدیایی دەبێت تەواو و بێ کەمو کورتی بێت، واتایەکی تەواوی هەبێت لەڕێگەی بەخشـینی زانیارییە سـەرەکییەکان وەڵامی پرسـیارەکانی وەرگر بداتەوە و ئامانجی ڕاگەیاندنەکەیشی تێدا ئاشکرا بێت.

- پێویستە نێرەر وشەی خۆش و ناسک و بەپێز لە پەیامەکەیدا بەکار بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویسـتە وشـەکانی پەیامی میدیایی هەسـتپێکراو بن، چونکە وشـەی هەسـتپێکراو مەبەسـتی زیاتر دەپێکن لە وشەی وشک و ئاسایی لەبەر ئەوەی لە هەستی مرۆڤایەتییەوە نزیکن.

- پێویستە نێرەر پەیامەکەی بەکورتی دابڕێژێت و ئەو زانیارییانە لابدات کە بەلای وەرگرەوە بەهایەکی گرنگیان نییە و ئامانجی ڕاگەیاندنەکەش ناهێنێتە دی، لەگەڵ دورکەوتنەوە لە درێژ دادڕی بۆ ئەوەی وەرگر تووشی مەلەل و بێزاری نەبێت (کەرکوکی 2008، 25-26).

### ٣-١-٥ بەش و توخمەکانی پەیامی میدیایی

نووسـەر (سـەباح حەسـەن) لە توێژینەوەکەیدا چەند بەش و توخمێکی بۆ پەیامی میدیایی دیاری کردووە، بریتیین لەمانەی خوارەوە:

پەیامی میدیایی دەکرێت بە سێ بەش لەوانە:

- **بەشـەکانی پەیامی میدیایی بەگوێرەی جەماوەر:** پەیامێک کە ئاراسـتەی جەماوەری گشـتی دەکرێت یان کۆمەڵێکی دیاریکراو لە خەڵک. دابەشـبوونی جەماوەر دەگرێتەوە بەپێی تەمەن

وەک ( کەسانی بەتەمەن، گەنج و هەرزەکاران، منداڵ)، هەروەها دابەشبوونی جەماوەر بەپێی ڕەگەز وەک (نێر و مێ).

– **بە گوێرەی ئامانج:** مەبەســـت لە ئامانجی بەرنامە یان پەیامەکەیە، بۆ نموونە (بەرنامە ئایینییەکان، کات بەســـەربردن، ڕۆشـــنبیری، کەلتووری، پەروەردەیی، وەرزشـــی، هەمەجۆر، دراما....)

– **بە گوێرەی فۆرم (شـــێوە):** ئەو قاڵبە هەواڵیە پێشـــکەش دەکات کە لە ڕێگەیەوە مادەکانی میدیا داڕێژراوە، بۆ نموونە (هەواڵ، ڕاپۆرت، لێکۆڵینەوە، گفتوگۆ و دیالۆگ، ســـیمینار، پێشنیاری جەماوەر......).

هەروەها چەند توخمێکی بۆ پەیامی میدیایی دەستنیشان کردووە بریتیین لە:

**خوێندراو:** واتە ناردنی پەیامەکە بۆ داهاتوو بە خێرایی و بە ئاســـانی و بە توانای بیرهێنانەوەی ناوەڕۆکەکەی.

**ڕێکی:** بریتییە لە ئاراستەکردنێکی دیاریکراو و ڕاستەوخۆی بابەتەکە و گەیشتن بە ئامانج بە باشترین شێوە.

**هاوتەریبی:** شیکردنەوەی بیرۆکەکان و ڕێکخستنەوەیان لەسەر پەیامەکە بەشێوەیکی ئاسایی بەبێ بوونی هیچ کەلێنەک لەبەشەکانی یان بوونی هیچ پچران لەهزر و بیرۆکەکان.

**ڕوونی:** بۆ ئەوەی ڕوونی و ئاشکرایی بەدەست بهێنرێت پێویستە وشەی ڕوون و دیاریکراو بەکاربهێنرێت بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ماناکان بە واتایەکی تر. پێشکەشکردنی نموونەکان بۆ ڕوونکردنەوەی مانا و بەکارهێنانی بەراوردکردن کە یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوە.

**وردی:** هەرچەند پەیامەکە ورد بێت لە مانا و ناوەڕۆکیدا، بەخێرایێ و بە کورتترین ڕێگە دەگات بە جەماوەری ئامانج، لەوانەیە وەرگر بە تەواوی پەیامەکە وەربگرێت و لە مێشـــکیدا بمێنێتەوە و کاریگەری لەسەری دروست بکات.

**بابەتیبوون:** مەبەســـــت لێی ئەوەیە کە پەیامەکە هەڵگری بابەتێکی دیاریکراوی فیکری یان کێشەیەکە، وە زانیاری زانستی و داتای ڕاست و ژمارەی ڕاستەقینەی تێدایە.

**ســـەرنج ڕاکێشـــان:** مەبەســت لە توخمی ســـەرنج ڕاکێشـــان و جۆش و خرۆشـــە لە ڕێگەی گەیاندنی زانیاری، لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامرازانەی لەڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە (عثمان 2019، 54-56).

### ٣-١-٦ کاریگەری پەیامی میدیایی لەسەر وەرگر

پەیامی میدیایی کاریگەری زۆری هەیە لەسـەر تاک بەتایبەتی منداڵ زیاتر لەهەر کەسـێکی تر دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەیامی میدیایی، پاشـــــان هەرزەکاران و ئافرەتان بەگشـــــتی دواتر پیاوان، بۆیە پەیامی میدیایی دەبێت ئاگای لەو جەماوەرە بێت کە بابەتەکانیان ئاراستە دەکات، بەپێی ژینگە یاخود بابەتێکی تایبەت بە ئافرەتان یان هەرزەکاران. هەروەها پێگەی تاک لەناو کۆمەڵگە (هەژار، دەوڵەمەند، خوێندەوار، نەخوێندەوار، فەرمانبەر، کرێکار، بازرگان... هتد)، هەموو ئەم پێگانە کاریگەریان هەیە لەســـــەر ئاســـتی وەرگرتنی پەیامەکە لەلایەن تاکەوە. بۆ نموونە بابەتێکی تایبەت بە ئافرەتان زیاتر ئافرەت گرنگی پێ دەدات و ســـەیری دەکات، بەڵام ئەم بابەتە لەلای پیاوان گرنگیەکی ئەوتۆی نییە. یاخود کەســـــێکی هەژار بەلایەوە گرنگ نییە کە باس لە ئابووری جیهانی و نرخی دەکرێت. پەسەندکردنی پەیامی میدیایی یان رەتکردنەوە و تێگەیشـتن لەلایەن تاک تەنها ناگەڕێتەوە بۆ ئاسـتی کۆمەڵایەتی، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردەیەی لەســـــەری گەورە بووە. ئەو ڕێنماییانەی کۆمەڵایەتیانەی تیایدا ژیاوە دەبێتە بناغەیەکی پەســـەندکردن و وەرگرتنی پەیامە میدیایەکە. خەڵک بەزۆری ئەو پەیامانە پەســـند دەکەن کە لەگەڵ بیروبـاوەرەکـانیـان لەیەک نزیکن و دەگونجێن، ئەگەر هـاتوو پەیـامەکە پێچەوانەی بیروباوەڕەکانیان بوو یان نەگونجا لەگەڵ بیروباوەڕەکانیان، ئەوکات تاک پەیامە میدیایەکە ڕەت دەکاتەوە و پەسەندی ناکات (فاروق و کەلاری 2013، 104-105).

### ٣-١-٧ بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵگە لەکاتی گەیاندنی پەیام

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس لەوەدایە دەبێت بەباشی پابەند بێت بە ئیتیکی پیشەکەی لەکاتی گەیاندنی پەیامی میدیایی بۆ جەماوەر، نابێ ئەو بابەتانەی پێچەوانەی بنەما و ڕێسای کۆمەڵگەن بڵاویان بکاتەوە، بەڵکو پێویستە بەر لە بڵاوکردنەوەی هەر پەیامێک دڵنیاببێتەوە لە ڕاستی و دروستی بابەتەکان لە ڕووی بەرپرسیارێتییەوە تاوەکو تووشی لێپێچینەوەی یاسایی نەبێت لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکان (عطية 2016, 168).

بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵگە، زۆر لەوە زیاتر و گەورەترە لەوەی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان تێیگەیشتوون بەرپرسیاریەتی ڕاگەیاندن لە کەشوهەوای ئاسایی و ئارام، گران و گەورەیە، لەکاتی ناخۆشی و قەیرانەکان بێگومان زیاتر دەبێ. ڕۆژنامەنووس هیچ پێویست ناکا، هەموو زانیارییەک وەک خۆی بگەیەنێت، چونکە هەموو زانیارییەک شایەنی نووسین و بڵاوکردنەوە نییە، رەگەزەکانی هەواڵی تێدا نییە و ناشبێ بڵاوبکرێتەوە. ئەوەی ڕاستیبێ، هەموو هەقیقەتێکیش نابێ بنووسرێ و باسبکرێ. باسنەکردنی هەموو هەقیقەتێک هیچ پەیوەندی بە باش و خراپی حکوومەت و سەرکردەکانی کوردەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەرپرسیارێتی پیشەی ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە. ئەو تێڕوانینە، لەڕاستیدا، لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهان، هیچ تازە نییە و ئەم ڕەچێتەیە بۆ کورد نەنووسراوە، لە کاتی قەیران و ناخۆشی، ڕاگەیاندن سنووردار دەکرێ، ئەو سنووردارکردنە بۆ خۆدەرخستن نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی کۆمەڵگەیە لە هەندێ کارەساتی چاوەڕێ نەکراو (سەپان 2020).

پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسان پەیامەکانیان بەڕاستگۆیی و بێلایەنی ئاراستەی کۆمەڵگە بکەن، کارەکانیان بەم شێوەیە ئەنجام بدەن کە بەرژەوەندی کۆمەڵگە بپارێزرێت و ڕێز لە متمانەی کۆمەڵگەکەی بگرێت. چونکە لە گرینگترین سیما دیارەکانی پیشەی ڕۆژنامەنووسی پابەندبوون و قایلبوونە بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە ئاست کۆمەڵگەکەی.

## تەوەری دووەم

## بەرپرسیاریەتی و گاریگەری پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان لەسەر کۆمەڵگە

**٣-٢-١ کەناڵە ئاسمانییەکان**

**٣-٢-٢ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**

**٣-٢-٣ کاریگەری پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان (کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکان)**

**٣-٢-٤ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کەناڵە ئاسمانییەکان**

**٣-٢-٥ پەیامی میدیایی و کاریگەری کەناڵە ئاسمانییەکان**

**٣-٢-٦ ئازادی و بەرپرسیاریەتی لە کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان**

**٣-٢-٧ ڕەوشتی پیشەی ڕۆژنامەنووس لە کەناڵەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیامی میدیایی**

### ٣-٢-١ کەناڵە ئاسمانییەکان

کەناڵە ئاسمانییەکان ئەو کەناڵانەن لە ڕێگەی مانگی دەسکردەوە دەگوازرێنەوە، کە بە دەوری زەویدا دەسوڕێنەوە لە ڕێڕەوی دیاریکراو و ناسراو (النبي 2010، 25).

سیستەمێکی میدیایی ئەلیکترۆنییە، بەرهەمی شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژیە، لەڕێگەی پەیوەستبوونی بە مانگە دەستکردەکانەوە، پەیام بۆ جەماوەرێکی دیارینەکراو دەنێردرێت (حەسەن و علی 2019، 728).

ئامرازێکی ڕاگەیاندنی جەماوەری گشتین کە بەرنامەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان تۆمارکراو، لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە پەخش و بڵاو دەکەنەوە (محەمەد 2016، 7).

ئەم سەردەمە بە سەردەمی زانیاری بە هەموو مانایەکیەوە دادەنرێت، ئامرازەکانی گواستنەوەی زانیاری بوونەتە گرنگترین توخم لە دروستکردنی سەردەمی ئێستا. کەناڵەکان بوونەتە شۆڕشێکی گەورە لە دنیای ئەمڕۆ، لە گواستنەوەی زانیاری و دەنگ و وێنە و هەواڵەکان بۆ جەماوەر. ئەمەش لە جیهانی پەیوەندیدا بازدانێکی گەورەی بۆ مرۆڤایەتی تۆمار کرد و لە ڕێگەی سەرهەڵدانی کەناڵەکانەوە خەونی زۆرێک لە زانایانی بەدەست هێنا وەک زانای بەریتانی ئارسەر کلارک کە لە ساڵی (1945) هۆشداری دا " بیرۆکەی کەناڵەکان نوێنەرایەتی سیستەمی دەماری مرۆڤ دەکات." (الخليفة 2020، 88).

پرۆسەی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە وای کردووە جیهان لە هەسارەوە بگۆڕێت بۆ گوندێک کە تایبەتمەندی و دیمەنی ڕوون و سنووورداری هەیە، تەواوکراوە لەلایەن هێزی وێنەوە بۆ بنیادنانی چەمکێکی نوێ دەربارەی مرۆڤ و واقیعە کۆمەڵایەتیەکەی. وێنەکە لە جیهانی پەیوەندیدا بووە بە تەکنەلۆژیای داهێنان لە ڕووی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و ئەرشیف و گواستنەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوە، ئەم وێنەیە کە ملیۆنەها کەسی لەڕێگەی هەستی بینینەوە کۆکردۆتەوە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی

ڕاستەوخۆ بە جەماوەر دەگەیەنێت، کە کات و بۆشایی لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە کەم دەکاتەوە (يحياوي 2018، 53).

لەسەردەمی ئێستا کەناڵە ئاسمانییەکان کاریگەرترن لە ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندی و ڕۆڵی سەرەکی و کارا دەبینن لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە (جلال 2014، 1).

کەناڵە ئاسـمانییەکان ئەو ئامرازانەن هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی میدیایی و زانیارین بۆ جەماوەر. یەکێکن لە گرنگترین سـەرچاوەکان، تاکەکان لەهەموو تەمەنێکدا دەتوانن زانیاری و هەواڵەکانی لێ بەدەسـت بهێنن، هەروەها ئامرازێکی پەیوەندی گشـتی کاریگەرن بەهۆی ئەوەی کە توانای سـەرنج ڕاکێشـانیان لە ڕێگەی وێنە و دەنگ و ڕەنگ هەیە. بوونەتە جێگای سەرسوڕمان و جۆش و خرۆشی ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە، لەڕێگەی ناردنی پەیام لەگەڵ ئەو بەرنامە و هەواڵ و دراما و ڕێکلامانەی پەخشـی دەکەن. جگە لەوە کەناڵە ئاسـمانییەکان بوونەتە توخمی کاریگەر و تەواو لەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە (حجازي 2006، 22).

**٣-٢-٢ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**

کەناڵە ئاسـمانییەکان یەکێکن لەو ئامرازە گرینگانەی سـوودێکی ئێجگار زۆریان بۆ نەتەوەی کورد هەبوو. سەردەمێکی تازەیان لە بزاڤی ڕاگەیاندنی کوردی و بزاڤی دۆزی کوردی هێنایە کایەوە (وەندی 2013، 193).

لەمێژووی کورد بۆ یەکەمجار سـەرهەڵدانی کەناڵە ئاسـمانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی (1995). یەکەم کەناڵ کەناڵی (مەد تیڤی- Med tv) بوو، لە بەریتانیا ڕۆژانە بۆماوەی شەش کاتژمێر بەشێوەیەکی فەرمی پەخشی بەرنامەکانی دەستپێکرد. یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان لە (15\12\ 1998) لە شاری هەولێر بەناوی (کوردستان تیڤی-Ktv ) دامەزرا. ئەم کەناڵە لە (17\1\1999) دەسـتی بە پەخش کرد. زیاتر ئاراسـتەی

هەواڵی وەرگرتووە و ســـەر بە ڕاگەیـاندنی پـارتی دیموکراتی کوردســـتـان و دەزگـای ڕۆشەنبیرییە ( میخایلۆڤ و سەپان 2013، 115،97).

کوردســـتان تیڤی بەیەکەمین کەناڵی ئاســـمانی کوردی لە ناوەخۆی هەرێمی کوردســـتان دادەنرێت. لەدیارترین ئامانجەکانی بریتییە لەگەیاندنی دەنگی کوردستان بە دنیای دەرەوە.

کەناڵی (کوردسات-kurd sat ) بە دووەم کەناڵی ئاسمانی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت. ئەم کەناڵە لە (2000\1\1) لەشاری سلێمانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزرا. بە زمانی کوردی و عەرەبی دەستی بە پەخشی ڕاستەوخۆ کرد. کوردسات تیڤی کەناڵێکی گشتییە و بەرنامەکانی هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرن (ماڵپەڕی کوردسات تیڤی، 2000).

دوای ئەم دووکەناڵە، کەناڵی زاگرۆس تیڤی کە دووەمین کەناڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە (2005\6\13) وەک کەناڵێکی ئاســـمانی دامەزرا. کەناڵی زاگرۆس کەناڵێکی هەمەڕەنگ و میللی بوو لە سەرانسەری کوردستان. ئەم کەناڵە زیاتر گرینگی بە زمان و مێژوو و کەلتوری کوردی دەدا (ماڵپەڕی زاگرۆس تیڤی، 2005).

دواتر کەناڵی ئاســـمانی (ڤین -VIN TV) لە (2007\7\15) لە شـــاری دهۆک دامەزرا. ئەم کەناڵە تایبەتە بە میوزیک و گۆرانی، هەروەها گرینگی بە هونەری کوردی دەدات. ئەم کەناڵە یەکەم کەناڵی ئاســـمانی کوردی ســـەربەخۆیە و ئامانجی خزمەتکردنە بە هونەری کوردی و گرینگی بە گۆرانی و کلیپە کوردییەکان دەدات (ماڵپەڕی ڤین تیڤی، 2007).

دواتر کەناڵی ئاسمانی سپێدە کە سەر بە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانە لە (2008\5\29) دەســـتی بە پەخش کرد. ئەم کەناڵە زیاتر گرینگی بە ئاینی ئیســـلام و کێشـــەکانی خەڵک و کلتوری کوردی دەدات، هەروەها گرینگی بە پاراســـتنی ناســـنامەی نیشـــتمانی و نەتەوەیی و ئاینی دەدات. بارەگای سەرەکی ئەم کەناڵە لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە (ماڵپەڕی سپێدە تیڤی، 2008).

کەناڵی ئاسمانی پەیام لە شاری سلێمانی لە باشوری کوردستان لە (1\12\ 2008) دەستی بە پەخشـــی بەرنامەکانی کرد. کەناڵی پەیام بەشـــێکە لە تۆڕی میدیای کۆمەڵ و لە لایەن کۆمەڵی ئیسلامیەوە پشتگیری دەکرێت. ئەم کەناڵە کەناڵێکی هەواڵی سیاسیە و گرنگی دەدات بە ڕومالی ڕوداوە گەرمەکان، هاوکات گرنگی بە بەشی وەرزش دەدات و بەرنامە و گەشتی هەواڵی تایبەتی هەیە (ماڵپەڕی فەرمی کەناڵی ئاسمانی پەیام 2008).

دامەزراندن و هاتنە کایەی کەناڵە ئاســـمانییەکان لە هەرێمی کوردســـتان، بە گشـــت خاوەنداریەتییە جۆراو جۆرەکانی لە ئاکامی کۆمەڵێک پێشـکەوتنی تەکنەلۆژی و سـیاسـی و ئابووریدا بەرجەستەبوون (جەبار 2012، 39).

لە دوای هاتنەکایەی ئەم کەناڵانە چەندین کەناڵی تری ئاســـمانی لە هەرێمی کوردســـتان دامەزران و دەســـتیان بە پەخشـــکردن کرد. وەکو کەناڵی ئاســـمانی kNN، جەماوەر، گەلی کوردســـتان، کۆرەک تیڤی ، کەناڵ چوار، نالیا NRT TV، کەرکوک، پێلیســـتانک، کوردماکس، ڕووداو، کوردستان24، وار تیڤی.....

### ٣-٢-٣ کاریگەری پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان

کەناڵە ئاســـمانییەکان یەکێکن لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری، لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە پەیامەکانی پەخش و بڵاو دەکاتەوە. جەماوەرەکەشی لە ئاستێکی ڕۆشـەنبیری و ئابوری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی جۆراو جۆرو فراوان دایە. واتە خاوەنی زۆرترین جەماوەرە بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندی جەماوەری. هەروەها بەکاریگەرترین ئامراز دادەنرێت لە ئاراسـتەکردنی جەماوەر بە بەراورد بە ئامرازەکانی تر. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەناڵە ئاسـمانییەکان جگە لە ئاراســتەکردنی پەیام و بابەت و زانیاریەکان، وێنە و دەنگ وشە و ڕەنگ و جوڵە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە توانای کۆنترۆڵکردنی هەستی بینین و بیســـتن و هەســـت و ســـۆزی وەرگری هەیە بە بەراورد بە ڕادیۆ و ڕۆژنامە، ئەمەش وا

دەکات زیاتر سەرنج ڕاکێشتر بێت و کاریگەریەکەی زۆر زیاتر بێت لەسەر هزر و ڕەفتاری جەماوەر  بە بەراورد بە ئامرازەکانی تر (حسین 2006، 1).

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگەکان کەناڵە ئاسمانییەکان بوونەتە ئامرازێکی کاریگەر لەناو کۆمەڵگە. کاریگەرییەکی بەرچاوی بەتایبەتی لەسەر ژیانی گەنج و خوێندکارانی ئەمڕۆ لە پرۆسەی خوێندن بەگشتی هەیە. ئامانجی کەناڵە ئاسمانییەکان دروستکردنی کاریگەریە لەسەر وەرگرە بەوەی باوەڕی پێ بهێنێت بۆ ئەنجامدانی ئەو ئامانجەی کەناڵەکە بەدوایدا دەگەڕێت. چەکێکی دووسەرە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆ دەگرێت، واتە سوود و زیانی هەیە لەهەمان کاتدا. بۆیە دەکرێت کاریگەرییە چاوەڕوانکراوەکانی کەناڵەکان دابەش بکرێت بۆ کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی (المبرز 2011، 14).

**کاریگەرییە ئەرێنییەکان**

کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕێگەی پەیامەکانیانەوە کاریگەری ئەرێنی زۆریان لەسەر کۆمەڵگە هەیە. یەکێکن لەگرنگترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری لە جیهان. بوونەتە بەشێکی گرینگ لە ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەنێوان تاکەکان، هەروەها ئاشنابوون بە کەلتوورە جیاوازەکانی جیهان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر. لە زۆر ئاستدا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، بیرۆکەکان بە تاک دەبەخشێت، یارمەتی شێوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکان دەدات، کاریگەری لەسەر هەستەکان هەیە (بیرغر 2012، 95).

هەروەها کەناڵە ئاسمانییەکان بوونەتە ئامرازێکی پەروەردەیی و ئاشنابوونی تاک بە دنیای دەرەوە لە ڕێگەی ئەو پەیامانەی ئاراستەی دەکات. لەو کاتەوەی چووینەتە ناو سەردەمی زانیاری و شۆڕشی دیجیتاڵییەوە، هەموو جیهان هاتۆتە دەستی مرۆڤایەتی، مرۆڤ دەتوانێت هەموو شتێک بزانێت و دەستی بگات بە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانیاری و مەعریفە بە ئازادیٚ و بەبیٚ سانسۆر و چاودێریکردن. هەروەها زانین دەربارەی کەلەپووری داهێنەرانەی مرۆڤایەتی و لێک نزیککردنەوەی جیهان. کەناڵە ئاسمانییەکان کاریان کردووە بۆ تێکدانی ئەو

بەربەســت و ســنوورانەی کە دیوارەکانی نامۆیی و دووریی نیشــان دەدەن لەنێوان وڵاتان. هەروەها توانای فراوانبوون و گەشـــەپێدانی بواری پەیوەندی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی. لەگەڵ ئەوەدا ســوودە پەروەردەیی و زانســتییەکان هاوبەشــییەکی بەهێز و ســەرەکییە بۆ دابینکردنی زانیاری لەسەر نوێترین دۆزینەوە و داهێنانە زانستییەکان و شکاندنی بەربەست لە بەردەم وەرگرتنی زانیاری، مەودایەکی زۆری بۆ تاک دابین کردووە بۆ ئەوەی لە سنووری جوگرافی زیاتر بڕوات، بۆ گەیشتن بە زانیاری (مهنا 2002، 43).

کارلێککردن و پەیوەندی ڕاستەوخۆ، کەناڵە ئاسمانییەکان کاریان کردووە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامە گفتوگۆیەکان لەســـەر بنەمای پەیوەندی ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ بینەردا کە تاک دەتوانێ بیرۆکەکانی بخاتە ڕوو و دەنگی خۆی ببیســـتێت و ئازادانە ڕای خۆی دەرببڕێت. هەروەها بەرزکردنەوەی بەهاکان، زۆرێک لەکەناڵە ئاســـمانییەکان کار دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی بەها کۆمەلایەتییەکانی بینەر. ڕەخنە لەخۆگرتن و گۆڕانکاری، کەناڵە ئاسمانییەکان بەشدارییان لە جۆرێک لە هوشیاریی و پەیوەندی تاکەکەسی لەگەڵ ئەوانی تردا کرد کە ئەمەش وای لێکرد خۆی بەرز بنرخێنێت. بووە هۆی ڕێزگرتن لەبیروڕاو و قبوڵکردنی کەســـانی تر لەلایەن تاکەوە. ئەو بابەتانەی لە کەناڵەکان پێشـــکەش دەکرێت، ڕەنگە وا لە تاک بکات هەمواری بیروڕا و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی خۆی بکات، هەوڵی گۆڕانکاری بدات لەپێناو باشترکردنی ژیانی (عزي 2013، 16).

**کاریگەرییە نەرێنییەکان**

هەرچەندە کەناڵە ئاسمانییەکان چەندین کاریگەری ئەرێنیان لەسەر کۆمەڵگە و گەنجان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەری نەرێنی و خراپیشـــیان هەیە، لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی کە ناوەڕۆکەکانیان بریتییە لە توندوتیژی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕەفتار و لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی(بوردیو 2004، 46).

کەناڵە ئاسمانییەکان کۆمەڵێک کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەسەر گەنج و خوێندکاران. دیارترین کێشەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان بریتیین لە:

- هاندانی هەرزەکاران بووە بۆ لاساییکردنەوەی مۆدێلی ڕۆژئاوایی و وازهێنان لە بەها کۆمەلایەتییەکان و گۆڕانکاری لە پەیوەندی خێزانیدا.

- بەدواداچوونی گەنجان بۆ بەرنامە جۆراوجۆرەکانی کەناڵەکان زۆر جار بابەتی بێ بنەماو مەترسیدار لە ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان ڕەنگدەداتەوە، وەک بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی هەڵە و بیرۆکە خورافیەکان و ئاسانکردنی کەوتنە ناو تەڵەی گۆڕینی بیروباوەڕی ئاینی.

- کاریگەری نەرێنی کەناڵە ئاسمانییەکان لەسەر گۆرینی زمانی دایک، لەڕێگەی پێشکەشکردنی زنجیرە دراما بیانییەکان.

- لادانی ڕەفتار لە نێو گەنجان و هەرزەکاران بە بینینی ئەو ڕەفتارەی کە لە کلیپ و زنجیرە درامابییانییەکان بەرچاو دەکەوێت، کە دەبێتە هۆی لاساییکردنەوە لەلایەن گەنجان، کە لاساییکردنەوەی ئەو ڕەفتار و هەڵسووکەوتانە لەوانەیە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگەکەی نەگونجێت (خریسان 2001، 136-137).

دیاردەی ئالوودەبوون بە کەناڵەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و بڵاوبۆتەوە بۆ هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ ئەوەی بەدەر بێت لە منداڵ، دایکی دەیخاتە بەردەم شاشەی کەناڵەکان کە زیانێکی زۆری هەیە، هەروەها بەساڵاچووان کە ئاڵوودەی کەناڵەکان بوون، واتە بۆتە ژیانی دووەمی تاک. توێژینەوە ڕۆژئاواییەکان ئەوەیان ئاشکرا کردووە سەیرکردنی تەلەڤزیۆن بۆ ماوەی شەش کاتژمێر لەلایەن تاکێکەوە دەبێتە هۆی ئاڵوودەبوونی تاکەکە بەم ئامرازە. ئەم ئالوودەبوونەش دەبێتە هۆی پچڕانی کارلێکێکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر لاوازکردنی پەیوەندییە خێزانەکان دەبێت. سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری بووە هۆی کەمبوونەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دواتر

دەرکەوتنی تەلەفزیۆن و دەرکەوتنی سـایتەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و قوڵبوونەوە لێیان زیاتر بووە هۆی لاوازکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. بێگومان ئەمە بووە هۆی ئەوەی زنجیرەیەک کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی تاک دروست بێت، لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیدا و حەز بەگۆشەگیری بکات و زۆربەی کاتەکانی بەم ئامرازەوە بەسەر ببات. هەروها لاوازکردنی ڕۆڵی سەرکردەکانی بیروڕا لە کۆمەڵگە. لەم دواییانەدا ڕۆڵی ئەو کەسانە کەم بۆتەوە و بووەتە ئەرکی ڕێکخراوە میدیاییە گەورەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرەکانی تر لە سەرکردەکانی بیروڕا (عزي 2013، 18-21)

برەودان بە لادانی ڕەفتار. زۆرێک لەو پەیام و بەرنامانەی لە لایەن کەناڵە ئاسمانییەکانەوە پەخش وبڵاو دەکرێن لادانی ڕەفتار بۆ هەموو گروپەکانی کۆمەڵگە و گەنجان بە تایبەتی، پەرە پێ دەدەن و بەدوای گۆڕینی زۆرێک لە بەها کەلتوورییەکانی کۆمەڵگەن بە بەهاکانی تر کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە دوورکەوتنەوەیە لە کەلتوری ڕەسەنی خۆی. ئەم لادانە ڕەفتارانە بریتیین لە:

- بێڕێزیکردن بە دایک و باوکان و گوێڕایەڵی نەکردن، دۆستایەتی کردنی کەسانی خراپ.

- هاندانی ژنان بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر پیاوان، دەرچوون لە داب و نەریتی کۆمەڵگە.

- بڵاوکردنەوەی توندوتیژی، زۆرێک لەو بەرنامانە لە ناوەڕۆکەکانیان ستایشی هێز و توندوتیژی دەکەن و هانی تاکڕەوی و خۆپەرستی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەدەن. لە زۆربەی فیلم و زنجیرەکاندا بەکارهێنانی توندوتیژی لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا پیشان دەدات (يحياوي 2018، 73-74).

ئەمە وادەكات كاریگەری نەرێنی لەســـەر مرۆڤ هەبێت، لەدەرەنجامدا ژیانی مرۆڤ لە توندوتیژی زارەكییەوە بۆ توندوتیژی جەســـتەیی دەگۆڕێت و هیچ جۆرە بەزەیی و هەماهەنگییەک لەنێوان ئەندامانی خێزان و كۆمەڵگە بەدی ناكرێت.

## ٣-٢-٤ بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی كەناڵە ئاسمانییەكان

فەلسەفەی (تیۆری بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن) هاوكات لەگەڵ ئازادی كاری ڕاگەیاندن جەخت لەســـەر ڕۆڵی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن لەبەرامبەر كۆمەڵگەكانیان دەكاتەوە و شەش پرەنسیپی سەرەكی بۆ كەناڵە ئاسمانییەكان دەخاتە ڕوو:

یەكەم: پێویســـتە كەناڵەكانی راگەیاندن هەســـت بەرپرســـیاریەتی بكەن لە خســـتنەڕوو و ڕوونكردنەوەی ئـامـانج و بەهـاكـانی كۆمەڵگە، هەروەهـا ڕێز لەداب و نەریـت و بەهـا كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگە بگرن.

دووەم: نابێ كەناڵەكانی راگەیاندن درۆ هەڵبەســـتن بەڵكو دەبێ جیاوازی بكەن لە نێوان گەیاندنی ڕاســـتییەكان و دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەكان. هەروەها خەڵک ئازادن لەوەی چی كەناڵێكی ڕاگەیاندن بەكاردەهێنن و لەبەرامبەردا دەبێ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن كۆمەڵگەكانیان لە نوێترین و ڕاسترین و زۆرترین و وردترین ڕووداوەكان ئاگادار بكەنەوە.

ســـێیەم: كەناڵەكان نابێ جیاوازی بكەن لەنێوان چین و توێژ و پێكهاتەكانی كۆمەڵگە، بەڵكو دەبێ بە یەكسانی و بە شێوەیەكی بابەتیانە وێنەی كۆمەڵگە پیشان بدەن و هەموو پێكهاتە و گروپە جیاوازەكانی كۆمەڵگا خۆیانی تێدا ببینەوە.

چوارەم: پێویســـتە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن پابەندبن بە پێدانی زانیاریی ڕاســـت و دروســـت بە خەڵک، بەشێوەیەكی ڕۆژانە و خەڵک ئازادبن بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە زانیارییەكان.

پێنجەم: نابێ سانسۆر بخرێتە سەر كەناڵەكان، تەنها ویژدانی پیشەی ڕۆژنامەوانی و سیاسی خۆیان ئاراســـتەیان دەكەن. بەشـــێوەیەكی گشـــتیی حكومەت نابێ كۆنترۆڵی كەناڵەكانی

ڕاگەیاندن بکات، بەتایبەتی ئەو کەنالانەی کە خاوەناکانیان کەس و دامەزراوەی ئەهلیی و تایبەتن.

شـــەشـــەم: دەبێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ببنە ســـەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و ڕەخنە و پێشـــــنیازەکان و ڕێگەبدەن بۆ بڵاوبوونەوەی ڕا جیاوازەکان و هەموو بۆچوونە گرنگەکان، ئەوانەی لە گەڵیدان هەروەها ئەوانەی ناکۆکن و بیرو ڕاکانیان لەگەڵیان ناگونجێن بخەنەڕوو بەبێ جیاوازی (ساڵح 2019).

**٣-٢-٥ پەیامی میدیایی و کاریگەری کەناڵە ئاسمانییەکان**

کەناڵە ئاســـمانیەکان یەکێکن لە ئاســـانترین و ســـــەرکەوتووترین ئامرازەکانی پەیوەندی کە لەلایەن وڵاتانەوە بەکاردێت بۆ ئاراســـتەکردنی ڕای گشـتی و گەیاندنی پەیام، بەهۆی خێرایی لە بڵاوبوونەوە و کـاریگەرییەکەی. هەروەهـا تـایبەتمەنـدییە هونەری و تەکنیکییەکـانی کە جەماوەر چێژی لێوەردەگرێت. جگە لەوە توانای ئاراســــتەکردنی هەموو تاکەکانی هەیە لە ڕێگەی پەیامەکانی کاریگەریەکی بەرچاوی دەبێت لە گۆرینی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە (جبار 2010، 17،39).

بڵاوبوونەوەی کەناڵە ئاسمانییەکان ئەم دیاردەیەی کردووەتە دیاردەیەکی گشتی کۆمەڵایەتی. بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە توێژەران و زانایانی بواری ڕاگەیـاندن و کۆمەڵنـاســـــی و پەروەردەیی لەو دیاردەیە بکۆڵنەوە کە کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتوری هەیە. ئەم کـاریگەرییـانە لە بیرکردنەوە و هەڵســـوکەوتی بینەرانـدا بەرامبەر بە ڕووماڵکردن و ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی لەم کەنالانەدا دابینکراون و سروشـتی ئەو ڕۆڵەی کە لە شـێوازی هەڵویستەکانیاندا دەیانگێڕن دەکۆڵنەوە (بشیر 2014، 31).

لەبەر ڕۆشـــنایی پەرەســـەندنە مەزنەکەی تەکنەلۆژیا و ســـەرهەڵدانی کەناڵە ئاســـمانییەکان، خەڵک لە هەموو شـوێنێک پەیام و زانیاری وەردەگرن، لە هەموو ســاتێکدا کاریگەری پەیامە

میدیاییەکانیان لەسـەرە کە بە شـێوەیەکی گەورە بینین و تێڕوانینەکانیان پێکدێنن (عبداللطیف 2014، 22).

**٣-٢-٦ ئازادی و بەرپرسیاریەتی لە کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان**

دەزگاگانی ڕاگەیاندن بە بێ بوونی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، ئازادییەکانی تر هیچ مانایەکی نییە، هەموو ئازادییەکان بە بێ ئازادیی ڕاگەیاندن ناتەواو و ناکامڵن، چونکە ونبوونی ئازادیی ڕۆژنامەوانی دەکاتە ونبوونی ئازادیی ڕادەبڕین. مرۆڤیش نەیتوانی بە ئازادی ڕای خۆی دەببڕێ، ئەوا دەبێتە کۆیلە، با ئاڵا و دەوڵەت و پەرلەمانیشی هەبێ (حەسەن 1998، 9)

بەڵام بەداخەوە هەندێ کات، بە پاساوی ئازادیی بیروڕا و ڕۆژنامەگەریی، پێشێلی یاسا و پرەنسیپەکانی ئیتیکی ڕاگەیاندنی کوردی کراوە و دەکرێت، چونکە وا زانراوە، کە ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەکاتی ئەنجامدان و ڕاپەراندنی کارەکانیاندا ئازادیی ڕەهاییان هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا بوونی ئەو ئازادییە بە نەبەزاندنی سنووری ئازادیی و ئابڕووی ئەوانی ترەوە پەیوەستکراوە، کە لە هیچ سیستەمێکی سیاسی و تیۆرێکی فەلسەفەدا نییە کەسەکان بە تەواوەتی ئازاد بن لەوەی، کە لە سەر بیر و بۆچوون و ڕەفتاری کەسەکان دەری ببڕن، بەڵکو ئەو سنوورە فراوانەی ئازادی ڕادەربڕین زیاتر قسەکردن لە سەر بیرو بۆچوون و ئایدیا و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، نەک ڕەفتار و گوفتاری کەسەکان، چونکە بە قەدەر ئازادی ڕادەربڕین مافی ئابڕوو و ناوبانگ گرنگ و پڕ بایەخە (فەوزی 2011 ، 48).

لە ئێستادا کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان لەڕێگەی ناردنی پەیام و زانیاری بەتەواوی تێکەڵاوی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بوونە و کاریگەری بەهێزیان لەسەریان هەیە. ڕاستە کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان کاریان بۆ خەڵک کردووە بەڵام لە هەمان کاتیشدا گرفتیشیان بۆ خەڵکی دروستکردووە و بووەنەتە مایەی شڵەژان و نیگەرانی لای خەڵکی. بەهۆی زیادەڕۆیی لەڕادەبەدەرەوە، هەروەها ئاسەواری نێگەتیف و پێچەوانەیان بەسەر خەڵکەوە داناوە. گرنگی میدیا و کاریگەربوونی بە هاوسۆزی لەگەڵ جەماوەردا دەردەکەوێت،

لەهەرکـاتێکـدا زانرا دەبێتە هۆی ئـازاردانی خەڵکی و تێکـدانی بـاری ئـارامی کۆمەڵگە ئەوا پێویستە شارەزایان و پسپۆران و سەندیکاکانی بواری ڕاگەیاندن لەسەری بێنەگۆ. هەرکاتیک باســـی ڕاگەیاندن دەکرێت لەگەڵیدا باســـی ئێتێکی ڕۆژنامەوانی دێتە ئاراوە. کاریگەری ڕاگەیاندنی کوردی و کەناڵە ئاسمانییەکان لەئێستا هێندە گەورەیە ئەگەر یاسا و ئێتیکی خۆی نەبێت ئەوا کارەساتی مرۆیی دروستدەکات (سالح 2020).

دەبێ ئـازادیی ڕۆژنـامەوانی بە مـافێکی بنەڕەتی دابنرێ بۆ ڕەگەزی مرۆڤـایەتی، مـافێکی دروست و نەگۆڕە و مایەی مشتومڕ نییە، کە بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە گفتوگۆ دەربارەی هەر شتێک بکەیت، کە یاسا قەدەغەی نەکات، بەو یاسایانەشەوە کە کۆت و بەندکراون (ماکدۆگاڵ 2005، 67).

کەواتە پێویستە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە پیشەکانیاندا هەمیشە ئەوەیان لە یادی بێ ئەو ئازادییەیان نەدراوەتێ بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر ماف و ئازادیی کەسانی تر، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە لە ڕێی ئەو ئازادییەوە بەوپەڕی لێ پرســـینەوە و بەرپرســـیاریەتییەوە پەیامەکەنیان بگەیەنە جەماوەر و خزمەتی کۆمەڵگەکەیانی پێبکەن (سەعدی 2010، 119).

**٣-٢-٧ ڕەوشتی پیشەی ڕۆژنامەنووس لە کەناڵەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیامی میدیایی**

ئەخلاقی ڕۆژنامەنووس کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەســـەر ئەو پەیامانە هەیە کە ئاراســـتەی کومەڵگەی دەکـات. دەکرێـت پەیـامەکە ببێتە هۆی گۆرینی بیرۆکەی جەمـاوەر دەربـارەی بابەتێک، یان کاریگەریەکی خراپ یان باشی هەبێت لەسەر جەماوەر، چونکە کاریگەری پەیام لەسـەر جەماوەر بەپێی سیاسـەت و بیروباوەڕی ڕۆژنامەنووس و ئەو کەناڵەی کاری تیادا دەکات دەگۆڕێت. هەندێکجار ڕۆژنامەنووس لە کاتی گەیاندنی پەیامەکان، ڕەوشـتی پیشـەیی و بابەتیبوون و بێلایەنی لەپەیامەکانی پشـــتگوێ دەخات، بەڵکو زیاتر پشـــت بە چۆنیەتی سەرنج ڕاکێشان و کۆکردنەوەی جەماوەر دەبەستێت. بۆیە پێویستە پێش ئامادەکردنی هەر پەیامێکی میدیایی ڕۆژنامەنووس بیر لەو کێشـــانە بکاتەوە کە دوای بڵاوکردنەوە ئەو پەیامە دروست دەبێت (عبدالله 2019، 101).

پێویسته ڕۆژنامەنووس بەبێ جیاوازی ڕەچاوی یاسا و ڕێسا دەستوورەکانی پیشەی ڕاگەیاندن بکات. هەروەها یەکێک لەو بنەمایانەی کە ڕۆژنامەنووس پێویسته لەبەرچاوی بگرێت بەرپرسیاریەتی و پابەندبوونە بە متمانە و بابەتی و بێلایەنی، پاراستنی مافەکانی ئەوانی تر و نەبەزاندنی سنوور.

هەر کۆمەڵگایەک ڕەسەنایەتی و کەلتوور و ڕەوشتی خۆی هەیە و هەر پیشەیەک ڕەوشت و ئاکاری خۆی هەیە، پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەپێشەوەی ئەو پیشانەدایە وێنەی کۆمەڵگە بە ئەزموون و کێشە و دیاردەکانیەوە تیایدا ڕەنگ دەداتەوە. ڕۆژنامەنووس نابێت لە بنەما و بەها چەسپاوەکانی کۆمەڵگەکەی تێپەڕێت. بەڵکو دەبێت بە شێوەیەک کار بکات پەیامەکانی وەڵام دەرەوەی پێداویستی و ئاواتەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بێت، دەرفەتیان پێبدات دیدێکی ڕوونتریان بۆ واقیعی خۆیان هەبێت، چونکە ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووس بێ سوود دەبێت گەئەر پەیامەکان وەکو خۆی و بە بێلایەنی نەگوازێتەوە و بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی ڕاستی کۆمەڵگەکەی نەبێت. گومان لەوەدا نییە کە پیشەی ڕۆژنامەنووسی جیاوازترە لە پیشەکانی تر چونکە پەیامێکە پێش ئەوەی پیشە بێت. ڕۆڵەکەی تەنیا پشت نابەستێت بە ئەدای کارکردنێکی کۆمەڵایەتی یان ڕاهێنانی خولیای پەروەردەیی، بەڵکو زۆر زیاتر و زۆر گرنگە، لە ڕووی کاریگەری لەسەر تاک و گەشەکردنی هۆشیاری و بەشداری کردنی لە بنیاتنانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی ئەو پەیامانەی کە ئاراستەی کۆمەڵگەکەی دەکات (طبابي 2021).

ڕەوشتی پیشەی ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەندییەکی زۆر و گەورەی هەیە جیاواز لە پیشەکانی تر چونکە لە هەموو ئاستەکاندا پەیامەکانی ئاراستەی مێشک دەکات، بەمەش کاریگەری لەسەر مێشکی جەماوەر دەبێت. یەکێک لە سەرچاوەکانی ڕەوشت کۆمەڵگەیە، چونکە سەرچاوەی سەرەکیە کە ڕۆژنامەنووس ڕەوشتی پیشەیی خۆی لێ وەردەگرێت (مهدي 2006، 210).

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس پەیامە ڕۆژنامەوانییەکەی کاریگەری دروســـــت بکات، پەیامەکە دەبێت ڕەنگدانەوەی هەســـــت و کێشـــــە و نیگەرانییەکانی جەماوەر بێت، نەک ڕەنگدانەوەی بیروبـاوەڕەکـانی ڕۆژنـامەنووســـــەکە. بەڵکو دەبێـت بـابەتیبوون و بێلایەنی لە پەیـامی ڕۆژنامەنووســـەکە ڕەنگبداتەوە تاوەکو کاریگەری نەرێنی لەســـەر جەماوەر دروســـت نەکات. هەمیشـــە پێشـــکەشـــکردنی پەیامەکەی بە شـــێوەیەکی بابەتییانە و شـــەفافانە بێت و لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان دابێت

# بەشی چوارەم

## لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم/ ڕێکارەکانی میتۆدی توێژینەوە

٤-١-١ جۆر و میتۆدی توێژینەوە

٤-١-٢ کۆمەڵگای توێژینەوە

٤-١-٣ نموونەی توێژینەوە

٤-١-٤ بوارەکانی توێژینەوە

٤-١-٥ کەرستەی توێژینەوە

٤-١-٦ پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی

٤-١-٧ ڕادەی جێگیری توێژینەوە

٤-١-٨ شێواز و ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکەدا

### تەوەری دووەم/ شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی و خستنەڕووی وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن

- خستنەڕووی داتاکان و شیکردنەوەی فۆڕمی ڕاپرسی

٤-٢-١ ئاماری وەسفی

٤-٢-٢ پرسیارە گشتییەکان

٤-٢-٣ پرسیارە تایبەتییەکان

٤-٢-٤ تاقیکردنەوەی گریمانەکان

٤-٢-٥ ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

٤-٢-٦ چاوپێکەوتن

## تەوەری یەکەم/ ڕێکارەکانی میتۆدی توێژینەوە

ڕێکارەکانی میتۆدی توێژینەوە یەکێکە لە هەنگاوە گرینگەکانی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، چونکە ڕێگا نیشاندەرێکی باشە بۆ توێژەر بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی مەبەستییەتی، ڕێکارە مەیدانییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

### ٤-١-١ جۆر و میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژەر پشتی پێ بەستووە بۆ لیکۆڵینەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە، تاوەکو بە زانیارییە پەیوەندیدارەکان بگات بە ئامانجە گرینگەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی توێژینەوەکە. هەروەها توێژەر میتۆدی تێکەڵی (Method Mixed)ی بەکارهێناوە، لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوەیە گونجاوە و ڕێگایەکی زانستییە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ گەیشتن بە دەرئەنجام.

### ٤-١-٢ کۆمەڵگای توێژینەوە:

هەموو ئەو کەسانەن کە توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە، بەپێی بابەتی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوەکە دیاری دەکرێن. کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان.

### ٤-١-٣ نموونەی توێژینەوە

وەرگرتنی نموونەیەک لە کۆمەڵگای توێژینەوەیە، کە توێژەر کارە مەیدانیەکەی لەسەر ئەنجام دەدات. نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان کار دەکەن و پەیامە میدیاییەکان ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەن. هەروەها بە مەبەستی وەرگرتنی نەموونەی توێژینەوە توێژەر پشتی بە ڕێگای نموونەی (نا هەڕەمەکی مەبەستدار) بەستووە، چونکە سروشتی توێژینەوەکە وا دەخوازێت.

### ٤-١-٤ بوارەکانی توێژینەوە

- بواری شـــوێنی: بریتییە لەو ناوچە جوگرافیایەی توێژەر توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام داوە. بواری شـــوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان.

- بواری کاتی: ئەو ماوەیەیە کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دراوە. بواری کاتی ئەم توێژینەوەیە لە بەرواری 11/6/2022 تاوەکو 23/7/2022 خایاندووە.

- بواری مرۆیی: هەموو ئەو ڕۆژنامەنووســانە دەگرێتەوە لە کەناڵە ئاســمانییە کوردییەکان کار دەکەن و پەیام و زانیارییەکان ئاراستەی جەماوەر دەکان.

### ٤-١-٥ کەرستەی توێژینەوە

١- فۆرمی ڕاپرسـی: یەکێکە لەو ئامرازە گرینگانەی لە توێژینەوە زانسـتییەکان بەکاردێت، بۆ وەرگرتنی زانیاری هەمەجۆر ســـەبارەت بەو دیاردەیەی توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە. لێرەدا توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە. فۆرمەکە لە دووبەش پێک دێت، بەشی یەکەم؛ تایبەتە بە پرســیارە گشــتییەکانی فۆرمی ڕاپرســییەکە. بەشــی دووەم؛ تایبەتە بە پرســیارە تایبەتییەکان، لە سـێ تەوەر پێک دێت، هەریەک لەم تەوەرانە کۆمەڵێک پرســیاری تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان و بابەتی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت.

٢- چاوپێکەوتن: یەکێکە لە ئامرازە زانســـتییە گرنگەکان بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، توێژەر پشـتی پێ بەسـتووە بۆ وەرگرتنی بیرو ڕای دەسـتەبژێری ئەکادیمی سـەبارەت بە بابەتی ئەم توێژینەوەیە، کە خۆی لە ئاراستە کردنی چەند پرسیارێکی گرینگ دەبینێتەوە.

٣- سەرنجدان و تێبینی

### ٤-١-٦ پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی

ئەنجامدانی هەڵسـەنگاندنێکی ورد و زانسـتییە لە لایەن کەسـانی شـارەزا و پسـپۆر لە بواری ڕاگەیاندن بە مەبەســـتی دیاریکردنی ڕادەی گونجاوی بڕگەکان لەگەڵ بابەت و ئامانجەکانی

توێژینەوە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ڕاو بۆچوونی (9) شارەزا و پسپۆڕانی بواری ئامار و ڕاگەیاندنی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر و سلێمانی و زانکۆی ڕاپەڕین و زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە. دەرئەنجام لە کۆی 56 بڕگە هەندێک لە بڕگەکان جێگیر کراون و هەندێکیان دەسکاری کراون و سەرلە نوێ دارێژراونەتەوە هەندێکی تر لابردراون، واتە لە کۆی 56 بڕگە 4 بڕگە بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ بابەتی توێژەنەوەکە لابردران. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1)، بۆ زانینی ناوی سەرجەم هەڵسەنگێنەرانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

**٤-١-٧ ڕادەی جێگیری توێژینەوە**

خشتەی ژمارە 1 ڕادەی جێگیریی تەوەرەکانی فۆرمی ڕاپرسی بە بەکارهێنانی (الفا کرونباخ alpha Cronbach

| تەوەرەکانی توێژینەوە | ژمارەی بڕگەکان | ئەلفا کرۆنباخ |
|---|---|---|
| ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | 12 | %71 |
| لێکەوتەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا | 15 | %89 |
| هۆکارەکانی کەمی ڕەچاوەنەکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | 19 | %88 |
| کۆی گشتی پرسیاری تەوەرەکان | 46 | %89 |

بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی جێگیریی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پێوەری (ئەلفا کرۆنباخ (alphaCronbach) ی بەکارهێناوە، دەکرێت ئەم پێوەرە شرۆڤەی پلەی پێوەندیی لە نێوان وەڵامەکاندا پێوانە بکات. بەهای ئەلفا لە ڕووی ئامارییەوە قبووڵکراوە لایەنی کەم دەبێت لە %60 بێت بۆ گشتاندنی ئەنجامەکان. (Nunnally, 1970, Sekaran, 2003)، بۆیە ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست، هەرسێ تەوەری توێژینەوەکە قبووڵکراون لە ڕووی ئامارییەوە، چونکە زیاتر بوون لە %60 وەک لە خشتەی ژمارە (2) ڕوونکراوەتەوە، کە بەهای ئەلفا لە نێوان (%71) بووە وەکوو کەمترین بەها بۆ تەوەری یەکەم (ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)، بەرزترین

بەهاش (89%) بوو بۆ تەوەری دووەم (لێکەوتەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا)، سەبارەت بە هەر سێ تەوەرەکانی ئەم ڕاپرسییە لەم توێژینەوەیەدا، بەهای بەهای پێوەری ئەلفا کرۆنباخ باش و پەسەندکراوە و گەیشتووەتە (89%)، بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

**٤-١-٨ شێواز و ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکەدا:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ئەو شێوازە ئامارییانەی بەکارهێناوە و ڕیزبەندی کردوون، بە مەبەستی وەسفکردنی داتا و تاقیکردنەوەی ئەو گریمانانەی خستوویەتییەڕوو، بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکان، لە میانی بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە،Statistical Package for social sciences، (IBM SPSS)، لە پێناو شیکردنەوەی داتاکان و دواتریش گەیشتن بە دەرئەنجامەکان(بشير،2003،62)،(جبريل، 2020، 45):

- پێوەرەکانی ئاماری وەسفی، کە پشت بە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی دەبەستێت، ئەویش بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی سامپڵی لێکۆڵینەوەکە، هەروەها دیاریکردنی ژمارەی دۆخەکانی هەر بڕگەیەک و ژمێرەکردنی ڕێژەی سەدییەکەی، ئەمەش بە دیاریکردنی بایەخی ڕێژەیی، بۆ هەموو دۆخەکان و بە گوێرەی ئەو بڕگانەی لە توێژینەوەکەدا هاتوون(المزاح،2013، 37)، (القاضي ،2003، 23).

- ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوانەیی بۆ ئەو بڕگانەی، کە داتاکانیان لە جۆری ڕیزبەندییە، واتە بە مەبەستی ژمێرەکردنی بەهای (ناوەند یاخود تێکڕا) بۆ بڕگەکان و ژمێرەکردنی پەرتەوازەیی داتاکان، لەبارەی ناوەندی ژمێرەیی، بە گوێرەی بڕگەکانەوە (دووری و نزیکی داتاکان لەبارەی ناوەندی ژمێرەییەوە) (القاضي ،2003، 53-54).

- تێستی (T)، بۆ تێستکردنی گریمانەکانی توێژینەوەکەیە (بۆ زانینی هەبوون یاخود نەبوونی جیاوازی واتا ئامارییەکان) بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاست و دروستی ئەو گریمانانەی، کە توێژەر دایناون(طعمة ،2009، 35).

**تەوەری دووەم/ شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە**

**- خستنەڕووی داتاکان و شیکردنەوەیان**

**٤-٢-١ ئاماری وەسفی**

**خشتەی ژمارە 2 گۆڕاوەکانی ڕاپرسیی ڕوون دەکاتەوە**

| تەوەرەکانی توێژینەوە | گۆڕاوەکانی توێژینەوە | ژمارەی پرسیارەکان | دەستەواژە بەکارهاتووەکان لەم فۆرمی ڕاپرسییە | |
|---|---|---|---|---|
| | | | تەوەر | برگە |
| یەکەم: پرسیارە گشتییەکان | ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، ئەزمونی کارکردنت لە بواری ڕاگەیاندندا،ناونیشانی کار،ڕۆژانە چەند کاتژمێر کاردەکەیت | 6 | ------ | ------ |
| دووەم: پرسیارە تایبەتییەکان<br>تەوەری یەکەم | ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | 12 | X1 | X1.1-X1.12 |
| تەوەری دووەم | لێکەوتەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا | 15 | X2 | X2.1-X2.15 |
| تەوەری سێیەم | هۆکارەکانی کەمی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا | 19 | X3 | X3.1-X3.19 |
| کۆی ژمارەی پرسیارەکان | | 52 | | |

لەم توێژینەوەدا پشت بەستراوە بە داتای جۆراوجۆر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بە فۆرمی راپرسی بەستووە بۆ دیاریکردنی گرنگترین تەوەرەکانی توێژینەوەکە لە رێگەی شیکردنەوەی ئەو داتا و ژمارانەی کە پێی گەیشتووە لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی فۆرمی راپرسی. نموونەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بریتییە لە نموونەیەکی مەبەستدار کە بریتییە لە وەرگرتنی رۆژنامەنووسانی نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەو رۆژنامەنووسانەی کە پەیامە میدیاییەکان بۆ کۆمەڵگە دەگوازنەوە. دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان، توێژەر کرداری بەتاڵکردنی بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ناو فۆرمەکە ئەنجام دا، کە لە چەندین خشتەیەک پێکهاتوون، لە خوارەوە زانیارییەکان لە شێوەی خشتە بەند پۆلێن و رێکخراون رەوونکراونەتەوە. خشتەی ژمارە (2) گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە:

## ٤-٢-٢ پرسیارە گشتییەکان

بریتییە لە لە زانیاری گشتی لەسەر ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە رێگای چەند گۆڕاوێک کە بریتیین لە (رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، ئەزموون، پیشە....).

وەسفکردنی سامپڵی لێکۆڵینەوەکە:

ناساندنی تەوەری زانیارییە کەسییەکان:

**- دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی رەگەز:**

خشتەی ژمارە 3 دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی رەگەز

| رەگەز | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 128 | 64.00% |
| مێ | 72 | 36.00% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |



له میانی خشـــتەی ژمارە (3)دا، کە دەکاتە شـــێوەی ژمارە (1) دەردەکەوێت، کە تویژەر دابەشبوونی تاکەکانی سامپڵەکەی بە گوێرەی ڕەگەز ڕوون دەکاتەوە، واتە بەرزترین ڕێژەی تاکەکانی بەشـداربوو، لە نێرینەکانە، ئەوەش بە ڕێژەی لە (64%)ـــــــە، لە بەرامبەریشـدا مێینەکانە، ڕێژەکەیان لە (36%)ـە.

ئەمە ئەوە دەگەێنێت کە زۆرینەی ئەو ڕۆژنامەنووســـانەی فۆرمەکانیان پرکردۆتەوە نێرینـەکـانن، واتە ڕەگەزی نێر زیـاتر لە ڕەگەزی مێ لە کەنـاڵە ئـاســـمـانییە کوردییەکـان کاردەکەن، هەرچەندە لەئێســـتادا بە بەبراورد بە ســـاڵانی پێشـــوو ژمارەی ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس زیادی کردووە، بەڵام ژمارەیان وەک پێویســـت نییە. لەوانەیە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئـاســـتەنگیـانەی کە دێنە ســـەر ڕێی ئەو ئـافرەتـانەی کە لە کەنـاڵەکـان و دەزگـا ڕاگەیاندنەکان کاردەکەن وەک (کۆتوبەندی نەریتی کۆمەڵگە و خێزان، هەراسانکردن، گێچەڵی سێکسی، تێڕوانینی نەرێنی کۆمەڵگە، ڕووبەڕووبونەوەی دۆخی نەخوازراو لەکاتی کارکردندا، بەئاسانی دەست ڕا نەگەیشتن بە زانیارییەکان.....). لە خشتەی ژمارە (3)دا دەردەکەوێت.

**- دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی تەمەن:**

خشتەی ژمارە 4 دابەشبوونی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی قۆناخەکانی تەمەن

| تەمەنی بەرتوێژان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 18- 24 | 27 | 13.50% |
| 25–31 | 40 | 20.00% |
| 32–38 | 67 | 33.50% |
| 39–45 | 48 | 24.00% |
| >=46 | 18 | 9.00% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |




لە میانی خشتەی ژمارە (4)دا، کە دەکاتە شێوەی ژمارە (2)، دابەشبوونی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی تەمەن دەردەکەوێت، لە خشـــتەکەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆرینەی ســـامپڵی

توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تەمەنی نێوان (32 – 38) ساڵیدان، کە ڕێژەکەیان گەیشتووەتە لە (33.50%) لە ڕیزبەندیی یەکەمدایە، بە دوای ئەویشدا تەمەنی نێوان (39 – 45) ساڵی دێت، کە لە ڕیزبەندی دووەمدایە، ئەمەش ڕێژەی بەشداربوون تیایدا لە (24%) بوو، ئینجا ڕیزبەندی سێیەم دێت، ئەوانە دەگرێتەوە، کە تەمەنیان لە نێوان (25 – 31) ساڵیدایە، کە ڕێژەیان لە (20%)ـە، لە ڕیزبەندی دواهەمینیشدا دوو قۆناخی تەمەن دەگرێتەوە (18 – 24) ساڵ و (46 ساڵ و سەرووتر)، کە ڕێژەیان بە دوای یەکدا لە نێوان (9%) و (13.50%)دایە، ئەمەش ئەوە بەدەردەخات، کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان گەنج و پێگەیشتوون لە ڕووی تەمەنەوە.

ئەمەش بە شێوەیەکی ئەرێنیی ڕەنگدانەوەی لەسەر بۆچونەکان و وەڵامدانەوەکان و جۆری ئەنجامەکان دەبێت، کە تا چەند ڕاستگۆن، بۆ ئەوەی پشتیان پێ ببەسترێت و تاوەکوو ئەندازەیەکیش وەربگیرێن، کارکردنی گەنجان لە کەناڵە ئاسمانییەکان کاریگەری ئەرێنی باشی هەیە بە بەراورد بە کەسانی بە تەمەن، چونکە گەنجان توانا و هێزێکی زیاتر و باشیان هەیە بۆ ڕایی کردنی کارەکانیان، هەروەها هەوڵی بەدواداچوون و شوێنکەوتوویی زیاتر بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری و هەواڵەکان و گواستنەوەی پەیامە میدیاییەکان بۆ جەماوەر دەدەن. هەروەکوو لە خشتەی ژمارە (4) ڕوون کراوەتەوە، دابەشبوونی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران بە گوێرەی تەمەن دەخاتەڕوو.

- دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی ئاستی خوێندن:

خشتەی ژمارە 5 دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی ئاستی خوێندن

| ئاستی خوێندنی بەرتوێژان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 5 | 2.50% |
| ئامادەیی | 25 | 12.50% |
| دبلوم | 68 | 34.00% |
| بەکالۆریۆس | 72 | 36.00% |
| دبلۆمی باڵا | 11 | 5.50% |
| ماستەر | 12 | 6.00% |
| دکتۆرا | 7 | 3.50% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |




لە میانی خشـــتەی ژمارە (5)دا، کە دەکاتە شـــێوەی ژمارە (3)، دابەشـــبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکانی ڕۆژنامەنووسـان یاخود میدیاکاران دەنوێنێت، بە گوێرەی ئاسـتی خوێندن، بەو پێیەش دەردەکەوێت زۆرینەی هەرە زۆریان هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن، کە لە ڕووی ڕێژەی بەشـــداریکردنەوەش، لە ڕیزبەندی یەکەمدان، بە ڕێژەی لە (36%)، دوای ئەوانیش هەڵگرانی بڕوانامەی (دیبلۆم) دێت، لە ڕیزبەندی دووەمدان بە ڕێژەی لە (34 %)، هەرچی هەڵگرانی بڕوانامەکانی دیکەیە، ڕێژەی بەشـــداربوونیان یەکجار کەمە، بەم پێیە لەو زانیارییانەی پێشووتر و پێوەندار بە دابەشبوونی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران، بە گوێرەی

ئاســـتی خوێندن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووســـان و میدیاکاران هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) و (دیبلۆم)ن، ڕێژەی بەشداربوونیان لە (70%)یە.

ئەمە وا دەکات تێگەیشـتنیان بۆ بابەتی توێژینەوەکە پتر بێت و ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسـەر جۆری ئەو زانیـارییـانەی، کە لەو دوو لایەنـەوە دەدرێـت، دواتریش جۆری ئەنجـامـەکـانی توێژنەوەکە، دەتوانرێت پشـتیان پێ ببەسـترێت، یاخود وەربگیرێن، بۆیە دەکرێت ئەو ئەنجام و بڕیـارە هـەڵگوزراوانـەی توێژینـەوەکـە، تـا ئـەنـدازەیـەک بگرینـەخۆ. هەبوونی بڕوانـامـەی بەکالۆریۆس بۆ کارمەندانی نێو کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان گرنگی زۆری هەیە، وادەکات بەشـێوەیەکی زانسـتی و ئەکادیمی کارمەندان کار بکەن و بنووسـن، تێگەیشـتنی زیاتریان بۆ بابەتەکان هەبێت، هەروەها دەبێتە هۆی ســـەرکەوتن و پێشـــکەوتنی دەزگا ڕاگەیاندنەکە، هەروەکوو لە خشتەی (5)دا دەردەکەوێت.

**- دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی ساڵانی ئەزموون و شارەزایی لە بواری میدیادا:**

خشتەی ژمارە 6 دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە بە گوێرەی ساڵانی ئەزموون و شارەزایی لە بواری میدیادا

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ئەزموونی کارکردنی بەرتوێژان |
|---|---|---|
| 34.50% | 69 | <5 |
| 27.50% | 55 | 5-10 |
| 24.50% | 49 | 11-16 |
| 9.50% | 19 | 17-22 |
| 4.00% | 8 | >=23 |
| 100% | 200 | کۆی گشتی |




خشتەی ژمارە (6)، کە دەکاتە شێوەی ژمارە (4)، دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکە، بە گوێرەی سالآنی ئەزموون و شارەزایی میدیاکاران لە بواری میدیادا ڕوون دەکاتەوە، توێژینەوەکە ئەوە بەدەردەخات، کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان یاخود میدیاکاران، ئەزموونی کارکردنیان لە بواری ڕاگەیاندندا، کەمتر لە پێنج ساڵە، ڕێژەی ئەوانەی بەشداربوون لە ڕاپرسییەکەدا (34.50%)یە، ئەوەش لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، لە ڕووی بەشداربوونەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسە یاخود میدیاکارانەی لە ڕیزبەندی دووەمدا دێن، کە شارەزایی و ئەزموونی سالآنی کارکردنیان لە نێوان (6-10) ساڵدایە، واتە بە ڕێژەی (27.50%) ، دواتر ڕیزبەندی سێیەمی ئەم میدیاکارانەی ئەزموونی کارکردنیان لە نێوان (11-16) ساڵدایە، بە ڕێژەی (24.50%)یە. سەبارەت بەو دوو گرووپەی دیکەش، کە ماوەتەوە ڕێژەکانیان یەکجار کەمە، لەم زانیارییانەی کە ئاماژەیان پێدرا، بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆرینەی ئەو ڕۆژنامەنووسە یاخود میدیاکارانەی لەم ڕاپرسییەدا بەشداربوون، ئەوا ئەزموونی کارکردنیان لە نێوان ساڵێک تاوەکوو پێنج ساڵە، ئەمەش بە ئەزموونێکی کەم دێتەناسین، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەم گرووپە، بە یەکێک لە گرووپە میدیاکارە گەنجەکان و دەرچووانی نوێ لەم بوارەدا دادەنرێت، دەتوانن پتر سوود لە ئامرازە نوێیەکانی میدیا وەربگرن، بە بەراورد بەو

گرووپانەی، کە ئەزموونێکی زۆریان هەیە، بەڵام تاوەکوو ئەندازەیەک توانای پێوەندگیریی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیان نییە.

دەکرێت بڵێین، کە زۆرینەی ڕۆژنامەنووسـان یاخود میدیاکاران خاوەنی زانیارییەکی باشـن، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسـەر داتاکان دەبێت، هەر بۆیە کاریگەریی ئەرێنیی لەسـەر جۆری ئەنجامەکان لێ دەکەوێتەوە، بەو پێیەی گەنجن، بە واتایەکی دیکە ئەم گرووپە بە چالاک و کارا و زیندوویەتیی دێتە ناسین، بەو پێیەی شارەزاییەکی باشیان لەبارەی تەکنۆلۆجیای نوێ هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی دیکەدا، کە هەرچەندە ئەزموون و ساڵانی کارکردنیشیان لە بواری میدیادا زیاترە.

**- دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەکە بە گوێرەی ناونیشانی پیشەیی:**

خشتەی ژمارە 7 دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژان، بە گوێرەی ناونیشانی پیشەیی

| ڕێژەی سەدی | دووبارەبوونەوە | ناونیشانی پیشەی بەرتوێژان |
|---|---|---|
| 27.50% | 55 | پەیامنێر |
| 26.50% | 53 | هەواڵساز |
| 12.00% | 24 | پێشکەشکار |
| 10.50% | 21 | وێنەگر |
| 23.50% | 47 | هی تر |
| 100% | 200 | کۆی گشتی |



له میانی خشـــتەی ژمارە (7)دا، کە دەکاتە شـــێوەی ژمارە (5)، کە دابەشـــبوونی تاکەکانی بەشـداربووی ڕۆژنامەنووسـان یاخود میدیاکاران دەنوێنێت، بە گوێرەی ناونیشـانی پیشـەیی ئەمە ڕوون دەبێتەوە و بۆ توێژەر بەدەردەکەوێت، کە زۆرینە وەکوو (پەیامنێر) کاردەکەن، ڕێژەکەیان لە (27.50%)یە، لە ڕیزبەندی دووەمیش ئەو ڕۆژنامەنووســـانە دێن، کە بە ناونیشـــانی (هەواڵســـاز) کاردەکەن، کەرەســـتە و ئامرازەکان بەکاردەهێنن، بۆ داڕشـــتنی هەواڵەکان، ڕێژەی بەشداربوونیان لە (26.50%)یە، هەرچی لە ڕیزبەندی سێیەمیشدایە، ئەو بەشـداربووانەن، کە لە بواری پێوەنداردا کاردەکەن، لەژێر ناونیشـانی نادیار و نەناسـراودا، ئەمانەش ڕێژەی بەشـداربوونیان لە (23.50%)یە، سـەبارەت بە ناونیشـانی پیشـەیی، کە لە لایەن توێژەرەوە پۆلێن کراوە، لە ڕیزبەندی چوارەمدا، ڕۆژنامەنووســـانی پێشـــکەشـــکارانی بەرنامەکان دێن، کە ڕێژەیی بەشـــداربوونیان لە (12%)یە، لە دواهەمینیشـــدا وێنەگران دێن، ڕێژەی بەشداربوونیان (10.50%)یە.

لە میانی زانیارییەکانی پێشـــتر و پێوەندار بە دابەشـــبوونی تاکەکانی بەرتوێژان، بە گوێرەی جۆرەکانی ناونیشـــانی پیشـــەیی، توێژەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە زۆرینە وەکوو پەیامنێر کاردەکەن، تەنانەت ئەوانەش، کە ئامرازەکان بەکاردەهێنن، بۆ داڕشـتنی هەواڵەکان، هەروەها ئەوەشی بۆ ڕوون بووەوە، کە لێرەدا چەندان پیشەی دیکە هەن، ئاماژەیان بۆ نەکراوە، کە بە گوێرەی ئـەو پۆلێنـانـەی، توێژەر، پشـــتی پێیـان بـەســـتووە، بۆ پۆلێنکردنی نـاونیشـــانی ڕۆژنامەنووســـان یاخود میدیاکاران، هەروەها ئەوەش بەدەردەکەوێت، کە ڕێژەی هەرە کەم لە بەشـــداربووان، بریتین لە پێشـــکەشـــکارانی بەرنامە بینراو و بیســـتراوەکان، هەروەکوو لە خشـــــتەی ژمارە (7)دا دەرکەوتووە، کە ڕیزبەندی و ڕێژەی بەشـــــداربوونی بەرتوێژان بە گوێرەی ناونیشانی پیشەیی ڕوودەکاتەوە.

**– دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژان، بە گوێرەی کاتژمێرانی کارکردن:**

خشتەی ژمارە 8 دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژان بە گوێرەی کاتژمێرانی کارکردنی ڕۆژانە

| کاتژمێری کارکردنی بەرتوێژان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 2-3 | 18 | 9.00% |
| 4-6 | 72 | 36.00% |
| 7-9 | 85 | 42.50% |
| >=10 | 25 | 12.50% |
| کۆی گشتی | 200 | 100% |




لە میانی خشتەی ژمارە (8)دا، کە دەکاتە شێوەی ژمارە (6)، دابەشبوونی سامپڵێک لە ڕۆژنامەنووسان دەنوێنێت، بە گوێرەی کاتژمێری کارکردن، هەربۆیە توێژەر ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە زۆرینە لە نێوان 7 کاتژمێر بۆ 9 کاتژمیر ڕۆژانە کاردەکەن، ڕێژەکەیان لە (42.50%)یە، بە دوای ئەویشدا گرووپێکی دیکە دێت، لە تاکەکانی بەرتوێژان، کە 4 بۆ 6 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کاردەکەن، ڕێژەکەیان لە (36%)ە، لە ڕیزبەندی سێیەمیشدا ئەوانە دێن، کە لە 10 کاتژمێر و زیاتر لە ڕۆژێکدا کاردەکەن، ڕێژەی بەشداربوونیان دەگاتە لە (12.50%)، لە دواهەمینیشدا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی، لە 2 کاتژمێر بۆ 3 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کاردەکەن، ڕێژەکەیان یەکجار کەمە، کە دەگاتە (9%)، خشتەی

ژماره (8) ڕیزبەندی ڕۆژنامەنووســـــان دەنوێنێت، بە گوێرەی کاتژمێرانی کارکردن، لە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا.

ئەمە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژنامەنووسی پیشـەیەکی گرینگە و کارکردن بۆ ماوەیەکی درێژ وا دەکات ڕۆژنامەنووس زیاتر شارەزایی لە پیشەکەی پەیدا بکات و پێش بکەویت.

**٤-٢-٣ پرسیارە تایبەتییەکان**

کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکەن کە تەوەرەکانی فۆڕمی ڕاپرسی پێک دەهێنن، کە پێک دێن لە سێ تەوەر هەر تەوەرە و کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت لەخۆ دەگرێت.

وەسفکردنی تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم بەشـــــەش قســــە لەبارەی تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەکە دەکات، لە میانی شـــــیکردنەوەی بیروبۆچوونی بەرتوێژان لە تاکەکانی ســـــامپڵەکەدا، هەر بۆیە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەش، بەسەر سێ تەوەردا دابەشکراون: تەوەری یەکەم گوزارشت لە بڕگەکانی ئاستی بەرپرسایێتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووسان دەکات، لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکاندا، تەوەری دووەم گوزارشت لە بڕگەکانی لێکەوتەی ئاســـتی بەرپرســـیاریێتی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووســـــان دەکات، لە پێشکەشکردنی پەیامی میدیاییدا، هەرچی تەوەری سێیەمیشـە، گوزارشت لەبارەی بڕگەکانی تەوەری هۆکارەکانی بایەخنەدان بە بەرپرســـــیاریێتیی کۆمەڵایەتیی دەکات، لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکاندا، ئەمەش بە وەســـــفکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، بە بەکارهێنانی شـــێواز و ڕێگەکانی ئاماری وەکوو: (دابەشبوونی دووبارەبووەکان، ڕێژەی سـەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری و ڕێژەی هاوڕابوون)، لە دوای شیکردنەوەی داتاکان، ئەم ئەنجامانە بەدەست هاتن، کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:

– وەسفکردنی تەوەری ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا:

**خشتەی ژمارە 9 وەسفکردنی تەوەری ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**

| دەستەواژەکان | # | بەتەواوی هاوڕانیم | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | بەتەواوی هاوڕام | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | | | |
| X1.1 | | 17 | 94 | 8 | 57 | 24 | 2.89 | 1.25 | 57.70% |
| | % | 8.50% | 47.00% | 4.00% | 28.50% | 12.00% | | | |
| X1.2 | دووبارە | 23 | 95 | 11 | 53 | 18 | 2.74 | 1.22 | 54.80% |
| | % | 11.50% | 47.50% | 5.50% | 26.50% | 9.00% | | | |
| X1.3 | دووبارە | 4 | 46 | 13 | 96 | 41 | 3.62 | 1.11 | 72.40% |
| | % | 2.00% | 23.00% | 6.50% | 48.00% | 20.50% | | | |
| X1.4 | دووبارە | 11 | 69 | 20 | 78 | 22 | 3.16 | 1.17 | 63.10% |
| | % | 5.50% | 34.50% | 10.00% | 39.00% | 11.00% | | | |
| X1.5 | دووبارە | 3 | 17 | 6 | 100 | 74 | 4.13 | 0.93 | 82.50% |
| | % | 1.50% | 8.50% | 3.00% | 50.00% | 37.00% | | | |
| X1.6 | دووبارە | 4 | 34 | 9 | 108 | 45 | 3.78 | 1.04 | 75.60% |
| | % | 2.00% | 17.00% | 4.50% | 54.00% | 22.50% | | | |
| X1.7 | دووبارە | 16 | 92 | 20 | 59 | 13 | 2.81 | 1.14 | 56.10% |
| | % | 8.00% | 46.00% | 10.00% | 29.50% | 6.50% | | | |
| X1.8 | دووبارە | 5 | 43 | 9 | 66 | 77 | 3.84 | 1.22 | 76.70% |
| | % | 2.50% | 21.50% | 4.50% | 33.00% | 38.50% | | | |
| X1.9 | دووبارە | 25 | 88 | 12 | 57 | 18 | 2.78 | 1.24 | 55.50% |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | 9.00% | 28.50% | 6.00% | 44.00 % | 12.50% | % | |
| 58.10% | 1.22 | 2.91 | 17 | 69 | 12 | 82 | 20 | دووباره | X1.10 |
| | | | 8.50% | 34.50% | 6.00% | 41.00 % | 10.00% | % | |
| 71.80% | 1.14 | 3.59 | 39 | 97 | 15 | 41 | 8 | دووباره | X1.11 |
| | | | 19.50% | 48.50% | 7.50% | 20.50 % | 4.00% | % | |
| 74.00% | 1.05 | 3.70 | 39 | 107 | 13 | 37 | 4 | دووباره | X1.12 |
| | | | 19.50% | 53.50% | 6.50% | 18.50 % | 2.00% | % | |
| 66.53% | 0.45 | 3.33 | 427 | 947 | 148 | 738 | 140 | دووباره | X1 |
| | | | 17.79% | 39.46% | 6.17% | 30.75 % | 5.83% | % | |
| | | | 57.25% | | | 36.58% | | تێکرا | |




ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (9) کە دەکاتە شێوەی ژمارە (7)، ئاماژە بە دابەشبوونی دووبارەبووەکان، ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەکەن، بۆ وەڵامدانەوەکان لە هەمبەر دەستەواژەکانی (x1.1-x1.12)، بە تایبەت لەبارەی وەسفکردنی بیروبۆچوونی بەرتوێژان لە

هەمبەر تەوەری ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، کە بە لای هاوڕابوون دادەشکێتەوە، ڕێژەکان بە گوێرەی نیشانە گشتییەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە لە (57.25%) لە بەرتوێژان هاوڕان لەبارەی ئەوەی ئەم دەستەواژانە دەیانگرنەخۆ، لە هەمبەردا ڕێژەی لە (36.58%) هاوڕا نین، لەگەڵ ناوەرۆکی دەستەواژەکانی ئەم ڕەهەندەدا، بە واتایەکی دیکە ڕۆژنامەنووسان بەرپرساریەتیان هەیە، لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا، ڕێژەی هاوڕابوون لەبارەی ڕەهەندی ناوبراوەوە گەیشتووەتە لە (66.53%)، کە لە ڕێگەی ناوەندیی ژمێرەیی (3.33) و لادانیی پێوەری (0.45) بەدەستهاتووە، ئەمەش ئەنجامێکی سەرەتایی دەنوێنێت، لەبارەی فەراهەمبوونی نیشانەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووسان یاخود میدیاکاران لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، بە گوێرەی دەستەواژەکانی ڕەهەندی ناوبراویش، وەکوو نیشانەیەکی هەندەکییانە، دەبینین بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون بۆ دەستەواژەی (x1.5)ـە، کە گەیشتووەتە لە (82.50%)، بە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانیی پێوەریش بڕەکەیان بە دوای یەکدا (4.13) و (0.93)یە.

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان هەواڵەکان زۆر قەبە و گەورە دەکەن و زێدەڕۆیی لە دارشتنی هەواڵەکاندا دەکەن، بە واتایەکی دیکە بابەتە هەواڵییەکان لە قەبارەی ڕاستەقینە و دروستی خۆی زیاتر پیشان دەدەن و دەخەنەڕوو، واتە لێرەدا زێدەڕۆیی دەکرێت، لە گێڕانەوە و نووسینی بابەتە هەواڵییەکاندا، لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی هاوڕابوون (ناهاوڕابوون) لەسەر ئاستی دەستەواژەکان، بۆ دەستەواژەی (x1.2)ـە، کە گەیشتووەتە (54.80%)، بە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانیی پێوەرییەوە، کە بڕەکەیان بە دوای یەکدا (2.74) و (1.22)ـە، ئاماژە بە سامپڵی توێژینەوەکە دەدات، کە ڕۆژنامەنووسان ناهاوڕان، لەبارەی بێلایەنبوون لە کاتی گواستنەوەی هەواڵەکان بۆ جەماوەر، بە واتایەکی دیکە ڕۆژنامەنووسان یاخود میدیاکاران لایەندارن لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا، هەروەکوو لە خشتەی ژمارە (9) ڕوون کراوەتەوە، کە ڕێکخستنی برگەکانی تەوەر دەنوێنێت بە گوێرەی هاوڕابوون و بیروبۆچوونی بەرتوێژان.

**- وەسفکردنی تەوەری لێکەوتەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا:**

**خشتەی ژمارە 10 وەسفکردنی تەوەری لێکەوتەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا**

| دەستەواژەکان | # | بەتەواوی هاوڕانیم | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | بەتەواوی هاوڕام | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | | | |
| X2.1 | دووبارە | 4 | 39 | 12 | 106 | 39 | 3.69 | 1.06 | 73.70% |
| | % | 2.00% | 19.50% | 6.00% | 53.00% | 19.50% | | | |
| X2.2 | دووبارە | 2 | 31 | 7 | 110 | 50 | 3.88 | 0.99 | 77.50% |
| | % | 1.00% | 15.50% | 3.50% | 55.00% | 25.00% | | | |
| X2.3 | دووبارە | 1 | 45 | 12 | 110 | 32 | 3.64 | 1.02 | 72.70% |
| | % | 0.50% | 22.50% | 6.00% | 55.00% | 16.00% | | | |
| X2.4 | دووبارە | 3 | 66 | 15 | 94 | 22 | 3.33 | 1.09 | 66.60% |
| | % | 1.50% | 33.00% | 7.50% | 47.00% | 11.00% | | | |
| X2.5 | دووبارە | 0 | 33 | 14 | 99 | 54 | 3.87 | 0.99 | 77.40% |
| | % | 0.00% | 16.50% | 7.00% | 49.50% | 27.00% | | | |
| X2.6 | دووبارە | 5 | 72 | 8 | 93 | 22 | 3.28 | 1.14 | 65.50% |
| | % | 2.50% | 36.00% | 4.00% | 46.50% | 11.00% | | | |
| X2.7 | دووبارە | 6 | 75 | 11 | 82 | 26 | 3.24 | 1.17 | 64.70% |
| | % | 3.00% | 37.50% | 5.50% | 41.00% | 13.00% | | | |
| X2.8 | دووبارە | 2 | 35 | 10 | 115 | 38 | 3.76 | 0.99 | 75.20% |
| | % | 1.00% | 17.50% | 5.00% | 57.50% | 19.00% | | | |
| X2.9 | دووبارە | 3 | 57 | 9 | 103 | 28 | 3.48 | 1.09 | 69.60% |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | 14.00% | 51.50% | 4.50% | 28.50% | 1.50% | % | |
| 76.20% | 1.01 | 3.81 | 45 | 110 | 10 | 32 | 3 | دووباره | X2.10 |
| | | | 22.50% | 55.00% | 5.00% | 16.00% | 1.50% | % | |
| 79.50% | 0.98 | 3.98 | 62 | 101 | 9 | 26 | 2 | دووباره | X2.11 |
| | | | 31.00% | 50.50% | 4.50% | 13.00% | 1.00% | % | |
| 82.10% | 0.92 | 4.11 | 72 | 98 | 11 | 17 | 2 | دووباره | X2.12 |
| | | | 36.00% | 49.00% | 5.50% | 8.50% | 1.00% | % | |
| 83.00% | 0.93 | 4.15 | 81 | 88 | 14 | 14 | 3 | دووباره | X2.13 |
| | | | 40.50% | 44.00% | 7.00% | 7.00% | 1.50% | % | |
| 69.40% | 1.13 | 3.47 | 31 | 96 | 16 | 50 | 7 | دووباره | X2.14 |
| | | | 15.50% | 48.00% | 8.00% | 25.00% | 3.50% | % | |
| 77.60% | 0.98 | 3.88 | 48 | 112 | 13 | 22 | 5 | دووباره | X2.15 |
| | | | 24.00% | 56.00% | 6.50% | 11.00% | 2.50% | % | |
| 74.05% | 0.64 | 3.70 | 650 | 1517 | 171 | 614 | 48 | دووباره | X2 |
| | | | 21.67% | 50.57% | 5.70% | 20.47% | 1.60% | % | |
| | | | 72.23% | | | 22.07% | | تێکرا | |




ئەنجامەکانی خشـــتەی ژمارە (10) کە دەکاتە شـــێوەی ژمارە (8)، ئاماژە بە دابەشـــبوونی دووبارەبووەکان و ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەدەن، بۆ وەڵامدانەوەکان لە هەمبەر دەســـتەواژەکانی (x2.1 – x2.15)، کە تایبەتە بە وەســـفکردنی بیروبۆچوونی بەرتوێژان لە هەمبەر تەوەری لێکەوتەی ئاســـتی بەرپرســـیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووســـان لە پێشـــکەشـــکردنی پەیامی میدیاییدا، کە بە لای هاوڕابوون دەشـــکێتەوە، هەر بۆیە لەمەدا ئەوە هەڵدەگۆزین، ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنووس پابەند بێت، بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا دەبێتە مایەی بەدیهاتنی تەواوی پرس و بابەتەکان یاخود ئەو بڕگانەی ســـەر بە تەوەری ناوبراون، ئەمەش بە گوێرەی بیروبۆچوونی بەرتوێژانی ڕۆژنامەنووســـان، لەبەرئەوە پابەند نەبوونیش پێیەوە، پێچەوانەکەی دێتەدی، بەم پێیەش ڕێژەکان، بە گوێرەی دەســـتەواژەکانی تەوەرەکە بە گشـــتیی ئاماژە بەوە دەدەن، کەوا (72.23%) لە بەرتوێژان هاوڕان لەســـەر ئەوەی ئەم دەســـتەواژانە دەیانگرێتەخۆ، لە هەمبەریشـــدا ڕێژەی (22.07%) ناهاوڕان لەگەڵ ناوەڕۆکی دەســـتەواژەکانی ئەم تەوەرەدا، هەر بۆیە ڕێژەی هاوڕابوون لەبارەی ڕەهەندی ناوبراوەوە گەیشـتووەتە لە (74.05%)، ئەمەش بە هۆی ناوەندیی ژمێرەیی (3.70) و لادانی

پێوەری (0.64) هاتووەتە کایەوە، بە گوێرەی دەســــتەواژەکانی ڕەهەندی ناوبراوەوەش، دەبینین بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون ئەوە بۆ دەســـتەواژەی (x2.13)یە، کە گەیشـــتووەتە لە (83.00%)، بە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری، کە بڕەکانیان بە دوای یەکدا (4.15) و (0.93)یە، ئاماژە بەوە دەدات، کەوا پابەندبوون بە بەرپرســــیایەتیی کۆمەڵایەتیی، لە لایەن ڕۆژنامەنووســــانەوە دەبێتە مایەی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو پەیامانەی، کاریگەریی نەرێنییان لەســەر پەروەردەی کۆمەڵگە و لاوان و منداڵان هەیە، ، پێچەوانەکەشــی ڕاســتە، لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی هاوڕابوون، لەســەر ئاســتی دەســتەواژەکاندا، ئەوە بۆ دەســتەواژەی (x2.7)ـــــە، کە گەیشتە لە (64.70%)، بە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری، کە بڕەکانیان بە دوای یەکدا (3.24) و (1.17)یە. هەر بۆیە ئاماژە بەوە دەدات، کەوا پابەندبوون بە بەرپرســــیاریەتي کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووســــانەوە، دەبێتە مایەی نزیکبوونەوەی نەتەوەکان و کولتوورە جیاوازەکان، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، پێچەوانەکەیشــــی ڕاســــتە، هەروەکوو لە خشتەی ژمارە (10)دا ڕوون کراوەتەوە، ڕێکخستنی دەستەواژەکان بە گوێرەی ڕێژەی هاوڕابوون و بیربۆچوونی بەرتوێژان دەنوێنێت.

- وەســـــفکردنی تەوەری هۆکارەکانی کەمی ڕەچاوەنەکردنی بەرپرســـــیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا:

### خشتەی ژمارە 11 وەسفکردنی تەوەری هۆکارەکانی کەمی ڕەچاوەنەکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

| دەستەواژەکان | # | بەتەواوی هاوڕانیم | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | بەتەواوی هاوڕام | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | | | |
| X3.1 | دووبارە | 1 | 4 | 14 | 69 | 112 | 4.44 | 0.75 | 88.70% |
| | % | 0.50% | 2.00% | 7.00% | 34.50% | 56.00% | | | |
| X3.2 | دووبارە | 0 | 11 | 14 | 124 | 51 | 4.08 | 0.74 | 81.50% |
| | % | 0.00% | 5.50% | 7.00% | 62.00% | 25.50% | | | |
| X3.3 | دووبارە | 0 | 12 | 9 | 126 | 53 | 4.10 | 0.74 | 82.00% |
| | % | 0.00% | 6.00% | 4.50% | 63.00% | 26.50% | | | |
| X3.4 | دووبارە | 0 | 24 | 15 | 122 | 39 | 3.88 | 0.86 | 77.60% |
| | % | 0.00% | 12.00% | 7.50% | 61.00% | 19.50% | | | |
| X3.5 | دووبارە | 1 | 24 | 13 | 121 | 41 | 3.89 | 0.89 | 77.70% |
| | % | 0.50% | 12.00% | 6.50% | 60.50% | 20.50% | | | |
| X3.6 | دووبارە | 0 | 22 | 11 | 118 | 49 | 3.97 | 0.86 | 79.40% |
| | % | 0.00% | 11.00% | 5.50% | 59.00% | 24.50% | | | |
| X3.7 | دووبارە | 2 | 15 | 17 | 116 | 50 | 3.99 | 0.85 | 79.70% |
| | % | 1.00% | 7.50% | 8.50% | 58.00% | 25.00% | | | |
| X3.8 | دووبارە | 7 | 49 | 8 | 106 | 30 | 3.52 | 1.12 | 70.30% |
| | % | 3.50% | 24.50% | 4.00% | 53.00% | 15.00% | | | |
| X3.9 | دووبارە | 3 | 17 | 18 | 132 | 30 | 3.85 | 0.83 | 76.90% |
| | % | 1.50% | 8.50% | 9.00% | 66.00% | 15.00% | | | |
| X3.10 | دووبارە | 26 | 51 | 10 | 79 | 34 | 3.22 | 1.35 | 64.40% |
| | % | 13.00% | 25.50% | 5.00% | 39.50% | 17.00% | | | |
| X3.11 | دووبارە | 15 | 52 | 9 | 94 | 30 | 3.36 | 1.23 | 67.20% |
| | % | 7.50% | 26.00% | 4.50% | 47.00% | 15.00% | | | |
| X3.12 | دووبارە | 1 | 14 | 8 | 82 | 95 | 4.28 | 0.87 | 85.60% |
| | % | 0.50% | 7.00% | 4.00% | 41.00% | 47.50% | | | |
| X3.13 | دووبارە | 9 | 31 | 11 | 95 | 54 | 3.77 | 1.14 | 75.40% |
| | % | 4.50% | 15.50% | 5.50% | 47.50% | 27.00% | | | |
| X3.14 | دووبارە | 14 | 58 | 13 | 70 | 45 | 3.37 | 1.30 | 67.40% |
| | % | 7.00% | 29.00% | 6.50% | 35.00% | 22.50% | | | |
| X3.15 | دووبارە | 3 | 28 | 10 | 121 | 38 | 3.82 | 0.95 | 76.30% |
| | % | 1.50% | 14.00% | 5.00% | 60.50% | 19.00% | | | |
| X3.16 | دووبارە | 2 | 8 | 9 | 107 | 74 | 4.22 | 0.79 | 84.30% |
| | % | 1.00% | 4.00% | 4.50% | 53.50% | 37.00% | | | |
| X3.17 | دووبارە | 0 | 14 | 9 | 92 | 85 | 4.24 | 0.83 | 84.80% |
| | % | 0.00% | 7.00% | 4.50% | 46.00% | 42.50% | | | |
| X3.18 | دووبارە | 1 | 11 | 12 | 123 | 53 | 4.08 | 0.77 | 81.60% |
| | % | 0.50% | 5.50% | 6.00% | 61.50% | 26.50% | | | |
| X3.19 | دووبارە | 2 | 13 | 12 | 118 | 55 | 4.06 | 0.83 | 81.10% |
| | % | 1.00% | 6.50% | 6.00% | 59.00% | 27.50% | | | |
| X3 | دووبارە | 87 | 458 | 222 | 2015 | 1018 | 3.90 | 0.53 | 77.99% |
| | % | 2.29% | 12.05% | 5.84% | 53.03% | 26.79% | | | |
| تێکرا | | 14.34% | | | 79.82% | | | | |




ئەنجامەکانی خشـــتەی ژمارە (11) کە دەکاتە شـــێوەی ژمارە (9)، ئاماژە بە دابەشـــبوونی دووبارەبووەکان و ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەدات، بۆ پرس و بابەتەکان، لە هەمبەر دەســـتەواژەکانی (x3.1 – x3.19)دا، کە تایبەتە بە وەســـفکردنی بیروبۆچوونی بەرتوێژان لە هەمبەر تەوەری هۆیەکانی بایەخنەدان بە بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووســـان لە کەناڵە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکاندا، کە بە لای هاوڕابوون دەشـــکێتەوە، لەوەشـــەوە ئەمە هەڵدەهێنجرێت اســـتنباط، کە لێرەدا بە گوێرەی بیروبۆچوونی بەرتوێژانەوە، هاوڕابوونێکی باش هەیە، کەوا چەندان هۆکاری جۆراوجۆر هەن، کە خۆی لە دەستەواژەکانی تەوەری ناوبراوەوە دەنوێنێت و بەرجەســـتە دەکات، ئەمەش وا لە ڕۆژنامەنووس دەکات، پابەند نەبێت بە بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە، هەر بۆیە ڕێژەکان و بە گوێرەی نیشـــانە گشتییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کەوا لە (79.82%) لە بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم

دەســـــتەواژانە دەیانگرنەخۆ، لە هەمبەریشـــــدا لە (14.34%) هاوڕا نین، لەگەڵ ناوەرۆکی دەســـــتەواژەکانی ئەم تەوەرەدا، ڕێژەی هاوڕابوون لەســـــەر بڕگەکانی تەوەری ناوبراو لە (77.99%)یـە، ئـەمـەش لـە ڕێگـەی نـاوەنـدیی ژمێرەیی (3.90) و لادانی پێوەری (0.53)وە هاتووە، بە گوێرەی دەستەواژەکانی تەوەری ناوبراویش، وەک نیشانەیەکی هەندەکی، دەبینین بەرزترین هاوڕابوون بۆ دەستەواژەی (x3.1)ـە، کە گەیشتووەتە لە (88.70%)، بە ناوەندیی ژمێرەیی و لادانی پێوەری، کە بڕەکانیان بە دوای یەکدا (4.44) و (0.75)ـــــــە. لە کاتێکدا کەمترین ڕێژە لەسەر ئاستی دەستەواژەکانەوە، بۆ دەستەواژەی (x3.10)یە، کە گەیشتووەتە لە (64.40%)، بە هۆی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەرییەوە، کە بڕەکانیان بە دوای یەکدا (3.22) و (1.35)ـــــە، ئاماژە بەوە دەدات، کە لاوازی ڕۆژنامەنووسان لە بەرامبەر فشارە ماددی و ســیاســی و ئەمنییەکان، بە هۆکارێکی دیکە دێتە ناســین، کە بایەخی کەمتر نییە، بە بەراورد لەگەڵ هۆکارەکانی دیکەدا، کەوا لە بڕگەکانی تەوەری ناوبراودا، گوزارشـــــتیان لەبارەوە دەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی پابەندنەبوونی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرســـــیاریەتیی کۆمەڵایەتییەوە.

هەر بۆیە ئاماژە بەوە دەدات، کەوا ناکۆکی سیاسی و زاڵکردنی بەرژەوەندییە تاکەکەسی و حزبییەکان، بریتین لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە وا دەکەن، ڕۆژنامەنووس پابەند نەبێت، بە بەرپرســـــیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە. لەبەرئەوەی کەناڵە کوردیەکان ســـــەرچاوەی داراییان لەلایەن کەسایەتییەکی سیاسیەوە یاخود لایەنێکی سیاسیەوە دابین دەکرێن، بۆیە هەندێکجار پەیامەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان دادەڕێژن، ئەمەش وا لە ڕۆژنامەنووس دەکات ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بە پێی پێویست نەکات. هەروەکوو لە خشتەی ژمارە (11) ڕوون کراوەتەوە، ڕێکخستنی بڕگەکانی تەوەری پێوەندار دەنوێنێت، بە گوێرەی ڕێژەی هاوڕابوون و بیروبۆچوونی بەرتوێژانەوە.

### ٤-٢-٤ تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە:

لە پێناو تێســـتکردنی گریمانەکاندا، ئەوا توێژەر تێســـتی (z)ی بەکارهێناوە، بۆ تێســـتکردنی هەردوو گریمانەی (نەبوون – العدم) و ( جێگرەوە و گۆڕین – بدیلة)، کە گریمانەی (نەبوون) لەم توێژینەوەیەدا خۆی بەرجەســـتە دەکات لە (بێلایەنبوونی وەڵامی وەرگیراوی تاکەکانی ســـــامپڵی بەرتوێژان)دا، لە هـەمبەردا ســـەلمـانـدنی گریمـانەی (جێگرەوە و گۆڕین) خۆی بەرجەستە دەکات لە (ڕازیبوون یاخود ڕازینەبوونی وەڵامی وەرگیراوی بەرتوێژان)، دەتوانین گریمانەی (نەبوون) ڕەتبکەینەوە، ئەگەر ئاستی سەلماندنی ئاماری ( significant “sig.”) بۆ تێستەکە، کەمتر بوو لە ئاستی (گوزارەیی – المعنویة – α)، بەڵام دەکرێت (ئاستی گوزارەیی هەڵبژێردرێت، بەپێی گرنگی بڕیاردان لەلایەن توێژەرەوە، چونکە لە زۆرینەی هەرە زۆری ئەو لێکۆڵینـەوە و توێژینەوانەی کراون تێســـتی (0.05) بەکـارهـاتووە، چونکە ئەم بەهـایە، بریتییە لە بەهایەکی مامناوەند، پێچەوانەکەشـــی ڕاســـتە، لە کاتی ڕەتکردنەوەی گریمانەی (نەبوون)دا، واتە دەتوانرێت گریمانەی (جێگرەوە و گۆڕین) قبووڵ بکرێت، لەم کاتەشدا دەبێت قبووڵکردنەکە دیاری بکرێت (ڕازیبوون یاخود ڕازی نەبوونی ســـامپڵەکە) (الزغبي ، 2012، 193-194)، لە میانی پشـــتبەســـتنیش، بە نیشـــانەی بەهای ژمێرەکراو بۆ تێســـەکە، ئەگەر (ئـەرێنی – پۆزەتیڤ) بێت، ئەمـە ئـەوە دەگـەیێنێت، ئـەو کەســـانەی وەکوو ســـــامپڵێک لە توێژینەوەکەدا وەرگیراون ڕازی بوونە، پێچەوانەکەشـــی ڕاســـتە، هەر بۆ زانیاری ناوەندیی گریمانەیی لەســـەر ئەو بنەمایە ڕۆنراوە، کە هەردوو گریمانەکە تێستکراون، یەکسـانە بە (3)، لەبەرئەوەی داتا وەرگیراوەکان پشـتیان بەسـتووە بە پێوەری (لیکرت پێنجی)، ئەم خشـتەیەی خوارەوەش ئەنجامی تێســـتەکان دەنوێنێت، بە گوێرەی ئەو بڕگانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا هاتوون و پەیوەستن بەو پێنج گریمانانەی کە توێژەر دایناون:

**خشتەی ژمارە 12 ئەنجامی تێستی (T) بۆ تێستکردنی گریمانەکانی توێژینەوەکە**

| گریمانەکان | بڕگەکان | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | بەهای T ژمێرەکراو | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێریایی بۆ بڕگەکان | سەلماندنی ئاماری (Sig.) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەکاتی گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ناکەن. | X1 | 3.33 | 0.45 | 10.22 | 0.33 | 0.000 |
| ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکاندا ناکەن. | X1.1 | 2.89 | 1.25 | -1.30 | -0.12 | 0.196 |
| ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر کەمی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان کردووە. | X3.17 | 4.24 | 0.83 | 21.02 | 1.24 | 0.000 |
| بەهۆی ڕەچاو نەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان متمانەی خەڵک بە پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان کەم بووە. | X2.1 | 3.69 | 1.06 | 9.15 | 0.69 | 0.000 |
| ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیایەکان بوونەتە هۆی شێواندنی کۆمەڵگە و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. | X2.11-X2.15 | 3.92 | 0.71 | 18.16 | 0.92 | 0.000 |

**لە میانی ئەو خشتەیەی سەرەوەدا ئەم خاڵانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:**

- سەبارەت بە تێستکردنی گریمانەی یەکەم، کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە (ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەکاتی گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ناکەن) پاڵپشت بە بەهای ئاستی نیشانەی ئاماری تێستی (0.000)، کەمتر بوو لە ئاستی (گوزارەیی

و مەعنەوی) (0.05)، بۆیە دەتوانین گریمانەی (نەبوون) ڕەت بکەینەوە، کە بریتییە لەوەی ڕا و بیروبۆچوونی بەرتوێژانی بێلایەن بوو، بەم پێیەش گریمانەی جێگرەوە قبووڵ دەکەین، کە ناوەرۆکەکەی دەبێژێت بیروبۆچوونەکان بێلایەن نەبوون، بەو پێیەی بەهای تێستکردنەکەش ئەرێنیی بوو، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییان هەیە، لە کاتی گواستنەوەی پەیامی میدیاییدا، بە واتایەکی دیکە وەڵامەکان بەرەو قبووڵکردن چوون، واتە ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەیەی توێژەر دایبابوو.

- سەبارەت بە تێستکردنی گریمانەی دووەم، کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە (ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکاندا ناکەن )، بە پشتبەستن بە بەهای ئاستی نیشانەی ئاماری بۆ تێستەکەی (0.196)، کە گەورەترە لە ئاستی گوزاریی مەعنەوی (0.05)، بۆیە دەتوانین گریمانەی (نەبوون) قبووڵ بکەین، کە دەقەکەی بریتیی بوو لەوەی ڕایەکان بێلایەن بوون، لەبارەی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانەوە، کەوا ڕاشکاوانە لەگەڵ هەواڵەکاندا کاردەکەن، کە سەر بە دامەزراوەیەکی میدیایین و خۆی لە تەلەڤیزیۆنە کوردییەکاندا دەنوێنێت، کەواتە گریمانەی (جێگرەوە) ڕەتدەکەینەوە، بە واتایەکی دیکە ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەیەی، کە لە توێژینەوەکەدا هاتووە، واتە لێرەدا هەردوو دۆخی قبووڵکردن و ڕەتکردنەوە هەیە، هەڵبەتە بۆچوونەکان بە پارێزەوە گوزارشتیان لێوە کراوە، سەبارەت بە مامەڵەکردنی ڕۆژنامەنووس لەگەڵ هەواڵەکاندا بە ڕاشکاوی و ڕوونی و دوور لە شاردنەوە و پەردەپۆشکردن، لە دامەوزراوە پێوەندارەکان بە گریمانەکەوە.

- سەبارەت بە تێستکردنی گریمانەی سێیەم کە بریتی بوو لە (ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر کەمی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان کردووە) بە پشتبەستن بە بەهای ئاستی نیشانەی ئاماری بۆ تێستەکە بریتی بوو لە (0.000)، کەمتر بوو لە ئاستی گوزارەیی مەعنەوی (0.05)، بۆیە دەتوانین گریمانەی (نەبوون) ڕەتبکەینەوە و گریمانەی

(جێگرەوە یاخود گۆڕین) قبووڵ بکەین، بە واتایەکی دیکە وەڵامەکان جەخت لە ڕەزامەندبوون لەسەر ئاستی هۆشیاریی لە کۆمەڵگە دەکاتەوە، بە شێوەیەکی نەرێنیی کاریگەریی لەسەر بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووساندا دەبێت، واتە قبووڵکردنی ئەو گریمانەیەی کە توێژەر دایناوە یاخود هێناویتی.

- سەبارەت بە تێستکردنی گریمانەی چوارەم کە بریتییە لە (بەهۆی ڕەچاو نەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان متمانەی خەڵک بە پەیامی کەناڵە ئاسمانییەکان کەم بووە) بە پشتبەستن بە بەهای ئاستی نیشانەی ئاماری بۆ تێستەکە (0.000) کە کەمتر بوو لە ئاستی گوزارەیی مەعنەوی (0.05)، هەر بۆیە دەتوانین گریمانەی (نەبوون) ڕەتبکەینەوە و گریمانەی (جێگرەوە یاخود گۆڕین) قبووڵ بکەین، لەبەرئەوەی بەهای تێستەکەش ئەرێنی بوو، بە واتایەکی دیکە وەڵامەکان بەرەو ڕازیبوون دەچن، هەڵبەتە لە دۆخی بوونی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی لە لای ڕۆژنامەنووساندا، ئەمە وا دەکات متمانەی جەماوەر بە پەیامی کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان هەڵکشێت و بەرزبێتەوە، واتە قبووڵکردنی ئەو گریمانەیەی، کە توێژەر دایناوە یاخود هێناویەتی.

- لە کۆتاییدا سەبارەت بە تێستکردنی گریمانەی پێنجەم کە دەڵێت (ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیایەکان بوونەتە هۆی شێواندنی کۆمەڵگە و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ) بە پشت بەستن بە بەهای ئاستی نیشانەی ئاماری تێستەکە (0.000)، کەمترە لە ئاستی گوزارەیی مەعنەوی (0.05)، بۆیە دەتوانین گریمانەی (نەبوون) ڕەتبکەینەوە و گریمانەی جێگرەوە یاخود گۆڕین قبووڵ بکەین، لەبەرئەوەی بەهای تێستکردنەش ئەرێنییە، بە واتایەکی دیکە وەڵامەکان بەرەو ڕازیبوون دەچن، بەم پێیە لێرەدا دەکرێت بڵێین ڕۆژنامەنووسان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیاییەکانەوە، بوونە مایەی شێواندنی وێنەی کۆمەڵگە و وێرانکردنی ئاسایشی کۆمەڵگە، واتە قبووڵکردنی ئەو گریمانەیەی توێژەر دایناوە یاخود هێناویەتی.

### ٤-٢-٥ ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی

- ژمارەی بەشداربووانی ڕۆژنامەنووسی (نێر) بە ڕێژەی (64%) زیاترە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەراورد بە ڕۆژنامەنووسی (مێ) کە ڕێژەکەیان (36%)ە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر لەلایەن ڕەگەزی (نێر)ەوە بەڕێوەدەبردرێت و زەمینەی گونجاو وەک پێویست بۆ ڕەگەزی مێ نەڕەخساوە تاوەکو بەشداربن لە بەڕێوەبردنی کەناڵەکان. هەرچەندە بەشداری ڕەگەزی مێ لە بواری ڕاگەیاندن گرنگییەکی زۆری هەیە، بەو پێیەی ڕۆڵ دەگێڕن لە گواستنەوەی بابەتەکان و لێهاتویی خۆیان لەکاری ڕاگەیاندن سەلماندووە.

- زۆرینەی ڕۆژنامەنووسی بەشداربوو گەنج و پێگەیشتوون لە ڕووی تەمەنەوە، واتە تەمەنیان لەنێوان (32-38)ساڵ دایە، بەڕێژەی (33.50%). ئەمەش بە شێوەیەکی ئەرێنیی ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕایەکان و وەڵامدانەوەکان و جۆری ئەنجامەکان دەبێت، تا چەند ڕاستگۆن، بۆ ئەوەی پشتیان پێ ببەسترێت و تاوەکوو ئەندازەیەکیش وەربگیرێن.

- بە گوێرەی ئاستی خوێندن دەردەکەوێت زۆرینەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن بەڕێژەی (36%)، واتە زانکۆیان تەواو کردیە، ئەمە دیاردەیەکی باشە لە نێو کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان، ئاماژەیە بۆ زیاتر تێگەیشتنی ڕۆژنامەنووسان بۆ بابەتەکان و پیشەکەیان. هەروەها بەرەوپێشبردنی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی کاری تیادا دەکەن.

- کارکردنی ڕۆژنامەنووس لە دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی پەیداکردنی ئەزموون و لێهاتووی باش لە بواری ڕاگەیاندن، چونکە کارکردن بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەر بوارێک دەبێتە هۆی پسپۆر بوون لەو بوارەدا، هەروەها دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوون و زیاتر تێگەیشتن لەو بوارەی کە کاری تیادا دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووس بە بنەماکانی ئیتیک و کارکردن لە بواری ڕاگەیاندن.

- زۆربەی ڕۆژنامەنووســــی بەشـــداربوو (پەیامنێر)ن بە ڕێژەی (27.50%)، واتە کەناڵە ئاســـمانییەکان لە بەشـــێکی زۆری پەیامنێران پێک دێن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت پەیامنێران ڕۆڵێکی گرینـگ و کـاریگەریـان هەیە لە دەزگ ڕاگەیـانـدنەکـان، هەروەهـا لە نـاردن و ئاراستەکردنی پەیامە میدیاییەکان بۆ جەماوەر.

- زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان کاتێکی زۆر لە کەناڵە ئاسمانییەکان بۆ کارکردن بەسەر دەبەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕۆژنامەنووســـی کارێکی گرینگە و هەر ڕۆژنامەنووســـێک بیەوێت زیاتر پێش بکەوێت و ســـەرکەوتوو بێت لە کارەکەی پێویســـتە پابەندی کاتژمێری کرکردنی لەو کەناڵە یاخود دەزگا ڕاگەیاندنە بێت.

- ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی ڕۆژنامەنووســـان بە ڕێژەی (82.50%)، هاوڕان لەســـەر ئەوەی بەشـێک لە ڕۆژنامەنووســان لە کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان لە هەوڵی قەبەکردن و گەورەکردنی هەواڵەکاندان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەشـــێک لە ڕۆژنامەنووســـــان حەز بە گەورەکردنی بابەتەکان و قوڵکردنەوەی کێشەکان دەکەن.

- زۆربەی ڕۆژنـامەنووســــــان بە ڕێژەی (83%)، لەســــەر ئەوە کۆکن ئەگەر بێـت و ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە کاتی ئەنجـامـدانی پیشـــەکەیـان بکەن، ئەو کـاتە دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ئەو پەیامانەی کاریگەری نەرێنی و خراپیان لەسەر پەروەردەکردنی گەنج و کۆمەڵگە هەیە.

- زۆربەی ڕۆژنـامەنووســــــان بە ڕێژەی (88.70%)، هـاوڕان لەســــەر ئەوەی نـاکۆکیە ســــیاســــییەکان و بەرژەوەندییە حیزبییەکان هۆکاری ســــەرەکین بۆ ڕەچاو نەکردنی بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی لە لایەن ڕۆژنامەنووســـانەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە دۆخێکی سیاسی نالەباردایە، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ئاستی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسان.

## ٤-٢-٦ چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن یەکێکە لە ئامرازە گرینگەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر وەک ئامرازێکی توێژینەوەی زانستی بەکاری هێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گەیشتن بە ئەنجامی گرنگ سەبارەت بە ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵاتی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییەکان لە خستنە ڕووی پەیامە میدیاییەکان. چاوپێکەوتنەکە (6) پرسیاری لەخۆگرتووە. مەبەست لە ئاراستەکردنی ئەم پرسیارانە کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بەوەی ئایا ڕاوسەرنجی پسپۆران و چاودێرانی میدیایی لە هەرێمی کوردستان دەربارەی ئاستی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییەکان چییە؟ هەروەها زانینی هۆکارەکانی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی و لێکەوتە گرینگەکانی لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە. توێژەر لەئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

**- سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، ئایا میدیای کوردی لە نێوان ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیدا چ ڕۆڵێکی بینیووە؟** پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (کاروان عەلی) لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی لەو بارەیەوە دەڵێت "میدیای کوردی بەشێوەیەکی گشتیی، ئازادیی رادەربڕین و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی تێکەڵ دەکات لەهەندێ قۆناغ و لەهەندێ بابەتدا. هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان پێیانوایە مافی ئازادی ڕادەربڕین و مافی ئازادیی کاری رۆژنامەنووسی دەبێت ڕەها بێت و هیچ ڕێگرییەکی لەبەردەمدا نەبێت. بۆیە زۆرجار بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی لەکارەکانیاندا پشتگوێ دەخەن و دەکەونە هەڵەوە. ئەو دوو بابەتە، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی ڕادەربڕین، زۆر لەیەکترەوە نزیکن و پەیوەستن بەیەکەوە، بەڵام جیاوازیشن، ڕۆژنامەنووس کاتێک پیادەی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادیی کاری میدیایی دەکات، دەبێ هەست بە بەرپرسیاریەتیش بکات لەکارەکەی و لەو پەیامانەی کە دەیاننێرێت، دەبێت ئەوە بزانێت ئازادیی ڕادەربڕین ڕەها نییە و سنوری هەیە، بۆئەوەی نەبێتە مایەی تێکدانی ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیریی". هەروەها ڕوونتر

لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەرکی کەناڵەکانی میدیاییە بە وریایی کار لەسەر ئەو دوو پرەنسیپە بکەن و لەوە تێبگەن بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی لەمیدیادا پایەیەکی پاراستن و ئارامیی کۆمەڵگەیە، ناکرێت بەبیانووی مافی ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی کاری رۆژنامەنووس ئەو بەرپرسیاریەتیە فەرامۆش بکرێت".

هەروەها پرۆفیسۆر (د.هێرش رەسوڵ) لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی سەبارەت بەم پرسیارە دەڵێت "ڕاگەیاندنی کوردی لە بابەتی پانتایی ئازادی ڕا دەربڕیندا بەپێی قۆناغ و وێستگە جیاوازەکان دەگۆڕێت، ئەویش بە کاریگەری بارودۆخی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کلتوری، ئاینی. تاوەکو بارودۆخی سیاسی پڕ بێت لە قەیران و تەنگژە و ناسەقامگیری بەجۆرێک لە جۆرەکان کاری کردۆتە سەر ئازادی ڕادەربڕین و پانتایی ئازادی ڕادەربڕینی ڕۆژنامەنووسانی بەرتەسک کردۆتەوە، ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان بووەتە هۆی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و کەناڵ و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان، تاوەکو ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەکی گشتی مەودا و ڕووبەر و پانتایی ئازادی ڕا دەربڕینی بەرتەسک کرابێتەوە. ڕۆژنامەنووس هەندێک جار بە ناچاری و هەندێک جار بەمەبەست پەنا دەبات بۆ هەندێک ئامرازی نائیتیکی و بڵاوکردنەوەی زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ بنەماکانی ئاکار و ئیتیکی پیشە یەک ناگرنەوە لەوانە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی".

لەلایەکی تر پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر(مەغدید سەپان) لە زانکۆی سەلاحەدین سەبارەت بەو پرسیارە دەڵێت "ئازادی ڕا دەربڕین، پەیوەندی بە ئازادی و هەبوونی دیموکڕاتییەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە هەبوونی یاسا هەیە، تا چەند ئازادی لە کۆمەڵگە بۆ هاوڵاتییان و ڕۆژنامەنووسان فەراهەم دەکا. ڕاگەیاندی کوردی، ڕاگەیاندنێکی حزبییە، بۆیە ئازادی و بەرپرسیارەتی لێرە حزب دیاری دەکات. حزبەکان دەزگای گەورەی راگەیاندنیان هەیە، لەوێندەر بڕیار دەدەن، بە چ جۆرێک مامەڵە بکات و کاربکات".

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (جوان بەهادین) لە زانکۆی کۆیە لەبارەی ئەم پرسیارە دەڵێت "میدیای کوردی زۆر جار وەک ئەو سەکۆیە نییە هەمەلایەنە قسەی تیا بکرێت و ئازادانە بیروڕای تیادا دەرببڕدرێت، بەشێک لە میدیا کوردییەکان بەپێی ئەو سیاسەت و ستراتیژیەی دەزگا میدیاکەی لەسەر بنیات نراوە و بەپێی بیروڕاکانی خۆی ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کە گونجاون و هەمان ئاراستەی دەزگا میدیاکەیان هەیە. هەروەها لە دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان جاری وا هەیە بەرنامەیەکی زۆر گرنگ هەیە بۆ نموونە هەواڵەکان کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە زۆرترین خەڵک دانیشتوون و سەیری دەکەن هەندێک قسە و هەواڵ و بابەتی تیادا پێشکەش دەکرێت گونجاو نییە لەگەڵ بەهاکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی. بۆیە وای دەبینم کە لەڕووی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتییەوە ڕۆژنامەنووسانی کورد زۆرجار پابەندنین بەو بەرپرسیاریەتییەی لە ئەستۆیان دایە لە پێشکەشکردنی زانیاری، بەشێوەیەکی باش ڕەچاوی ناکەن".

دکتۆر (ئازاد عەبدولعەزیز) لەزانکۆی سەلاحەدین پێی وایە کە "میدیای کوردی دەتوانین پۆلێن بکەین بە چەند شێوازێک، کە خۆی لە میدیای تایبەتمەند دەبینێتەوە، واتە بەرەو تایبەتمەندی هەنگاوی ناوە، بۆیە میدیای تایبەت بە هەوال و زانیاری و سیاسەت، هەوڵیداوە ڕۆلی خۆی ببینێت بە ئازادانە مومارسەی خۆی بکات و لەو چوارچێوەیەشدا تاڕادەیە هەڵگری بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی میدیایی بێ، بەلام میدیای تایبەت بە هونەر و بابەتە کومەلایەتییەکان، وەک پێویست نین یاخود ئەو ئازادییەی کە بۆیان فەراهم بووە وەک پێویست پراکتیزەی ناکەن و ڕەچاوی بەها کۆمەلاتییەکان ناکەن، بە تایبەتی فیلم و دراما دۆبلاژکراوەکان، بێ گوێدانە ژینەگەی کۆمەڵگەی کوردی پەخشی دەکەن، بۆیە ئەو بەرپرسیاریەتییە کۆمەلایەتییە میدیاییەی کە پێویستە بە هەندی وەربگرن پشتگوێی دەخەن، بە شێوەیەکی پرۆفیشنالانە کارە میدیاکانیان پراکتزە ناکەن، ئەمە کاریگەری خراپی کردووەتە سەر کۆمەڵگەی کوردی و چەندین کیشەی کۆمەلایەتی بەدوای خۆی بە جیهێشتووە".

هەروەها دکتۆر (هەتاو سـالح) لە زانکۆی هەڵەبجە لەو بارەیەوە دەڵێت "یەکێک لە بنەماکانی ئازادی رۆژنـامەوانی و ڕادەربڕین بریتییە لە بەرپرسـیاریەتی. میدیا بەرپرسـیاریەتی لەبەرامبەر جەماوەردا هەیە، ئەویش ڕەچاوکردن و لادانی هەموو ئەو بابەت و هەواڵانەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان زیان بە هاوڵاتی دەگەیەنێت، لەهەمانکاتتدا پێویسـتە میدیا چاودێر و پارێزەری مافەکانی خەڵکی بێت لای دەسەڵات. لە تیۆری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیدا ئازادی پـابەنـدە، بەو واتـایەی ڕەهـایی تەواو بوونی نیە. فەیلەسـوف وداریژەرانی تیۆری بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی جەختدەکەنەوە کەوا ئەم تیۆرە درێژەپێدەری تیۆری ئازادییە، بەلام چەمکی بەرپرسیاریەتیی بۆ زیادبووە".

لە ئەنجامی خسـتنەڕووی ڕاو سـەرنجی پسـپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و چاودێرانی میدیایی سـەبارەت بە ڕۆڵی میدیـای کوردی لە نێوان ئـازادی ڕا دەربڕین و بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتیـدا، پێیـان وایە ڕاگەیـاندنی کوردی لە هەنـدێک بـابەت و قۆنـاغـدا و بەپێی ئەو سیاسەت و ستراتیژیەی دەزگا میدیاکەی لەسەر بنیات نراوە دەگۆڕدرێت. بەشێکیان ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکەن، بەشـێکی تریان پێی وایە ئازادی دەبێت ڕەهـا بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئـەو بـەرپرسـیاریەتییە کۆمـەڵایـەتییە میدیاییەی کە پێویستە بە هەندی وەربگیرێت پشتگوێ دەخرێت.

**سەبارەت بە پرسیاری دووەم، ئایا بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردسـتان لە چ ئاسـتێکدایە؟** پرۆفیسـۆری یاریدەدەر دکتۆر (پاڤێ جەمیل) لە زانکۆی سـلێمانی سـەبارەت بەم پرسـیارە دەڵێت "بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی لە کەناڵە ئاسـمانییە کوردییەکان لە ڕومالکردنی بابەتە میدیاییەکاندا لە ئاسـتێکی لاوازدایە، بەهۆکاری ئەوەی میدیایەکی نیشـتمانیمان نیە و کارکردن بە بنەما و پرێنسـیپە میدیاییەکان ناکرێت بەهۆکاری ئەوەی میدیا لە ئێسـتادا ئاڕاسـتەکراوە لەلایەن کەس و لایەنێکەوە بەڕێوە دەچێت

و بە سـیاسـەتی خۆیان کار دەکەن هەر بەو هۆکارە دوور دەبن لە ئێتیک و گەڕانەوە بۆ سایکۆلۆژیای وەرگر و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی".

هەر لەو بارەیەوە دکتۆر (ئازاد عەبدولعەزیز) دەڵێت "میدیای کوردی بەرەو تایبەتمەندی ڕۆیشتووە، بەڵام تاڕادەیەک میدیای کوردی بە تایبەتی ئەوانەی ئێستا زۆرترین جەماوەریان هەیە، هەوڵیانداوە ئەم بەرپرسیاریەتییە ڕەچاو بکەن، ڕاستە هەندی جار کێشە بۆ خۆیان و کۆمەڵگە دروست دەکەن، بەڵام بەگشتی بەباشی دەبینم بەتایبەتی کەناڵە کوردییەکانی تایبەت بە هەوال و زانیارییەکان".

پرۆفیسۆر (د.هێرش ڕەسوڵ) سەبارەت بەم پرسیارە دەڵێت "ڕەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی بنەمای بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی پەیوەندارە بە هەندێک پێدراو و بارودۆخی ترەوە، بەهەمان شـێوە لە کەناڵە ئاسـمانییە کوردیەکانیش. بونموونە خاوەنداریەتی و موڵکداریەتی ئەو کەناڵە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، ئایا ئی حیزبە یان حکومەتە یان نیمچە حیزبیە یان ئی کەسـێتییەکانە لە ناو حیزب یان حکومەتدا یاخود ئی کەرتی تایبەتە، ئەمانە بەرپرسـیاریەتەکەیان لە یەکێکیانەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. تاوەکو کەناڵەکە ڕەسـمیتر بێت وە پابەندی حیزبی و حکومی زیاتر بێت و خاوەنداریەتییەکەی ڕوونتر بێت، دەبینین تا ڕادەیەک ڕەچاوکردنی بەرپرسـیاریەتییەکەی تیادا زیاتر بووە بەڵام بەڕەهایی نا، چونکە زۆر کەناڵ هەیە حیزبی بووە ڕەنگە نەیتوانیبێت بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکات وەک پێویست، هەندێک جاریش بەپێی بارودۆخەکان دەگۆڕدرێت، لەهەندێک بارودۆخدا کە لە بەرژەوەندی حیزبەکە یان کابینەکەی لە حکومەتدا یان ڕێکەوتێک لە ڕێکەوتەکان یان ڕوداوێک لە ڕووداوەکان ڕەنگە نەیتوانی بێت وەک پێویسـت بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکات".

هەروەها دکتۆر (هەتاو سـالح) دەڵێت "بەرادەیەکی زۆر گلەیی لە کەناڵەکان هەیە، بەداخەوە لای هەندێک ئازادی بە مانای نابەرپرسـیاریەتی ڕاڤەدەکرێت، هەرکاتێک باس و خواسـت

لەسەر سنوور و پرەنسیپەکانی ئازادی بکرێت بەمانای سانسۆر لێکدەدرێتەوە. نەخوێندەواری میدیایی خۆی لەوادا دەبینێتەوە کە جیاوازی لە نێوان (ئازادی و بەرپرسیاریەتی و سانسۆر)دا نەکرێت، چونکە هەر یەک لەم چەمکانە لە دنیایی زانستی میدیاییدا پێناسەی خۆی هەیە. هەروەها ئەگەر یاسا و ئێتیکی رۆژنامەوانی بەرقەرار نەبێت ئەوا کەناڵە کوردییەکان کارەساتی مرۆیی دروستدەکەن، چونکە هەندێ جار خراپ بەکارهێنانی میدیا و ئازادی رۆژنامەوانی خۆی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی گشتی. فەیلەسوف و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن لەدوای چەندین ساڵ کارکردن بۆ بەرقەراربوونی ئازادی رۆژنامەوانی".

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (کاروان عەلی) لەو بارەیەوە دەڵێت "بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر دەگۆڕێت، هەندێک لەکەناڵەکان، لەسیاسەتی کارکردنیان و لای رۆژنامەنووسەکانیشیان، کەمتر هەست بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی دەکەن و لەهەندێک قۆناغدا گوێ بەو لایەنە نادەن، بۆیە دەبنە نائارامیی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی کێشەو گرفت لەناو کۆمەڵدا. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر خەڵک و دەسەڵات و بەدەستهێنانی بینەری زیاتر".

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (جوان بەهادین) پێی وایە کە "دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان زۆرینەیان لایەنگرانە بابەتەکان پێشکەش دەکەن و ناتوانن بێلایەن بن، بۆیە خاڵی بیلایەنی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بەلاوازی بەدی دەکرێت، پابەند نابن بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی. هەروەها لەڕووی ئەخلاقی کۆمەڵگەوەش هەندێک لە دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان کۆمەڵێک بابەت پێشکەش دەکەن کە سەراپای پێچەوانەی ئەخلاق و ئەو بەها و ڕێسایانەی کە لەناو کۆمەڵگەی کوردییە ویستراوە".

لە ئەنجامی خستنەڕووی ڕاو سەرنجی پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و چاودێرانی میدیایی سەبارەت بە ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕایان وایە کە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە

ئاستێکی باشدا نییە بەپێی پێویست. بەشێکیان لەهەندێک باردا گوێ بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی نادەن، بۆیە دەبنە هۆی پشێوی و نائارامیی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی کێشەو گرفت لە کۆمەڵگە. بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر دەگۆڕێت بەپێی بەرژەوەندی کەناڵەکە، هەندێک لەکەناڵەکان لەسیاسەتی کارکردنیان و خاوەنداریەتی و موڵکداریەتی ئەو کەناڵە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، ئایا کەناڵەکە ئی حیزبە یان حکومەت یاخود ئی کەرتی تایبەتە، بەپێی ئەمانە بەرپرسیاریەتی هەریەکەیان دەگۆڕێت.

**سەبارەت بە پرسیاری سێیەم، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە کوردییەکان لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایدا لە چ ئاستێکدایە؟** پرۆفیسۆر (د.هێرش ڕەسوڵ) دەڵێت "بەهەمان شێوەی کەناڵە ئاسمانییەکان لەبەرچاوگرتنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسانیش دەگرێتەوە لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا، تا چەند بەرپرسیارن بەرامبەر بە کۆمەڵی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی، تاچەند بەرپرسیارن بەرامبەر کۆمەڵی ناوەخۆیی، هەروەها تا چەند بەرپرسیاریەتی ڕەچاو دەکەن بەرامبەر پیشەکەیان و ئەو پەیامەی کە هەڵیان گرتووە، لە هەریەک لەم بەرپرسیاریەتیانە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئایا بابەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵک و ئاگاداربوون لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو بابەتانەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندارن بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و تا چەند سنورەکانیان نەبەزاندووە، زۆرجار بەهۆی نا هۆشیاری و لاوازی پیشەیی یان بەمەبەست و لەپێناو ڕاکێشانی زۆرترین بینەر لەکاتی پەخشکردنی هەواڵ و بەرنامەکان ڕۆژنامەنووسان ئەمانەیان بەزاندووە".

هەروەها دکتۆر (ئازاد عەبدولعەزیز) دەڵێت "لە ڕووی گەیاندنی پەیامەوە میدیای کوردی لە ئاستێکی مامناوەندە، واتە بەو شێوەیە نییە جێگای دڵخۆشی ئێمە بێت، چونکە ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی دەبێ وردی و بابەتی بوون و هاوسەنگی...تاد تیادا ڕەنگبداتەوە. لە هەرێمی کوردستان کەناڵەکان سیاسەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، ڕۆژنامەنووسانیش بەپێ ئەو سیاسەتە کاردەکەن، بۆیە ڕەنگە ڕۆژنامەنووسەکە هەوڵبدات ئەو بەرپرسیارتییەی کە

پێویستە هەنگاوی بۆ بهاوێژێت، ئاستەنگی بۆ دروست بکات، چونکە کەناڵەکە تەحکوم بە رۆژنامەنووسەکان دەکات چۆن کار بکەن، ئەمەش لە کەناڵێک بۆ کەناڵێکی دیکە دەگۆڕێت، چونکە کەناڵ هەیە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی قازانجی ئابووری هەوڵدەدات زانیارییەکان بشێوێنێت، بەڵام بەگشتی تاڕادەیەک بە مامناوەندی دەبینم، بەڵگەش بۆ قسەکانم کەمی سکاڵا لەسەر کەناڵەکان، ڕاستە سکاڵا هەیە بەڵام بەو شێوەیە نییە کە ببێتە دیاردە، تەواوی کەناڵەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (کاروان عەلی) سەبارەت بە ئاستی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە کوردییەکان دەڵێت "بابەتی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووسان بەندە بە بیرکردنەوە و ئاستی هۆشیارییان، ڕۆژنامەنووس کاتێک ئاستی هۆشیاری بەرزبێت ئەوا بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیەکەشی بەرزترە. ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە کوردییەکان، بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو سیاسەت و هێڵە گشتیانە کاردەکەن کە کەناڵەکانیان بۆیان دیارییکردوون، هەندێک لەکەناڵەکان سەر بەکاربەدەستێکی دەسترۆیشتوون یاخود سەر بەحزبێکن، ئیتر لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی و سیاسەتی ئەو حزب و کاربەدەستە کارەکانیان دەکەن و پەیامەکانیان دادەڕێژن. هەندێکجار ناوەرۆکی ئەو پەیامانە بەدەرن لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و دەبنە مایەی دروستکردنی ناسەقامگیریی کۆمەڵ یان توێژێکی ناو کۆمەڵ، یان پێشێلی مافی خەڵکانێک دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی خزمەتی بەرژەوەندیی سیاسەتی کەناڵەکانیان دەکات، بۆیە پەیامەکە بڵاودەکەنەوە. بەشێوەیەکی گشتیی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی میدیاکارانی کەناڵە کوردییەکان نزمەو وەک پێویست نییە، بەو پێیەی زۆرجار بێ گوێدانە پرەنسیپ و ئیتیک و بەهاکانی ناو کۆمەڵ، پەیامی میدیایی ئامادە دەکەن کەدواجار ناسەقامگیریی لێدەکەوێتەوە".

هەر لەم بارەیەوە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (جوان بەهادین) دەڵێت "ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە کوردییەکان زۆر بەشێوەیەکی لاواز ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەسەر شان

دەگرن، کەم جار پابەندی بەهاو دابونەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردین، بۆیە لە ڕووی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی کەمتەرخیان هەیە، زۆرجار ئەو بابەتانە پێشکەش ناکەن کە خزمەت بە کۆمەڵگە دەکات و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی تیادا ڕەچاو بکرێت".

پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و چاودێرانی میدیایی سەبارەت بە ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە کوردییەکان لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایدا، بیروڕایان وایە لە هەرێمی کوردستان هەر کەناڵە و سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئەو سیاسەت و هێڵە گشتیانە کاردەکەن کە کەناڵەکانیان بۆیان دیارییکردوون، لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی و سیاسەتی ئەو حزبە کارەکانیان ئەنجام دەدەن و پەیامەکانیان دادەڕێژن و ئاراستەی کۆمەڵگەی دەکەن. ئەمەش وادەکات ڕۆژنامەنووس هەندێکجار نەتوانێت بەتەواوی ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی بکات لە خستنەڕووی پەیامەکان، ئەمەش لەپێناو خزمەتکردن و بەرژەوەندی ئەو کەناڵەی کاری تیادا دەکات. هەروەها ئاستی ڕۆشەنبیری و هۆشیاری و بیرکردنەوەی ڕۆژنامەنووس کاریگەری لەسەر چۆنیەتی خستنەڕووی ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان هەیە.

**سەبارەت بە پرسیاری چوارەم، ئەو ڕێ و شوێنانەی چین کە پێویستە بگیرێنەبەر تاوەکو ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەناردنی پەیامە میدیایەکاندا، زیاتر پابەندی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بن؟** پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (کاروان عەلی) دەڵێت "کۆمەڵێک ڕێوشوێن هەن پێویستن بگیرێنە بەر بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر پابەندی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی بکەن، گرنگترینیان:

یەکەم؛ کەناڵەکان خۆیان ڕینوێنیی ڕۆژنامەنووسەکانیان بکەن و سیاسەتێکی کارکردنی وا دابنێن کە هەموویان پابەندی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بکەن.

دووەم؛ پابەندکردنی ڕۆژنامەنووسان بە پەیمانانەی شەرەف کە جەخت لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن.

سێیەم؛ بەشداریی پێکردنی ڕۆژنامەنووسانی ئەو کەناڵانە لە خول و وۆرکشۆپی تایبەت بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی.

چوارەم؛ گۆڕانکارییکردن لەو یاساو ڕێنماییانەی هەن بەئاڕاستەی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی".

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (پاڤێ جەمیل) سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێت هۆشیارکردنەوەی ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بە ماف و ئەرک و بەرپرسیاریەتیان و خۆ پەروەردەکردن و زانیاری، بەرامبەر بە شێوازی نوسین و ڕومالّی هەواڵ و زانیاریە میدیاییەکان دەتوانرێت پەیامەکان باشتر بکات و ڕۆژنامەنوسانیش لە هەڵەی پیشەیی بەدووربن بەو شێوازەش کۆمەڵگەی کوردی یاخود وەرگری میدیایی بەدووردەبن لە شڵەژان و پەشێوی دەروونی.

هەروەها پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (جوان بەهادین) لەو بارەیەوە دەڵێت "لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی وەک زانکۆ و پەیمانگاکان کە خوێندنی تیا دەکرێت تایبەت بە بواری ڕاگەیاندن خوێنکارەکان ئاشنا بکرێن بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و پابەنبوون بە ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی و ئیتیکی کۆمەڵگە، فێر بکرێن چۆن بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بپارێزن، دانانی ڕیسا و یاسا و ڕێنمایی بۆ ڕۆژنامەنووسان، فلتەرکردنی پەیامە میدییایەکان، دانانی سزا لەبەرامبەر پابەندنەبوون بەو ڕێنماییانەی کە بۆ ڕۆژنامەنووسان دانراوە".
لەهەمان کاتدا دکتۆر (ئازاد عەبدولعەزیز) دەڵێت "میدیا پێویستە پابەندبوونی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگە هەبێت و پێویستە ملکەچی بەها کۆمەلایەتییەکان بێت بۆ ئەوەی متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنێت. پێویستە تایبەتمەندیی ڕاستگۆیی، دادپەروەری، وردی، بابەتیبوون و هاوسەنگیی لە پەیامەکانیان هەبێت. ڕاستە دەبێت میدیا ئازاد بێت، بەڵام خاوەنی یاسا و ڕێساکان بێت، لە ژینگەو چوارچێوەی کاری خۆیدا هەنگاوەکان بهاوێژیت. یەکێک بە

فاکتەرە هەرەگرنگانە بریتییە لە بەها ئیتیکییەکان کە دەبێ میدیای کوردی پێوە پابەندبێت هەروەها پێویستە پابەندی ئەو بابەتانەش بێت کە تایبەتن بەئاسایشی نەتەوەیی".

بەهەمان شێوە پرۆفیسۆر (د.هێرش ڕەسوڵ) دەڵێت "ڕێکاری یاسایی و ئاکاری و ئیتیکی هەیە، بەڵام گەر بتوانرێت هۆشیاریەکی پیشەیی گشتی لەناو هاوڵاتیان و حزبە سیاسیەکان و دەسەڵاتبەدەستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و پەروەردە و خوێندنی باڵا دروست بکرێت بەتایبەت لەناو ڕۆژنامەنووسان، کاتێک بەشێوەیەکی گشتی لایەنی ئەخلاق و ئاکار و ئیتیک ڕەچاو کرا لەناو هەموو بوار و سێکتەرە جیاوازەکان، لە ڕاگایەندنیشدا وەک پیشەیەکی گرنگ ڕەچاو دەکرێت. بۆیە ئەو ڕێ و شوێنانە لە یاسا گرنگتر لەم قۆناغەدا بە تایبەت ڕێکخستنی یاسایی بۆ سۆشیال میدیا و نیو میدیا و پلاتفۆرم و سەکۆ جیاوازەکان ئەستەمە و ئاسان نییە زۆر گرنگە بایەخ بە هۆشیاری پیشەیی و ئاکاری بدرێت و بەردەوام لەلایەن خاوەن کەناڵەکان و بەڕێوەبەر و سەرنووسەری هەواڵەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕێنمایی پێویست بدرێت لە چوارچێوەی ئاکارنامە یان پەیماننامەی شەرەف بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسانی ئەو کەناڵانە بتوانن بەشێوەیەکی ویژدانی، ئینسانی، خۆویستانە، ئاکاری ڕەچاوی بنەماکانی ئاکاری پیشەیی بکەن".

چاودێرانی بواری میدیایی پێیان وایە کۆمەڵێک ڕێوشوێن هەن پێویستن بگیرێنە بەر بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر پابەندی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بن. گرنگی و بایەخی زۆر بە هۆشیاری پیشەیی و ئاکاری بدرێت، لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگاکان، کەناڵەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەتایبەت سەبارەت بە میدیای نوێ. پابەندکردنی ڕۆژنامەنووسان بە پەیمانانەی شەرەف و گۆڕانکارییکردن لە ڕێسا و یاساکانی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان کە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا بگونجێت. ڕێنوێنیی و ڕێنمایی کردنی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن خاوەن کەناڵ و دەزگا میدیاییەکان و کردنەوەی خولی تایبەت بۆ ڕۆژنامەنووسەکانیان تاوەکوو هەموویان پابەندی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بن

و بە شـــێوەیەکی پرۆفیشـــناڵ کارەکانیان ئەنجام بدەن. دانانی دەزگایەکی تایبەت کە پێک هاتبێت لە چەند کەســێکی پســپۆر و ئەکادیمی بواری ڕاگەیاندن و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، بۆ چاودێری کردنی ڕۆژنامەنووســـان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان، نەک ســـانســـۆرکردن و سنوردارکردنی ئازادیەکانیان، ئەمەش لە پێناو باشترکردن و بەرەوپێشبردن و پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان بە ئیتیک و یاسا و بەرپرسیاریەتی.

**سەبارەت بە پرسیاری پێنجەم، ئایا هۆکارەکانی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووســـانەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟** پرۆفیســـۆری یاریدەدەر دکتۆر (جوان بەهادین) لەو بارەیەوە دەڵێت "هۆکاری زۆر هەن بۆ ڕەچاو نەکردنی بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی وەکو، کەمی ئاستی هۆشیاری ڕۆژنامەنووسان، هەستنەکردنی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرســـیاریەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەی، بیرکردنەوە لەوەی زۆرترین بینەری هەبێت بۆ بابەتەکەی زۆر بە گرینگتری دەزانێت لەوەی ڕەچاوی بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی بکات. نەبوونی یاســـایەکی تەندروســـت و گونجاو کە لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووســـانی لەهەرێمی کوردســـتان بگونجێت لە ئێســـتادا. ســـزانەدانی ئەو ڕۆژنامەنووســـانەی کە ڕەچاوی ئیتیک و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ناکەن، نەبوونی فلتەرێکی باش زۆ پەیامە میدیاییەکان".

هەروەها دکتۆر (ئازاد عەبدولعەزیز) پێی وایە رۆژنامەنووس ئەگەر خاوەن پیشەی ڕۆژنامەوانی بێت و بە شیوەیەکی پرۆفیشونالانە کار نەکات گومانی تێدا نییە ئاراستەی کارکردنی بەرەو لادان دەروات. هۆکار زۆرن وەک پەیداکردنی بازار بۆ کەناڵەکەکان، واتە قازانجکردن لە ڕووی ئابووری، بی ئەوەی ڕەچاوی بەها کۆمەلایەتیەکان بکرێت و زانیاری ڕاست و دروست بە جەماوەر و هاولاتیان بگەینێت یاخود هاندان بۆ هۆشیار و رۆشنبیرکردنیان. هەروەها هۆکارێکی دیکە ناهۆشیاری رۆژنامەنووسەکەیە، ئەو ئازادییەی کە بۆی فەراهەم بووە، پیویستە لە چوارچیوەی ئەوە بێت کە ئازادی خەڵکی دیکە پێشێل نەکات،

بەلام ئەو ڕەچاوی ناکات و بە دەرفەتی دەزانێ بابەتەکان بە شێوەیەک بڵاو بکاتەوە کە ئەو دەیەوێت نەک کۆمەڵگە.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (کاروان عەلی) دیارترین ئەو هۆکارانەی کە وا دەکات ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتیی نەکەن دەخاتەڕوو کە بریتیین لەمانە: "سیاسەتی کارکردن و خاوەندارێتی کەناڵەکە، ئاستی نزمی هوشیاریی ڕۆژنامەنووسەکە. لاوازیی جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییەکانی تایبەت بەکاری میدیایی. پێشخستنی بەرژەوەندیی تایبەت وەک دەستکەوتی ماددی بەسەر بەرژەوەندیی گشتی، بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی بینەر، هەوڵدان بۆ ناوو ناوبانگ ناودەرکردن بەماوەیەکی کەم".

لەهەمان کاتدا پرۆفیسۆر (د.هێرش ڕەسوڵ) سەبارەت بەم پرسیارە دەڵێت "هۆکاری زۆر و جیاواز هەن بۆ ڕەچاو نەکردنی بەرپرسیاریەتی وەک؛ هۆکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتوری، ئاینی، یاسایی، پیشەیی هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە. بۆنموونە هۆکاری سیاسی بەهۆی بوونی کێشە هەڵواسراوەکان لەناو هەرێم و حزبە سیاسیەکان لەناو حکومەت و حزبە پێکهێنەرەکانی و ئۆپۆزیسیۆن ئینجا کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی. هەروەها داواکاری خەڵک بۆ خزمەتگوزاری، بوونی کەم و کوڕی لە حوکمڕانی، قەیرانە ئابووریەکان و تەنگژەکان لەڕووی ئابووری و سەربازی، بابەتی موچە و بودجە، بابەتی کلتوری و هەندێک کێشە کە بەهەندێک کاریگەری ڕووبەڕووی جومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەبێتەوە، زۆر جاریش ئاین و ئاینزاکان دەبنە کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم ئازادی ڕادەربڕین و هەندێک هەنگاوی کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، هەروەها ئاستەنگی یاسایی زۆرجار هۆکارە، کە یاساکان وەک پێویست نین بەند و بڕگەی باش و گونجاویان تیادا نیە کە لەگەڵ گیانی سەردەم و روحی دیموکراسیدا یەک بگرنەوە، یان هەندێکجاریش ئەو بەند و بڕگانە خراپ نین بەڵام وەک پێویست جێ بەجێ ناکرێت. یان بەشێوەیەکی گشتی نەبوون یان

لاوازی هۆشـــیاری پیشـــەیی ڕۆژنامەنووســـــان زۆرجار هۆکارە بۆ جێبەجێ نەکردن و ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە.

دکتۆرە (هەتاو سالح) ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی دەزگایەکی چاودێری بۆ ڕۆژنامەنووســـان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە هەرێمی کوردستان و دەڵێت "وەک خۆتان دەزانن لەهەمووجیهاندا سەندیکا یان دەزگایەک هەیە چاودێری میدیایی دەکات، بۆ ئەوەی بەرپرســـیاریەتی میدیا بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەرقەراربیت، ئەڵبەت من دەڵێم چاودێر نەک سانسۆر، کێبڕکێ و هەوڵدان بۆ دەستپێشخەریی میدیایی و پەلەکردن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و پشـــتراســـتنەکردنەوەی هەواڵ، زۆرجار ڕۆژنامەنووس دەخاتە هەڵەوە و وەک وگووتمان بە ئەنقەســـت ســـنورەکانی ئێتیکی میدیایی دەبەزێنن، گرنگی نەدان بە هەســـتونەســـتی تاکەکانی کۆمەڵگە و پێشـــێلکردنی ئەو مافەیان، زیاتر خوێندنەوەی قازانجی تاکەکەسی و کەناڵەکان".

پســـپۆڕانی بواری ڕاگەیـانـدن و چـاودێرانی میـدیـایی هۆکـارەکـانی ڕەچـاونەکردنی بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووســـانەوە دەگەڕێننەوە بۆ چەندین هۆکار لەوانە: کارکردنی بەشێک لە کەناڵە کوردییەکان لەسەر وروژاندن و سەرنج ڕاکێشان لە پێناو بەدەســتهێنانی زۆرترین ژمارەی بینەر. لاوازی ئاســتی زانین و هۆشــیاری و بیرکردنەوەی ڕۆژنامەنووســـان و هەســـت نەکردنیان بە بەرپرســـیاریەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە. نەبوونی دەزگایەکی تایبەت بە چاودێریکردنی ڕۆژنامەنووسان. نەبوونی یاسایەکی باش و گونجاو کە لەگەڵ پیشـــەی ڕۆژنامەنووســـی بگونجێت. ســـیاســـەتی کارکردنی کەناڵە ئاســـمانییەکان هەندێکجار ڕۆژنامەنووس ناچار دەکات نەتوانێت ڕەچاوی ئێتیک و بنەمای بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی بکات.

**سەبارەت بە پرسیاری شەشەم، لێکەوتەکانی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە لایەن ڕۆژنامەنووسان چین؟** پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (کاروان عەلی) دەڵێت "کاتێک ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەوا ئەو لێکەوتانەی دەبێت: سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی باشتر بەرقەرار دەبێت، ناکۆکی و ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەمدەبێتەوە، کارو پەیامی میدیایی ڕێکوپێکتر دەبێت و لە پاشاگەردانی و بێسەروبەریی دووردەکەوێتەوە، ئازادیی ڕادەربڕین بەهێزتر دەبێت، ڕای گشتیی خەڵک ڕاستەڕێیی خۆی وەردەگرێت و چەواشە نابێت، متمانەی خەڵک بە پەیامی کەناڵەکانی میدیا بەهێزتر دەبێت، خەڵک زیاتر پشت بەکەناڵە میدیاییەکان دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیاریی و شیکردنەوەی ڕووداوەکان".

پرۆفیسۆر (د.هێرش ڕەسوڵ) ڕای وایە" بە ڕەچاوکردنی بنەمای بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لێکەوتەی ئەرێنی دروست دەبێت لە چەند ئاست و ڕەهەندێکی جیاواز، بۆ نموونە لە ئاستی وەرگر کە متمانەی جەماوەر بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان زیاتر دەبێت، لەلایەکی ترەوە توانا و هێزی کاریگەری ڕاگەیاندن زیاتر دەچەسپێت کە ڕاگەیاندن دەتوانێت وەک دەسەڵاتی چوارەم زیاتر ڕۆڵ ببینێت و چاودێر بێت بەسەر سێ دەسەڵاتەکەی تر و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. هەروەها کاریگەری لەسەر ئاستی تاک کە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە ڕووی سیاسیەوە بۆ بابەتی حوکمرانی دروست و هاوکاریکردنی دەسەڵات و هێزە جیاوازەکانی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەت تا بڕیاری دروست بدەن واتە ڕاگەیاندن بەرچاو ڕوونی پێویستیان پێدەدات".

هەروەها پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (جوان بەهادین) لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەگەر لەکاتی ڕەچاونەکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی پشێوی دروست ببێت لەناو کۆمەڵگە و ببێتە هۆی ئەوەی بەهاو نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگە تێک بچێت کەواتە لەکاتی ڕەچاوکردنی

بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەرپا دەبێت، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی بەهاو نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگە بپارێزێت، هەروەها پەیامەکانی میدیا بەشـــێوەیەکی بێلایەنانانە و ڕاستگۆیانە بگەیەنێتە جەماوەرو ڕێزی ئازادی تاکەکەس بگیرێت".

بەهەمان شـــێوە دکتۆر (ئازاد عەبدولعەزیز) دەڵێت "گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بە شـــێوەیەکی ورد و ڕاســـت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە متمانە لای خوێنەر یان وەرگر زیاتر بێت بەرامبەر بە میدیا، بواری ئازادی بۆکارکردنی میدیایی زیاتر بەرفراوان دەبێت، چونکە هەر ڕۆژنامەنووســـێک بە شـــیوەیەکی پیشـــەییانە کاردەکات، دڵەراوکی لای ڕۆژنامەنووس ناهێڵێت، چونکە بە ئەرکی خۆی وەک ڕۆژنامەنووس هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کارەکانی خۆی، هەواڵەکان و زانیارییەکان وەک خۆی بڵاودەکاتەوە".

بەپێی بۆچوونی چاودێرانی بواری میدیایی کاتێک ڕۆژنامەنووسـان ڕەچاوی بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەوا لێکەوتی ئەرێنی باش دروســـت دەبێت وەک: زیادبوونی متمانەی جەمـاوەر بە پەیـامی کەنـاڵەکـانی ڕاگەیـانـدن. بەرپـابوونی ئـاســـایشـــی کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشـــبردنی کۆمەڵگە. ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی ڕێکوپێکتر و تەندروســـتتر دەبێت و دوور دەبێت لە هەر بێسـەروبەری و پشـێوی نانەوەیەک. کەمکردنەوەی ناکۆکییە سـیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگە.

## دەرئەنجامەکان

دوای تەواوکردنی لایەنی تیۆری و کۆکردنەوەی زانیـاری و داتـاکـان، شـــرۆڤەکردن و شـیکردنەوەی خشـتە ئامارییەکان و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ دەسـتەبژێری ئەکادیمی، توێژینەوەکە  گەیشتە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ.

1. ڕەچاوکردنی بەرپرســیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووســانەوە ڕێژەییە، واتە بەشـێک لە ڕۆژنامەنووسـان ڕەچاوی بنەمای بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکەن لەکاتی ئـاراســتەکردنی پەیـامە میـدیـاییەکـان بۆ جەمـاوەر، لەهەمـانکـاتـدا بەشــێکیـان بەرپرســیاریەتیەکەیان لە ئاســتێکی لاوازدایە واتە وەک پێویســت ڕەچاوی ئەم بنەمایە ناکەن.
2. لاوازی ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی لای ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییەکان بریتییە لەو بارودۆخە نالەبار و ناکۆکییە سیاسـییەی کە ئێسـتا هەرێمی کوردسـتانی گرتۆتەوە، وای کردوە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییەکان بەرپرسیاریەتی پشتگوێ بخەن.
3. رۆژنامەنووســان پەیامەکانیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و ســیاســەتی ئەو کەناڵانە دادەڕێژن کە کاری تیادا دەکەن، ئەو کەناڵانە زۆر جار ســـەر بە حزبێک یان لایەنێکی دیاریکراون، بۆیە هەندێک جار ناتوانن بە تەواوەتی ڕەچاوی بەرپرســیاریەتی بکەن لە نووســین و گەیاندنی پەیامەکان، لەبەر ئەوە ئەو پەیامانەی ڕۆژنامەنووســان ئاراســتەی جەماوەری دەکەن زۆر جار لایەنگیری ئەو کەناڵەی پێوە دیارە کە رۆژنامەنووســەکە کاری تیادا دەکات، هەندێک جار دەبێتە هۆی دروســتکردنی پشـێوی و ناســەقامگیری لە کۆمەڵگە.

4. هەندێک لەو ڕۆژنامەنووسـانەی کە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان کاردەکەن، کەسـانی کەم ئەزموونن و بەشـێوەیەکی پرۆفیشـناڵ کارەکانیان ئەنجام نادەن، ئەمە کاریگەری لەسـەر پشتگوێخستنی بنەمای بەرپرسیاریەتی دەبێت.
5. ڕاگەیاندنی کوردی وەک پێویسـت ڕەچاوی بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی ناکات، ئەو ئازادییەی بۆی فەراهەم کراوە وەک پێویست پراکتیزەی ناکات، ئازادی و بەرپرسیاریەتی تێکەڵ دەکات و پێی وایە ئازادی دەبێت ڕەها بێت.
6. بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە بەشێک لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ئاستێکی لاواز دایە بەهۆی ئاراسـتەکردنی پەیامەکان بەشـێوەیەکی نا بەرپرسـیار بەبێ گوێدانە بەها کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە.
7. یەکێک لە هۆکارێکی تر لە لاوازی بەرپرسـیاریەتی کۆمەڵایەتی لای ڕۆژنامەنووسـان و کەناڵە ئاسمانییەکان ئاشنانەبوون و پابەندنەبوونیانە بە یاسا و ڕێسا ئیتیکیەکان و پشت گوێ خستنی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی.
8. چەمکی بەرپرسیاریەتی لە ئێستادا گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت، وەک بنەمایەکی ئەخلاقی بۆ کاری ڕاگەیاندن لەپێناو پاراسـتی کۆمەڵگە. بەڵام ئەم چەمکە لە ڕاگەیاندنی کوردی تا ڕادەیەک نـامۆیە بۆ ڕۆژنـامەنووسـان، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی وەزارەتی ڕۆشەنبیری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراو و دامەزراوەکانی هۆشیارکردنەوە، کە نەیان توانیوە وەک پێویسـت گرینگی بەم چەمکە بدەن و بیکەنە بنەمایەکی گرنگی کـارکردن بۆ هەموو ڕۆژنـامەنووسـێکی کورد کە لە دەزگـا ڕاگەیـاندنە کوردیەکـان کاردەکەن.
9. ئاسـتی هۆشـیاری تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک کاریگەری لەسـەر ڕاگەیاندن و شـێوازی ناردنی پەیام لەلایەن ڕۆژنامەنووسـان هەیە. لەکۆمەڵگەی کوردی بەهۆی کەمی ئاسـتی هۆشیاری بەشێک لە تاکەکانی و حەزکردنیان بە گەورەکردنی کێشەکان و قوڵکردنەوەی

لایەنی نەرێنی بـابەتەکـان، بوونەتە هۆی هـانـدان بۆ کەمتەرخەمی لە ڕەچـاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لای بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان.

10. بەشـــێک لە ڕۆژنامەنووســـان بوونەتە هۆی کەمی متمانەی خەڵک بە پەیامی کەناڵە ئاسـمانییەکان بەهۆی کەمتەرخەمیان لە ڕەچاوکردنی بەرپرسـیاریەتی و گرنگی نەدانیان بە ناوەڕۆکە میدیایەکان و کارکردن لەسـەر سـەرنج ڕاکێشـان و کۆکردنەوەی زۆرترین جەماوەر.

11. هەندێ لە ڕۆژنامەنووســان بەهۆی ئەو پەیامانەی کە بڵاوی دەکەنەوە و ئاراســتەی جەماوەری دەکەن زۆر جار بوونەتە هۆی تێکدانی ئاسـایشـی کۆمەڵایەتی و شـێواندنی کۆمەڵگە و تێکدانی دەروونی تاکەکانی.

12. زۆرێک لەڕۆژنامەنووسـان ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوانە مامەڵە لەگەڵ پەیامەکاندا دەکەن و ئاراسـتەی جەماوەری دەکەن، بەڵام هەندێ جار بەهۆی سیاسـەتی کارکردنی کەناڵەکە یاخود لایەنگری ڕۆژنامەنووس بۆ لایەنێکی دیاریکراو یان نزمی ئاســتی هۆشـــیاری، دەبێتە هۆی شـاردنەوەی بەشێک لە ڕاسـتییەکان لەو پەیامانەی کە ئاراسـتەی کۆمەڵگەی دەکات.

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان

لەژێر ڕۆشـنایی دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و بەمەبەسـتی گۆڕانکاری و باشـترکردنی ڕەوشـــتی پیشـــەی ڕۆژنامەنووســـان و باشـــترکردنی ئەدای کارکردنی کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکـان، هەروەهـا ڕەنگـدانەوەی بنەمـای بەرپرســـیـاریەتی کۆمەڵایەتی لەلای ڕۆژنامەنووسـان و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان. دەکرێت ئەم چەند پێشـنیار و ڕاسـپاردانە بخەینەڕوو:

## پێشنیازەکان

- گرنگیدانی زیاتری وەزارەتی ڕۆشەنبیری و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە چۆنیەتی کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.
- دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە چاودێریکردنی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و بەبێ جیاوازی لە پێناو باشترکردنی ئەدای کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان.
- هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا خاوەنی میدیای نیشتمانی نییە کە سەربە هیچ حیزب و لایەنێک نەبێت واتە سەربەخۆ بێت، دامەزراندنی میدیای نیشتمانی کاریگەری و گرنگی زۆری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە خەمی دامەزراندنی میدیای نیشتمانی دابن، بە ئامانجی باشترکردن و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە، هەروەها لەپێناو خزمەتکردنی گشتی و پەروەردەکردنی هاولاتیان .
- گرنگیدانی زیاتر بە چەمکی بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاشناکردنی زیاتری ئەم چەمکە بە ڕۆژنامەنووسان و هەوڵدان بۆ ڕەچاوکردنی ئەم چەمکە وەک بنەمایەکی گرنگی کارکردن لە بواری ڕاگەیاندن لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
- بۆ ڕێکخستی بواری ڕاگەیاندن و باشترکردنی ئەدای کارکردن، پەرلەمانی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی پسپۆر و شارەزا و ئەکادیمی لە بواری ڕاگەیاندن و ئیتیک و یاسا، هەوڵی نوێکردنەوەی یاسا کۆنەکان بدەن و چەند یاسایەکی نوێ بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان دەربکەن کە لەگەڵ دوخ و سەردەمی ئێستای هەرێمی کوردستان بگونجێت.

- له لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا گرنگی زیاتر بە بەشـــەکانی خوێندنی ڕاگەیاندن لە پەیمانگا و زانکۆکان بدرێت، هەروەها دابینکردنی شـــوێنی گونجاو و کەرســـتەی پێویستی کارکردن بۆ قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن.

## ڕاسپاردەکان

- لەلایەن کەســانی پســپۆر و ئەکادیمی توێژینەوەی تری زانســتی و ئەکادیمی ئەنجام بدرێت، لەســـەر ئاســـتی بەرپرســـیاریەتی ڕۆژنامەنووســـان و پلاتفۆرماکانی تری ڕاگەیاندن، بەمەبەســـتی زانینی ئاســـتی بەرپرســـیاریەتی ڕۆژنامەنووســـان و دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان و بەراودکردنیان بە ئێستا و ڕابردوو.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەلایەن توێژەرانی تری ماســـتەر لەســـەر کاریگەری و گرنگی ڕەچاوکردنی بەرپرســـیاریەتی کۆمەڵایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنووســـانەوە لە میدیای نوێ.
- بەشـــەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی کوردســـتان قوتابیان هان بدەن بۆ بوون بە ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو و پرۆفیشناڵ و گرنگیدان بە بنەماکانی ئیتیکی پیشەی ڕۆژنامەنووســـی و ڕەچاوکردنی بەرپرســـیاریەتی کومەڵایەتی لەکاتی کارکردنیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
- ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕۆژنامەنووس و کەناڵە ئاسمانییە کوردیەکان بوو، پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکرێت دەربارەی هەر یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کۆن و نوێ، بەتایبەتی ئامرازەکانی میدیای نوێ کە لە ئێســـتادا جەماوەرێکی ئێجگار زۆری هەیە و کاریگەری زۆری لەسەر تاک هەیە.
- لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی لەگەڵ ئامرازی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن بەکارهاتووە بەمەبەســـتی بەدەســـتهێنانی زانیاری، دەتوانرێت میتۆد و ئامرازی تر لە توێژینەوەی

تربەکـار بهێنرێـت بۆ کۆکردنەوەی زانیـاری لەســـەر بـابەتی هـاوشـــێوەی ئەم توێژینەوەیە.

# سەرچاوەکان

## سەچاوەکان بەزمانی کوردی

**- کتێب**


- پێندرۆیی، محەمەد سالّح. (2010). ڕۆشەنبیر کێیە؟ چاپی یەکەم. چاپخانەی هێڤی، سەنتەری ڕۆشەنبیری مێرگەسۆر.
- پێندرۆیی، محەمەد سالّح. (2011). ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- جەبار، شێرکۆ. (2012). واقیع و ئایندەی کەناڵە ئاسمانییەکان لە هەرێمی کوردستان (تێڕوانین و هەڵسەنگاندن). کەرکوک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.
- جەلال، سامان. (2018). هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.
- حسێن، عیماد محەمەد. (2005). پلاندانان و پلاندانانی ڕاگەیاندن. سلێمانی: بلاوکراوەی خانەی وەرگێڕان.
- حسێن، لەتیف. (2020). میدیا و بەرپرسیاریەتی کۆمەلایەتی. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی کارۆ.
- حیجاب، موحەمەد مونیر. (2018). میدیا و بابەتیبوون لە سەدەی بیست و یەکەمدا. چاپی دووەم. سلێمانی: ناوەندی سارا.
- حەسەن، محەمەد فەریق. (1998). دەسەلاتی چوارەم. چاپی یەکەم. هەولێر.
- دەروێش، هەردی ئەحمەد. (2008). "پەیامنێر، ڕۆڵ و ئەرک و تایبەتمەندییە پیشەییەکان". کەرکوک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

- ڕەسوڵ، هێرش. (2009). ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا. ژمارە 7. لە کتێبە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر.
- ڕەسوڵ، هێرش. (2013). ئیتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.
- سالح، مجید. (2016). ڕاگەیاندن و سیاسەتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- سەپان مەغدید. (2005). ژانەرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە. چاپی یەکەم. هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان.
- سەپان، مەغدید. (2009). مێژووی تەلەڤزیۆن و کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس. هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
- سەپان، مەغدید. (2015). بنەماکانی ئیتیک و ئیتیک لە ڕاگەیاندنی کوردیدا. چاپی یەکەم. تاران: چاپخانەی پەنجەرە.
- سەعدی، کەمال. (2004). ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پیشە. چاپی یەکەم. ژمارە 9. هەولێر: دەزگای O.P.L.C.
- سەعید, هیوا عەزیز. (2021). بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی. چاپی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی یاد.
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان. (2009). یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە 35. هەولێر: ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
- عومەر، هاوژین. (2012). ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی،. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

- فاروق, کەمال , محمد عەبدوڵڵا کەلاری. (2013). دەروونناسی ڕاگەیاندن. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- فەرحی، جەلال. (2009). چۆن لەبواری ڕاگەیاندندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت؟ چاپی یەکەم. وەرگێڕانی لوقمان غەفوور. چاپخانەی روون، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.
- فەوزی، سامان. (2011) . هێڵە یاساییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی. چاپی یەکەم. سلێمانی.
- قانع، مەم بورهان. (2016). ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، سلێمانی: چاپخانەی ڕاز.
- قەرەداخی، بەهات حەسیب. (2016). میدیا پرس و ترس. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- کەرکوکی، حەبیب. (2008). پێشەکییەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن. چاپی یەکەم. دهۆک: چاپخانەی خانی.
- ماکدۆگاڵ، کۆرتیس. (2005). بنەماکانی هەواڵ نووسین. چاپی یەکەم. سلێمانی.
- میخایلۆڤ، سێرگێی، مەغدید سەپان. (2013). پەیامنێری تەلەڤزیۆن. هەولێر: چاپخانەی موکریان.
- مەجید، سەباح. (2000). تەلەڤزیۆنە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگادا. کەرکوک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.
- وەندی، مەحمود. (2013). ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لە دواندنی کوردانی تاراوگە. کەرکوک: چاپخانەی کارۆ.

- نامه و تێزی ماستەر و دکتۆرا


- صابر، زاهیر حمدامین. (2010). ڕۆڵی ڕێکلامی تەلەڤزیۆنی لە هاندانی ڕەفتاری بەکاربەر بۆ کڕینی کاڵا. هەولێر: نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن (زانکۆی سەلاحەدین).

- عەبدوڵڵا، ئاریان فەرەج. (2011). بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووس لە دیدی ڕابەڕانی ڕاوە. هەولێر: نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن (زانکۆی سەلاحەدین).

- محمد، ئازاد عبدالعزیز. (2022). ئاراستەکانی دەستەبژێری میدیایی سەبارەت بە ڕادەی پابەندبوونی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە ئیتیکی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا/ توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانییە. هەولێر: نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن (زانکۆی سەلاحەدین).

- محەمەد، بەشدار حوسێن. (2016). ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای جەماوەر. هەولێر: نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن (زانکۆی سەلاحەدین).

- مەجید، ئاشنا دڵشاد. (2022). ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستاندا (میدیای نوێ بە نموونە). هەولێر: نامەی ماستەر، کۆلێژی کارگێڕی، بەشی ڕاگەیاندن (زانکۆی پۆلیتەکنیکی).

- **گۆڤاری زانستی**


- حەسەن، هەژار خودادا ، یادگار علی. (2019). ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پرۆسەی تێگەیشتن لە زاری کرمانجی سەروو لای خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان. زانکۆی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ژمارە 6. لا 728.

- ڕەفیق، ئاری. (2017). لەبارەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لە میدیای کوردیدا. گۆڤاری شیکار (پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان)، ژمارە 19.

- سەعدی، کەمال. (2010). چۆن رۆژنامە دەبێتە دەسەڵاتی جەماوەر؟. گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە (22)، لا 119.


- **کۆنفرانسی زانستی**


- هێرش ڕەسوڵ موراد. 2015. بەرپرسیارێتیی ڕاگەیاندن لە تەنگژەکاند. *ڕاگەیاندن و داعش*. سلێمانی: هۆتێل پەرێز (ڕێکخراوی مەشق و وەزارەتی پێسمەرگە). 2.


- **ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان**


- جاف، ئەمیرە عەبدوڵلا. (2016). بەها ئەخلاقییەکانی کاری ڕاگەیاندن. دواکاتی وەرگرتن 19/ 2/ 2022. http://penus.krd/index.php/ckb/

- سالح، مەجید. (2019). کەناڵەکانی راگەیاندن و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی. دواکاتی وەرگرتن 2022/3/20. https://www.zamenpress.com

- سالح، هەتاو حەمە. (2020). بەرپرسیارێتی میدیا بەرامبەر بە جەماوەر. دواکاتی وەرگرتن 2022/3/24. https://www.rwangauraxna.com

- سەپان، مەغدید. (2020). بەرپرسیاریێتی ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە کۆمەڵ. دواکاتی وەرگرتن 13/ 3/ 2022 (kurdistan24.net)

- ماڵپەڕی فەرمی کەناڵی ئاسمانی پەیام. (2008). ماڵپەڕی فەرمی کەناڵی ئاسمانی پەیام. دواکاتی وەرگرتن 2022/3/19. https://www.peyam.net

- چاوپێکەوتن

- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر (هێرش ڕەسوڵ)، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، ڕێکەوتی 2022/10/4.
- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (کاروان علی) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، ڕێکەوتی 2022/9/2.
- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە (پاڤێ جەمیل) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، ڕێکەوتی 2022/8/29.
- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (مەغدید سەپان) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین هەولێر، ڕێکەوتی 2022/8/25.
- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە (جوان بهادین) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی کۆیە، ڕێکەوتی 2022/8/23.
- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (ئازاد عبدالعزیز) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین هەولێر، ڕێکەوتی 2022/8/27
- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە (هەتاو ساڵح) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی هەڵەبجە، ڕێکەوتی 2022/9/14

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

**- کتێب**


- البشيبشي، احمد طلعت. (2005). الاتصال الجماهيري والمجتمع العاصر. مصر. الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
- بشير، حمدي. (2014). ظاهرة الإعلام الاجتماعي وأبعادها الاقتصادية والسياسية والأمنية في العالم العربي. عمان -الأردن: أمواج للطباعة والنشر والتوزيع.
- بشير،سعد زغلول. (2003). دليلك الى البرنامج الاحصائي SPSS. بغداد، المعهد العربي للتدريب والبحوث الاحصائية.
- بوتر، ديبورا. (2006). دليل الصحافة المستقلة. مكتب برامج الاعلام الخرجي للنشر - وزارة الخارجية الأمريكية.
- بورديو، بيار. (2004). التلفزيون واليات التلاعب بالعقول. طبعة الاولى. سورية: دار كنعان للدراسات والنشر والخدمات الإعلامية.
- بيرغر، آرثر آسا. (2012). وسائل الإعلام والمجتمع وجهة نظر نقدية. الكويت: عالم المعرفة، الناشر/المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الآداب.
- جبريل، رامي صلاح. (2020). تحليل البيانات خطوة بخطوة في SPSS. ليبيا، دار الكتب الوطنية (بنغازي).
- جراوند، سيرش فور كومون. (2014). دليل الصحافة المهنية في مناطق الصراع. UNITED STATES AGENCY INTERNATIONAL DEVELOPMENT.
- حجاب، محمد منير. (2010). مدخل إلى الصحافة. الطبعة 7. القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع.

- حجازي، مصطفى. (2006). الإنسان المهدور : دراسة تحليلية نفسية اجتماعية. طبعة ثانية. المغرب: الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي.
- حسام الدين، محمد. (2003). المسؤولية الاجتماعيةللصحافة. طبعة الاولى. القاهيرة: الدار المصرية اللبنانية.
- حلو، ماجد راغب. (2006). حرية الاعلام والقانون. الاسكندرية: منشأةالمعارف.
- خريسان، باسم علي. (2001). العولمة والتحدي الثقافي. طبعة الاولى. بيروت: دار الفكر العربي للطباعة والنشر.
- الخفاجي، نعمة عباس ، طاهر محسن الغالبي .(2008) .قراءات في الفكر الإداري المعاصر .عمان، الأردن: دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع.
- خليل، لؤي. (2014). الإعلام الصحفي. طبعة الاولى. الأردن: دار أسامة للنشر والتوزيع.
- خيرالله، هشام رشدى. (2020). نظـــريات الإعـــــلام. مصر. جامعة المنوفية. كلية التربية النوعية. قسم العلوم الاجتماعية والإعـلام.
- دليو، فضيل. (2013). تاريخ وسائل الاعلام والاتصال. الطبعة الرابعة. الجزائر: دار الخلدونية للنشر والتوزيع.
- الزغبي،محمد بلال. (2012). النظام الإحصائي SPSS فهم وتحليل البيانات الاحصائية. عمان، دار وائل للنشر والتوزيع.
- سليم، عبد النبي. (2010). الإعلام التلفزيوني. طبعة الاولى. عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.
- الشـــمـايلة، مـاهر عودة ، محمود عزت اللحـام وآخرون. (2015). أخلاقيات المهنة الإعلامية، الطبعة الأولى. عمان: دار الإعصار العلمي للنشر والتوزيع.

- صـدقة، جورج. (2008). الأخلاق الإعلامية بين المبادئ والواقع. الطبعة الأولى. بيروت. ناشر الكتاب: مؤسسة مهارات.
- صليبا، جميل. (2008). المعجم الفلسفي2. بيروت: دار الكتاب اللبناني.
- الصيرفي، محمد. (2007). المسؤولية الاجتماعية للإدارة. الطبعة الأولى. الإسكندرية، مصر: دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر.
- طعمة، حسن ياسين. (2009). طرق الإحصاء الوصفي. عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع.
- طه، أحمد الزيدي. (2013). المسؤولية الأخلاقية في الاعلام الإسلامي (دراسة تأصيلية و تحليلية لأخلاقيات الاعلام في مواثيق الشرف الإسلامية). عمان: دار النفائس للنشر و التوزيع.
- عامر، فتحي حسين احمد. (2006). أخلاقيات الصحافة في نشر الجرائم. طبع الاولى. القاهرة: ايتراك للنشر واتوزيع.
- العباد، أيمن ناصر. (2016). المسؤولية الجنائية لمستخدمي شبكات التواصل الاجتماعي. سعودية: مكتبة القانون والاقتصاد.
- عبدالرحمن، عبدالله محمد. (2006). سوسيولوجيا الاتصال والاعلام. الاسكندرية. دار المعرفة الجامعية.
- عبداللطيف، صلاح. (2014). الصحافة المتخصصة. مصر: الدار الجامعية الاسكندرية.
- عثمان، أحمد. (2010). التحليل الاخلاقي للمسئولية الاجتماعية. القاهرة: مكتبة الأنجلوالمصرية.
- عثمان، سيد احمد. (1996). التحليل الاخلاقي للمسئولية الاجتماعية. القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

- عزي، عبدالرحمان. (2013). دراسات في نظرية الاتصال، نحو فكر إعلامي متميز. طبعة ثالثة. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
- عزيز، سامي. (1981). الصحافة مسؤولية وسلطة. القاهرة: مؤسسة دار التعاون للطبع والنشر.
- العزيز، عزة عبد. (2006). مصداقية الإعلام العربي. طبعة الاولى. القاهرة: دار العربي للنشر.
- عطية, منصور قدور بن. (2016). الصحافي المحترف بين القانون والاعلام .الجزائر: جسور للنشر والتوزيع.
- عوض، عوض ابراهيم. (2009). أصول الفكر الإتصالي الإسلامي. طبعة الاولى. دمشق: دار الفكر.
- غالتونغ، يوهان ، جاك لينش. (2010). التغطية الإعلامية للنزاعات: التوجهات الجديدة لإعلام السلام. تعريب رشيد زياني شريف. مصر: مؤسسة قرطبة وشركة ترانساند بالاشتراك مع معهد الهوڤار.
- القاضي ،دلال. (2003)، " الاحصاء للإداريين والإقتصاديين. عمان، دار الحامد للنشر والتوزيع.
- كرم، جان جبران. (1986). مدخل إلى لغة الاعلام. الطبعة الثانية. بيروت-لبنان: دار الجيل.
- محمد، جبالة ، مقدم مختارية. (2019). المسؤولية الاجتماعية: إشكالية المفهوم والخلفية المعرفية. الطبعة الاولى. المانيا-برلين: المركز الديمقراطي العربي.
- مراد، كامل خورشيد. (2014). الاتصال و الاعلام الجماهيري. الطبعة الثانية. عمان، الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

- المزاح، محمد محمد. (2013). مبادئ الاحصاء والاحتمالات للعلوم الإدارية والتطبيقية"،جامعة العلوم والتكنولوجيا ، صنعاء.
- المشهداني، سعد سليمان. (2014). الصحافة العربية والدولية (المفهوم- الخصائص- المشاكل- النماذج- الاتجاهات). دولة الامارات العربية المتحدة: دار الكتاب الجامعي.
- مكاوي, حسن عماد. (2018). أخلاقيات العمل الإعلامى "دراسة مقارنة"، .الطبعة 8 . القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.
- مهنا، فريال. (2002). علوم الاتصال والمجتمعات الرقمية. بيروت: دار الفكر المعاص.
- الموسوي، محمد جاسم فلحي. (2006). نظريات الاتصال والإعلام الجماهيري،. الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك: كلية الآداب والتربية قسم الإعلام والاتصال.
- الموسى، عسام سلمان. (2014). المدخل في الاتصال الجماهيري. الناصرية: مكتبة الكناني للنشر والتوزيع.
- ناصر، محمد جودت ، علي الخضر. (2016). المسؤولية الاجتماعية وأخلاقيات العمل. سوريا: منشورات جامعة دمشق.
- النبي، سليم عبد. (2010). الاعلام التلفزيوني. طبعة الاولى. عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.
- هيليارد، روبرت. (2014). الكتابة للتلفزيون والإذاعة ووسائل الإعلام. طبعة الاولى. الأمارات: العين دار الكتاب الجامعي.
- يوسف، ليث بدر ، زهراء حسين الحداد. (2017). المسؤولية الاجتماعية الصحافة الاكترونية: الاسس النظرية والتطبيقية. عمان: دار امجد للنشر والتوزيع.

- نامه و تێزی ماستەر و دکتۆرا


- إدريس، جنيد محمود. (2019)، المسؤولية المدنية للصحفي، الأردن: رسالة ماجستير. قسم القانون، جامعة الشرق الأوسط.
- بشيرالتک, زينب مزاحم. (2004). الشخسية الناضجة و علاقاتها بالمسؤولية الاجتماعية لدى طلبة جامعة الموصل. موصل: رسالة ماجستير. كلية التربية (جامعة الموصل).
- جابر، صلاح حسن نوفل. (2017). الرسالة الإعلامية وأثرها في مشروع الإصلاح الإسلامي. سودان: رسالة ماجستير. جامعة الجزيرة.
- جرادات، ناصر ، عزام أبو الحمام. (2019). المسؤولية الأخلاقية والإجتماعية للمنظمات. الأمارات. إثراء للنشر والتوزيع
- جلال، هەژار محمد. (2014). تأثير المسلسلات المدبلجه على منظومة القيم الاجتماعية لدى الشباب في أقليم كوردستان- عيراق. اطروحة دكتوراه. جامعة الدول العربية، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم ( معهد البحوث والدراسات العربية بالقاهرة، قسم البحوث والدراسات الاعلامية ).
- حسن، السيد محمد. (2012). دور برامج المشاركة الجماهيرية بالفضائيات في الدعم الحرية التعبير. قاهرة: رسالة ماجستير. كلية الاعلام، قسم الأزاعة والتلفزيون (جامعة القاهيرة).
- حسين، محمد صاحي. (2006). عادات وانماط تعرض جمهور مدينة بغداد للبث التلفزيوني الفضائي. عيراق: اطروحة دكتوراه. الكلية الاعلام، القسم الصحافة (الجامعة بغداد)

- الخليفة، صديق السيد البشير. (2020). فاعلية اللغة الإخبارية في إقناع المتلقي بمحتوى الرسالة الإعلامية. سودان: رسالة ماجستير. كلية علوم الإتصال (جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا).
- خوالده، صفاء ارغش. (2021). المعايير المهنية والأخلاقية التي تحكم أداء الإعلاميين الأردنيين في غرف الأخبار – دراسة مسحية. الأردن: رسالة ماجستير. جامعة الشرق الأوسط ( كلية الإعلام).
- الدريملي، نداء طه سعدي. (2015). اجتاهات القائم باالتصال نحو مفهومي الحرية والمسئولية الاجتماعية في الصحافة الفلسطينية اليومية خلال الفترة 2006- 2013." غزة: رسالة ماجستير. عمادة الدراسات العليا، كلية الآداب قسم الصحافة (الجامعة الإسلامية).
- دوحان، حسن يوسف. (2015). العلاقة بين اخلاقيات النشر الصحفي والسياسات التحريرية فى الصحف الالكترونية الفلسطينية/دراسة تحليلية و علي القائم بالاتصال. قاهرة: اطروحة دكتوراه، معهد البحوث والدراسات العربية، قسم الدراسات الاعلامية (جامعة الدول العربية).
- عثمان، صباح حسن. (2019). إدارة المؤسسات الإعلامية وإنعكاستها على إنتاج الرسالة التلفزيونية بالتطبيق على تلفزيون السودان. سودان: رسالة ماجستير. جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا ( كلية الدراسات العليا).
- عثمان، صباح حسن. (2019). إدارة المؤسسات الإعلامية وإنعكاستها على إنتاج الرسالة التلفزيونية بالتطبيق على تلفزيون السودان: رسالة ماجستير. جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا ( كلية الدراسات العليا).

- العجله، محمد سامي رباح. (2012). المسؤلية الاجتماعية وعلاقاتها بالصراع النفسي وتوكيد الذات لدى أرامل شهداء حرب الفرقان في المحافظات الغزة. غزة: رسالة ماجستير. الجامعة الاسلامية- (كلية التربية، قسم علم النفس).

- قاسم, جميل محمد. (2008). فعالية برنامج إرشادي لتنمية المسئولية الاجتماعية لدى طلاب المرحلة الثانوية. غزة: رسالة ماجستير. كلية التربية، قسم علم النفس، (الجامعة الإسلامية)

- المبرز، ابراهيم حمد. (2011). القنوات الفضائية وتأثيرها على منظومة القيم الاجتماعية لدى طلاب الثانوية العامة بمدينة الرياض. السعودية: رسالة ماجستير. قسم الإجتماع بكلية العلوم الإجتماعية، جامعة الإمام محمد بن سعود.

- مراد، هێرش رسول. (2011). الوظيفة الرقابية للصحافة الكوردية في اقليم كوردستان. دراسة تحليلية وميدانية في جريدتي (كوردستانى نوێ) و (رۆژنامه) للمدة من 1/1/2009 لغاية 31/12/2009، اطروحة الدكتوراه فلسفة في الاعلام- الصحافة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية.

- مشرف، ميسون محمد. (2009). التفكير الاخلاقي و عيلاقته بالمسؤلية الاجتماعية و بعض المتغيرات لدى طلبة الجامعة الاسلامية بغزة. غزة: رسالة ماجستير. الجامعة الاسلامية- (كلية التربية، قسم علم النفس).

- المعايطه ,رقية إسماعيل. (2019). أثر المسؤولية الاجتماعية في بناء الصورة الذهنية للمنظات "دراسة حالة شركة مناجم الفوسفات الأردنية". رسالة ماجستير. الأردن: جامعة آل البيت. كلية الاقتصاد والعلوم الإدارية. قسم إدارة أعمال.

- يحياوي، إبراهيم. (2018). القنوات الفضائية وثقافة الشباب، الطالب الجامعي الجزائري أنموذجا. الجزائر: اطروحة دكتوراه. وزارة التعليم العالي والبحث العلمي (جامعة محمد لمين دباغين).


- گۆڤاری زانستی


- أحمد، فاطمة أمين. (1999). استخدام المقابلة المهنية في خدمة الفرد في دراسة الشعور بالمسؤولية الاجتماعية لدى طلاب المرحلة الثانوية (دراسة وصفية). مجلة كلية الآداب- جامعة حلوان العدد 6، ص 250-251.
- بلمولاي، بدرالدين. (2021). الأخلاق الإعلامية وكيفية تعزيزها. مجلة الباحث في العلوم الإنسـانية والاجتماعية. الجزائر: جامعة قاصـدي مرباح ورقلة. المجلد 13(2). ص 101 - 102 .
- جبار، زهراء حسين. (2019). المسؤولية الاجتماعية للصحافة الإلكترونية: دراسة في مواقع (المركز الخبري لشبكة الأعلام العراقي الجزيرة نت، Bbc Arabic). المجلة أهل البيت عليهم السلام، المجلد 15، العدد 24 ص 449.
- جبار، على. (2010). الخطاب التليفزيونى الأمريكى الموجه إلى المشاهد العربى. اتحاد إذاعات الدول العربية، العدد 2(مجلة الإذاعات العربية)، ص 17،39.
- حليمة، قادري. (2016). اتجاهات الشباب نحو المسؤلية الاجتماعية- دراسة مقارنة على عينة من شباب مدينة وهران. مجلة دراسات نفسية والتربوية، العدد 16، ص 135.
- حميدة، إمام مختار. (1996). "المسؤولية الاجتماعية لدى طلاب شعبة التاريخ بكلية التربية." مجلة دراسات في التعليم الجامعي ، المجلد الأول، العدد 4، ص 21.

- خصاونة، مها يوسف عبدالرحمن. (2015). المسؤولية المدنية للصحفي عن الاعتداء على الحق في الصورة في القانون المدني الأردني. الإمارات: جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والقانونية. المجلد 12، العدد 2. ص 172.
- خليفة، حسن. (2020). المسؤولية الاجتماعية للبرامج الحوارية في التلفزيون البحريني في تناول أداء السلطة التشريعية. مجلة البحوث الإعلامية (كلية الإعلام جامعة الأزهر)، عدد 54.
- زهية، شابونية. (2022) . المسؤولية الاجتماعية للبرامج التلفزيونية الحوارية الاجتماعية العربية ضرورة حتمية ومطلب تنموي. مجلة افاق للعلوم، عدد01.
- السليحات، ملوح مفضي بركات. (2018). دور شبكات التواصل الاجتماعي في تنمية المسؤولية الاجتماعية لدى طلبة الجامعة الاردنية. مجلة اتحاد الجامعات العربية للبحوث في التعليم العالي,المجلد 38، العدد3، ص 4.
- شقوارة، سناء علي. (2012). أبعاد المسؤولية المجتمعية للجامعات ومتطلبات تطبيقها في ضوء مفهوم الجودة الشاملة. مجلة تطوير الاداء الجامعي. مصر: جامعة المنصورة. المجلد1 .عدد2. ص50
- الشمري، عادل بن عايد. (2014). تقدير القيادات الجامعية لدور الجامعة تجاه المسؤولية المجتمعية في الجامعات الحكومية في مدينة الرياض. المجلة السعودية للتعليم العالي، (المملكة العربيةالسعودية) عدد12. ص 99.
- الطنباري، فاتن عبدالرحمن. (2017). المسئولية الاجتماعية لمقدمي البرامج الحوارية في الفضائيات المصرية. جامعة عين شمس – كلية الدراسات العليا للطفولة، مجلة دراسات الطفولة، عدد 76.

- عبدالعال، ميادة. (2018). البرامج الحوارية في التليفزيون المصري وعلاقتها بالحرية والمسئولية الاجتماعية. مجلة البحث العلمي في الآداب (جامعة عين شمس – كلية البنات للآداب والعلوم والتربية، مصر) عدد 19.
- عبدالله، أيمن سعد. (2019). أثر الرسالة الاعلامية على نسب الاشغال الفندقي في مصر أثناء الأزمات. المجلة الدولية للتراث والسياحة والضيافة، المجلد 2، العدد13، ص 101.
- عرفات مفتاح معيوف. (2014). معايير التغطية الإخبارية في القنوات التلفزيونية. مجلة البلقاء للبحوث والدراســـــات. ليبيا: كلية الفنون والاعلام. جامعة طرابس. المجلد 17، العدد1. ص 182– 183.
- العياشي، زرزار ، غياد كريمة. (2017). المسؤولية الاجتماعية في الإسلام: قراءة في المنهج النبوي لقيادة المسؤولية الاجتماعية. مجلة العلوم الاجتماعية ( الجزائر، جامعة سكيكدة). عدد23 . ص 132.
- الغزاوي، أمال حسن محمد. (2009). المسئولية الاجتماعية للبرامج الحوارية التليفزيونية اليومية في تناول الأداء الحكومي. مركز بحوث الرأي العام، المجلة المصرية لبحوث الرأي العام (جامعة القاهرة – كلية الإعلام )، عدد3.
- لغويل، ســـميرة ، نوال زمالي. (2016). المســـؤولية الاجتماعية: المفهوم ، الأبعاد، المعايير. مجلة الباحث في العلوم الإنســـانية و الاجتماعية. الجزائر: جامعة تبســـة. المجلد1. عدد27. ص304
- مكي، هشام ، عبدالرحمان بوطيبة. (2017) .القياس المتعدد الأبعاد لتطبيقات المسؤولية الاجتماعية بالمؤسسات الصغيرة والمتوسطة في تحقيق التنمية المستدامة: دراسة حالة المؤســـســـات الاقتصـــادية الجزائرية.الجزائر: جامعة حســـيبة بن بوعلي بالشـــلف. كلية العلوم الاقتصادية. مجلة الريادة لاقتصاديات الأعمال المجلد 3. عدد 4. ص 107.

- مهدي، محمد عبود. (2006). اخلاقيات العمل الصحفي – المفهوم والممارسة. مجلة أهل البيت، العراق، عدد 3، ص 198، 210.
- مهدي، محمد عبود. (2012). المسؤولية الاجتماعية للصحفيين العراقيين. مجلة كلية الاداب، عدد 101.
- المومني، فواز أيوب ، محمد خالد المعاني. (2017). المسؤولية الاجتماعية وعلاقتها ببعض المتغيرات البيئية. سوريا. دمشق. كلية التربية. مجلة اتحاد الجامعات العربية للتربية وعلم النفس. المجلد 15. عدد 2. ص 84.

**- كۆنفرانسی زانستی**

- الثوابتة، اسماعيل. (2013). المسئولية الاجتماعية في الاعلام الفلسطيني. ورقة عمل مقدمة ضمن فعاليات مؤتمر الاعلام الفلسطيني وتحديات المواجهة الذي نظمته وزارة الاعلام. غزة: وزارة الاعلام.
- الخضر، نرمين زكريا. (2008). اتجاهات القائم بالاتصالات نحو مفهومي الحرية والمسئولية الاجتماعية للصحافة المصرية في الألفية الثالثة. في أعمال المؤتمر العلمي الدولي الرابع عشر، الإعلام بين الحرية والمسئولية ج1 (جامعة القاهرة – كلية الإعلام).
- سعد، إبراهيم محمد. (2003). المسؤوليات الأخلاقية والقانونية للصحفيين، وعلاقتها بالسمات الشخصية. منشور ضمن أبحاث المؤتمر العلمي انوي التاسع عن أخلاقيات الإعلام بين النظرية والتطبيق (جامعة القاهرة).
- شاهين، هبة. (2014)، المسئولية الاجتماعية والأمنية لوسائل الإعلام في تناول قضايا الإرهاب، دراسة تطبيقية على الجمهور والصفوة الإعلامية والأمنية. جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية (المؤتمرالعلمي حول دور الاعلام العربي في التصدي لظاهرة الأرهاب).

- العمري، غدير احمد. (2014). نظرية المسؤولية الاجتماعية. كلية الاعلام، غزة، قسم الصحافة (بحث مقدم الى جامعة الاسلامية).


**- ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان**


- الحميد, غادة محمود عبد. (2022). المسؤولية الاجتماعية لوسائل الإعلام التقليدية في المجتمع.https://m.ahewar.org/s.asp?aid=743685&r=0 Accessed. ،. تاريخ الوصول 10/ 2/ 2022.
- زهار، ريما. (2015). المردود المالي من أبرز المعوقات أمام مهنية الإعلام. تاريخ الوصول 13 /5/ 2023. https://elaph.com/Web/News/2015/5/1006203.html
- سرطاوي، لينا. (2021). تعريف المسؤولية الاجتماعية. تاريخ الوصول 3 /2/ 2022. منصة إلكتروني موضوع، https://mawdoo3.com
- سليمان، برهان. (2015). مفهوم المسؤولية الاجتماعية. تاريخ الوصول 2 /2/ 2022. https://borhansoliman.com
- طبابي، أحمد. (2021). العمل الصحفي بين المهارة والأخلاقيات. تاريخ الوصول 14/ 3/ 2022. https://www.aljazeera.net
- مهدي، لبنى. (2021). ما هي المعايير العامة للخبر في الرسائل الإعلامية. تاريخ الوصول 3 ,3 2022. http://bitly.ws/oXhF.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

- کتێب


- BELSEY, ANDREW, AND RUTH F. CHADWICK. (1992). Ethical Issues in Journalism and the Media. London: Routledge.
- BLACK, JAY, JENNING BRYANT, AND SUSAN THOMPSON. (1998). “Introduction media communication”. New york: Mc Graw Hill.
- CHRISTIANS, CLIFFORD G., AND MARK FACKLE ROUTLEDGE. (2020). Media Ethics: Cases and Moral Reasoning,. 11th edition. New York: Routledge.
- FERGUSON, DONALD L.(2004). Journalism Today. 7th. london: Glencoe/McGraw-Hill School.
- GERALD GROSS، . (1996) The responsibilites of press .New York: Fleet public action.
- HODGES، LOUIS W، .(1986) Defining Responsible Jourrnalism . California Sage Publications: Beverly Hills.
- INEJI, PATRICK, EBA ALOBO NKANU, AND PATRICIA EYGON OKOi. (2019). "SOCIAL RESPONSIBILITY MEDIA THEORY AND ITS IMPLICATION FOR MEDIA PROFESSIONALISM IN NIGERIA." Journal of Media,Comunication And language (Cross River University of Technology) 244-126.
- MCQUAIL. DENIS. (2010). McQuail’s Mass Communication Theory. 6th edition. London: SAGE Publication Ltd.
- NUNNALLY JR, JUM C. (1970). Introduction to psychological measurement. McGraw Hill. Japan.

- POTER, DEBORAH. 2006. Handbook of Independent Jornalism. USA: Bureau of International program, U.S. Department of State no place to publish.
- RAVI, B.K .(2012) " .Media and Social Responsibility: A Critical Perspective with special reference to Television ".Academic Research International Vol.2
- SEKARAN, U. (2003) Research Methods for Business: A Skill-Building Approach. 4th Edition, John Wiley & Sons, New York.
- TUROW, JOSEPH. (2011). Media Today: An Introduction to Mass Communication,. 4th. New York: Routledge.

## پاشکۆی ژمارە (١)

## پێوەری ڕاستی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوە

ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕای شارەزا و پسپۆڕانە سەبارەت بە بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە.

### پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی

| | ناوی پسپۆڕان | پسپۆڕی | ژمارەی بڕگە دروستەکان | ژمارەی بڕگە نادروستەکان | ڕێژەی سەدی ڕاستێتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ. هێرش ڕەسوڵ | ڕاگەیاندن/ بنەماکانی ئیتیک | 47 | 9 | %83 |
| 2 | پ. نەزاکەت حسێن حەمە سەعید | ڕاگەیاندن/بەبازاڕکردنی سیاسی | 53 | 3 | %94 |
| 3 | پ. ابراهیم سەعید فتح الله | ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن | 49 | 7 | %87 |
| 4 | پ.ی.د. صادق حمە غریب | ڕاگەیاندن/ بەڕێوەبردنی قەیران | 41 | 15 | %73 |
| 5 | پ.ی.د. کاروان محمد حسن | ڕاگەیاندن/ تەلەڤزیۆن | 56 | __ | %100 |
| 6 | پ.ی.د. عبدالخالق ئیبراهیم موستەفا | ڕاگەیاندن/ میدیای نوێ | 56 | __ | %100 |
| 7 | پ.ی.د. ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد | ڕاگەیاندن/ میدیای نوێ | 51 | 5 | %91 |
| 8 | پ.ی.د. ڕزگار مەغدید ئەحمەد | ئامار | 53 | 3 | %94 |
| 9 | پ.ی. ڕەڤەز محمد صالح | ئامار | 55 | 1 | %98 |
| | کۆی گشتی | | 461 | 43 | %91 |

ژمارەی تەواوی بڕگەکانی پێوەر= 56

ژمارەی پسپۆڕان= 9

کۆی گشتی بڕگەکان= ژمارەی بڕگەکانی پێوەر x ژمارەی پسپۆڕان

9 x 56 = 504

بڕگە دروستەکان= 461

بڕگە نادروستەکان= 43

ڕاستێتی گشتی پێوەر= کۆی گشتی بڕگە دروستەکان/ کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەر x 100

100 x 504 / 461= %91

لێرەوە دەردەکەوێت تێکڕای گشـــتی پەســـــندکردنی بڕگەکان لەلایەن پســـــپۆڕانەوە دەکاتە (91%). کەواتە بڕگەکان لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە دەگونجێت.

# پاشکۆی ژمارە (٢)

# فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەی زانستی


**زانکۆی پۆلیتەکنیکی – هەولێر**

**کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی – میدیا**

**خوێندنی باڵا / ماستەر**


## فۆڕمی ڕاپرسی

ڕۆژنامەنووسی بەڕێز...

ئەم فۆرمەی لەبەر دەستی بەرێزتاندایە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانستی بەناونیشانی **(ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا)** ڕۆژنامەنووسان بە نموونە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە. وەک بەشێک لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بەشی میدیا، هاوکاریتان لە پڕکردنەوەی ئەم فۆرمە هەڵسەنگاندنی پرسێکی گرینگە، کە پرسی ڕۆژنامەنووسان و ڕەچاوکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییە، هەروەها هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی ئەم توێژینەوەیە و گەیشتنە بە ئەنجامێکی زانستی دروست.

لەگەڵ ڕێزدا

| سەرپەرشتیار | توێژەر |
|---|---|
| پ. ی. د. سامان جەلال مولود | لانە دیار حسن |

تێبینی:- تکایە نیشانەی (✓) لەبەردەم ئەوبژاردەیەی کەتۆ مەبەستتە،دابنێ.

## یەکەم: پرسیارە گشتییەکان:-

1. ڕەگەز: نێر ( ) مێ ( )

2. تەمەن: 18- 24 ( ) 25 -31 ( ) 32 - 38 ( )

39 – 45 ( ) 46 و زیاتر( )

3. ئاستی خوێندن: سەرەتایی( ) ئامادەیی( ) دبلۆم ( )

بەکالۆریۆس( ) دبلۆمی باڵا( ) ماستەر( ) دکتۆرا( )

4. ئەزمونی کارکردنت لە بواری ڕاگەیاندندا: کەمتر لە 5 ساڵ ( )

5 ساڵ بۆ 10 ساڵ ( ) 11 ساڵ بۆ 16ساڵ ( )

17ساڵ بۆ 22 ساڵ ( ) 23 ساڵ و زیاتر ( )

5. ناونیشانی کار: پەیامنێر ( ) هەواڵساز ( ) پێشکەشکار ( )

وێنەگر ( ) هی تر ( )

6. ڕۆژانە چەند کاتژمێر کاردەکەیت: 2-3 کاتژمێر ( ) 4-6 کاتژمێر( )

7 -9 کاتژمێر( ) 10 کاتژمێر زیاتر( )

دووەم: پرسیاری تایبەت بە توێژینەوە

تەوەری یەکەم : ئاستی بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا:

| ژ | پرسیارەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | بێلایەن | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکاندا دەکەن. | | | | | |
| 2. | ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بێلایەنانە هەواڵەکان بۆ جەماوەر دەگوازنەوە. | | | | | |
| 3. | ڕۆژنامەنووسان لەکاتی ڕومالّی ڕووداوەکان هەڵوێست و بیروڕای خۆیان تێکەڵ بە زانیارییەکان دەکەن. | | | | | |
| 4. | ڕۆژنامەنووسان پشت بە سەرچاوەی دیار وباوەڕپێکراو دەبەستن | | | | | |
| 5. | هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان هەواڵەکان زۆر قەبە و گەورە دەکەن. | | | | | |
| 6. | هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان هەواڵ و زانیارییە گرینگەکان بچوک دەکەنەوە یان دەشارنەوە. | | | | | |
| 7. | ڕۆژنامەنووسان هەواڵ و زانیارییەکان وەک خۆی بەبێ شێواندن و دەسکاری بڵاو دەکەنەوە. | | | | | |
| 8. | لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکە میدیاییەکان ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەی کوردی ناکەن. | | | | | |
| 9. | لە کاتی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، ڕۆژنامەنووسان پابەندن بە پێدانی ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی زانیارییە هەڵەکان. | | | | | |
| 10. | ڕۆژنامەنووسان پابەندن بە پاراستنی سنورەکانی ئادابی گشتی. | | | | | |
| 11. | ڕۆژنامەنووسان پابەند نین بە بڵاو نەکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی کە مەترسین بۆ سەر هەرێمی کوردستان. | | | | | |
| 12. | ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو پێویست ئاشنای پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان نین. | | | | | |

## تەوەری دووەم: لێکەوتەکانی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە خستنەڕووی پەیامە میدیاییەکاندا:

| ژ | پرسیارەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | بێلایەن | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | متمانەی خەڵک بە پەیامی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان زیاتر دەبێ. | | | | | |
| 2. | دەبنە ڕێگر لە بڵاوبوونەوەی کێشـــەی کۆمەڵایەتی و تێکدانی ژیانی تایبەتی کەسەکان. | | | | | |
| 3. | دەبنە ڕێگر لە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵ و زانیاری و فیلم و بەرنامانەی کە هاندەرن بۆ توندوتیژی و تاوانکاری. | | | | | |
| 4. | بایەخدانی ڕۆژنامەنووسان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ زیاتر دەبێت. | | | | | |
| 5. | دەبنە هۆی دروســتبوونی بەرپرســیاریەتی ڕۆژنامەنووســان لەگەڵ پرســە کۆمەڵایەتییە هەستیارەکان. | | | | | |
| 6. | باوەڕبوونی خەڵک بە ڕۆژنامەنووسان بە سەقامگیری سیاسیی و ئابووری زیاتر دەبێت. | | | | | |
| 7. | لێکنزیککردنەوەی پێکهاتە و کەلتورە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی کوردییدا زیاتر دەبێت. | | | | | |
| 8. | وادەکات ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵیان لە چاکسازی و پاراستن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە هەبێت. | | | | | |
| 9. | ئاســـتی گرینگیدان بە بەرنامەکانی هۆشـــیاری کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، سیاسی، یاسایی، تەندروستی زیاتر دەبێ. | | | | | |
| 10. | وادەکات ڕۆژنامەنووسان دەست نەخەنە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکان. | | | | | |
| 11. | ڕێدەگرێ لە شـــێواندنی کولتووری کوردی و تێکدانی بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە. | | | | | |
| 12. | دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بڵاوکردنەوەی بابەتی نابەجێ کە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگە نەگونجێت. | | | | | |
| 13. | دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو پەیـامـانەی کە کـاریگەری خراپ لەسەر پەروەردەی کۆمەڵگە و گەنج و منداڵ دروست دەکات. | | | | | |
| 14. | دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە کاڵبوونەوەی ئینتمای نیشتمانی لای خەڵک. | | | | | |
| 15. | دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و گوشـــــاری دەروونی لای هاوڵاتیان و وەرگرانی پەیامە میدیاییەکان. | | | | | |

تەوەری سێیەم: هۆکارەکانی کەمی ڕەچاوەنەکردنی بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا:

| ژ | پرسیارەکان | تەواو هاوڕام | هاوڕام | بێلایەن | هاوڕانیم | تەواو هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | ناکۆکی سیاسی و زاڵکردنی بەرژەوەندییە تاکەکەسی و حزبییەکان. | | | | | |
| 2. | سیاسەتی ڕاگەیاندنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان. | | | | | |
| 3. | کەمتەرخەمی کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕووی پیشەیی و ڕاهێنانی میدیاکارانەوە. | | | | | |
| 4. | جێبەجێ نەکردنی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و یاسا و ڕێنوێنیە میدیاییەکان. | | | | | |
| 5. | پابەندنەوبوون بە پەیماننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان. | | | | | |
| 6. | لاوازی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی خۆی ببینێت. | | | | | |
| 7. | نەبوون و لاوازی ڕێکخستنە یاساییەکان لە میدیای کوردیدا. | | | | | |
| 8. | کێبرکێی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە ئاسمانییەکان لەسەر گەیاندنی هەواڵی خێرا. | | | | | |
| 9. | هەموارنەکردنەوە و پەرەپێنەدان و کارانەکردنی یاساکانی تایبەت بە میدیا و گەیشتن بە زانیارییەکان. | | | | | |
| 10. | لاوازی ڕۆژنامەنووسان لە بەرامبەر فشارە ماددی و سیاسی و ئەمنییەکان. | | | | | |
| 11. | هەبوونی ململانێ لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکاندا. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 12. | نەبوونی دامەزراوەیەکی تایبەت بە چاودێریکردن کە لە پێشێلکاریی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان و ئاستی کوالێتی دامەزراوە میدیاییەکان بکۆڵێتەوە. | | | | | |
| 13. | کەمی ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا. | | | | | |
| 14. | کەم ئەزموونی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا. | | | | | |
| 15. | پابەند نەبوونی ڕۆژنامەنووسان بە ئیتیک و ڕێسا و یاساکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان. | | | | | |
| 16. | لاوازی ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە چاودێریکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان. | | | | | |
| 17. | ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر کەمی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان کردووە. | | | | | |
| 18. | گرینگیدان بە سەرنجڕاکێشان و ووروژاندن لە کەناڵە ئاسمانییەکان کاریگەری لە نزمکردنەوەی ئاستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسان کردووە. | | | | | |
| 19. | لاوازی ئاستی کوالیتی ناوەڕۆکە میدیاییەکان، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنووسانی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان کەمکردۆتەوە. | | | | | |

**Summary**

This research is entitled (Level of social responsibility of journalists in presenting media messages in Kurdish television channels), this research is the descriptive research type which is appropriate to the research methodology. In order to obtain data and accurate information, the researcher depended on mixed methods. The sample of this study is 200 journalists from Kurdish television channels, who were randomly selected. The researcher used two important mechanisms in this study: survey forms and interviews. The survey form consists of three topics distributed to journalists, as well as interviewing several teachers of the media department as media observers and academic elite in the cities of Kurdistan Region and asking several important questions about the social responsibility of journalists. The use of these two mechanisms in this research is intended to reach several important conclusions that were assumed from the beginning. The problem of this research is to show the level of social responsibility of journalists and television channels in presenting media messages. The main objective of this research is to find out the reasons why journalists do not commit to social responsibility and to reveal their level of social responsibility in presenting media messages. The importance of this research is that it serves journalists and Kurdish television channels to commit to the principle of social responsibility, and also presents the importance and consequences of observing social responsibility for journalists and television channels. It also consists of four main parts. This research has reached several important conclusions, including:

• Observance of social responsibility by journalists is relative, it means some journalists commit to the principle of social responsibility when presenting media messages to the peoples, while some of them have a weak level of responsibility, it means do not commit to this principle properly.

• In Kurdish society, due to the lack of awareness of some individuals and their desire to exaggerate problems and deepen the negative aspects of issues, encouraged negligence in observing social responsibility among some journalists.

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# Level of social responsibility of journalists in presenting media messages in Kurdish television channels

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Management at Erbil Polytechnic University in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Media

By
**lana Diyar Hassan**
BSc. Media-Erbil Polytechnic University- 2019

Supervised by
**Asst.Prof. Dr. Saman Jalal Mawlood**

Erbil, Kurdistan
january 2023